بەرێز صباح محمود.

بەرێز زاهر محمد.

بەرێز عبداس فتاح.

بەرێز عبدالستار مجيد.

بەرێز عبدالناصر احمد.

بەرێز عوسمان على.

بەرێز عوسمان كريم.

بەرێز على حمه صالح.

بەرێز فاهيك كمال.

بەرێز فەريد يەعقوب

بەرێز فەيسل عباس

بەرێز كاروان عبدالرحمن

بەرێز كازم فاروق

بەرێز كاروه عبدالقادر

بەرێز كلارا عوديشۆ

بەرێز گوليزار رشيد

بەرێز گالاوێژ عوبيد

بەرێز گولستان باقى

بەرێز گولستان سعيد

بەرێز گۆران عمر

بەرێز لەنجه ابراهيم

بەرێز لوقمان محمد حاجى

بەرێز ليزا فلك الدين

بەرێز ليلى عبدالجبار

بەرێز محسين حسين

بەرێز محمد سعدالدين

بەرێز محيدالدين حسن

بەرێز موژده محمود

بەرێز مسلم عبدالله

بەرێز مەم اسكندر مەم

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراو یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (١٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠١٩/٧/١١ :

١ - رزگار محمد محمود/ مۆڵەت
٢ - ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله/ ئامادەنەبوو
٣ - شنۆ اشقی عبدالله/ مۆڵەت
٤ - شیرین امین عبدالعزیز/ مۆڵەت
٥ - کاوە عبدالقادر حسن/ ئامادەنەبوو
٦ - محی الدین حسن یونس/ مۆڵەت
٧ - موژدە محمود محمد/ئامادەنەبوو

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئەگەر بە فەرمی رۆژی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان رایان گەیاندووە کە بایکۆتیان کردووە ئەوا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم بیسڕێتەوە، ئەگەر بە فەرمی داوایان کردووە و بە فەرمی ڕایانگەیاندووە کە بایکۆتیان کردووە دەسڕێنەوە لە غیابات، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بە گوێرەی ماددەی (٣٣) لە پەیڕەوی ناوخۆ و ئاماژە بە کۆبوونەوەی دەستەی سەرۆکایەتی لە هەفتەی پێشوو ئێمە بڕیارمان داوە لە رۆژی ٢٠١٩/٩/١ کە وەرزی تەشریعی دووەمە هەمان مامەڵەی دانیشتنەکانی پەرلەمان سەبارەت بە ئامادەبوون و ئامادەنەبوون لەگەڵ کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان دەکرێ تکایە بۆ ئاگاداریتان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستاش دەست دەکەین بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار.

بە پێی حوکمی ماددەی (٥)ی بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و ماددەکانی (٤٧ و ٤٨و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کات (١١)ی پێشنیوەڕۆ رۆژی پێنج شەممە رێککەوتی ٢٠١٩/٨/١ بەم شێوەیە بێت:

١-خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی بڕیاری دیاری کردنی رۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك رۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە داوای لە بەڕێزان لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی شەهیدان دەکەین بفەرموون بۆ ئەنجامدانی بەرنامەی کار، ئەگەر دەکرێ تەنها دەستەی سەرۆکایەتییەکان بن باشترە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە ئێمە شتێکمان لەبیر چوو بەخێرهێنانی د.ڤالا بوو، بە گەرمی بەخێرهاتنی جەنابیان دەکەین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەخێر بێن سەرچاو، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە بڕیار لەلایەن جێگری سەرۆکی لیژنە دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێت، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئێستاش دەست بە گفتوگۆ دەکەین لەسەر ڕاپـۆرتی لیــژنەی هــاوبەش ســەبارەت بە پێشــنیازە بڕیــاری دیــاری کردنــی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئیزیدییەکان، سەرەتا داوا لە لیژنەی یاسـایی دەکەم کە لە ناونیشـانەوە دەست پێ بکات و یەك یەك، مادەکان بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆ کردنیان بکەیـن، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی بڕیارەکە هەر لە ناونیشـانەوە خـاڵ بەخـاڵ لەلایەن بەڕێـز بڕیـاردەری لیـژنەی یاسـایی دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشــنیازی بڕیــاری دیــاری کردنــی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکــوژی (جینۆســاید)ی ئیزیدییەکان بەو شێوەیە.

**سوپاس بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ئەو بەڕێزانەی دەیـانەوێ قسـە لەسـەر ئەو ناونیشـانەوە بـکەن، بەڕێـزان ئەم نـاوانەی دەیخوێنمەوە داوایان کردووە گفتوگۆ بکەن، بەڕێزان (کاك مم، جمال حـویز، زکـری، هـدیە خـان، لەنجە خان، د.ڕێبوار، د.گەلاوێژ، شیرین خان، کاك فیصل، کاك کاروان، کاك سۆران، شیرین خـان) کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەرلەوەی لەسـەر ناونیشـانەکە ڕای خـۆم دەرببـڕم پرسـیارێکم هەیە بـۆ بەڕێـزان ئەنـدامانی لیژنەی یاسایی، ئایا پەرلەمان دەتوانێ یاسـایەك دەربکـات حکـومەتی عیراقـی مـولزەم بکـات بە جێ بەجێ کردنی یـاخود یاسـاکانی ئـێمە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان مـولزەم دەکـات، حەز دەکەم دوایی وەڵامی ئەوەمان بدرێتەوە، چونکە هیچ ئیلتزامێکی بـۆ حکـومەتی هەرێـم بـزانین چـۆنە لەنـاو یاسـایەکە کە جێـی سـەرنجە، دەبـارەی ناونیشـانی یاسـایەکە ئەوەی تێبینـی مـنە هەڵبەتە ناونیشانەکان پەیوەندی بە هۆیەکانی دەرچوواندن هەیە لەبەرئەوەی لەنـاو هۆیەکـانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە قسـە لەسـەر مـاف و ئیمتیـازات و قەرەبـووکردنەوەی قوربانیـان یـان ئاسەوارەکانی جۆینۆساید دەکات، بۆیە من پێشنیاز دەکەم ئەم یاسـایە هەڵبەتە ئەم بڕیـارە دوو نوقتەی گرنگ لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان دیـاری کردنـی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەکـو ڕۆژێکـی تـاوانێکی گەورەی ڕەشـەکوژی بەرامبەر بە ئیزیـدییەکان زائیـدەن لەنـاو یاسـایەکە قسـە لەسـەر قەرەبـوو کردنەوەیان ئەکرێ، بۆیە پێشـنیازی مـن بـۆ ناونیشـانەکە بەم جـۆرەیە پێشـنیازی بڕیـاری دیـاری

کردنـــی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکـــوژی واتـــا (جینۆســـاید)ی ئیزیـــدییەکان و قەرەبووکردنەوەیان، واتا (و) قەرەبووکردنەوەیان ئیزافە بکریَ بۆ ناونیشانەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جمال فەرمووە.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە عینوانی پرۆژەکە من پێشنیار دەکەم پێشنیازی دیاری کردنی ڕۆژی (٨/٣) هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئیزیدییەکان حساب بکرێت، هەموو ساڵێك.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز د.ڕێبوار فەرمووە.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵـبەتە دیـارە هەمـوو ناونیشـان و تـایتڵەك كە بـۆ پێشـنیازێك یـان پـرۆژە یاسـایەك كە بـۆ پرۆژەیەکی یاسایی دێتە پەرلەمان ئەبێ لەسەر ئاستی دوو ڕەگەز (من حیـث شکل ومـن حیـث مضـمون) ڕەنگـدانەوەی نـاوەڕۆکی پـرۆژەکە بـێ یـان پێشـنیازەکە بـێ، ئەوەی کە لە ئەحکـامی خیتامی و ماددەی یەك هاتووە کە ئەم پێشنیازە یاساییە تەنها بۆ ناساندنی کۆمەڵکوژی دەرهەق بە ئیزیـدیەکان نیـیە بەڵکـو بە دیـویکی تـر ئەم پێشـنیازە یاسـاییە بـۆ ئەوەیە کە قەرە بـووی کەسوکاری قوربانیان بکرێتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ناونیشـانی پێشـنیازەکە بەو شـێوەیەی خوارەوە لێ بێت:

پێشـــنیازی بڕیـــاری دیـــاری کردنـــی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکـــوژی ئیزیـــدییەکان و قەرەبووکردنەوەی کەسوکارەکانیان لەلایەن حکومەتی ئیتحادییەوە.

سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سۆران فەرمووە.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە هەرچەندە بە داخەوە پێکهاتەی ئیزیدی لە پەرلەمـان کورسـیان نیـیە، بەڵام پرسیارەکەم ئەوەیە بۆ نەنووسـراوە کـوردانی ئیزیـدی؟ چـۆن لە خـولی پێشـوو کاتێـك کە ئێمە دەستمان بۆ ئەم پرسە برد لە بۆ جینۆسایدی ئەم پرسـە بـۆ خۆیـان گلەییـان لـێ کـردین کە ئێـوە هەمیشـە پێمـان دەڵـێن ئیزیـدییەکان نـاڵێن کـوردانی ئیزیـدی، بـۆیە پێشـنیار دەکەم هەر کوردانی ئیزیدی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەدیە خان فەرمووە.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ل ڕاپۆرتا هەردوو لیژنەیەن یاسایی و لیژنا شەهیدان دەکەم کو ناڤ و نیشانێن پێشنیازا بڕیارا دیاری کرنا ڕۆژا ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژا کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئیزیدیەکان هەروەك خۆ بمینی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ناونیشانی پێشنیازەکە پێشنیاز دەکەم پێشنیازی دیاری کردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئیزیدییەکان و ماف و ئیمتیازاتەکانیان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ذکری فەرموو.

**بەڕێز ذکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش پشتگیریا کاك جکال دکەم پێشنیازا بڕیارا دیاری کرنا ڕۆژا ٣/٨/ ٢٠١٤ وەك ڕۆژا کۆمەڵکوژی جینۆسایدا ئیزیدیەکان پێشنیازی بڕیاری دیاری کردنی ڕۆژی (٨/٣)ی هەموو ساڵێك دابندرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز د.گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ دیاری کردنی ڕۆژێك بۆ ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئیزیدیەکان من پاڵپشتی لە هەدیە خان دەکەم پێشنیازی بڕیاری دیاری کردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئیزیدییەکان وەك خۆی بمێنێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕاپۆرت خۆی ئەسڵە، واتا ئەوەی لەناو ڕاپۆرت دایە ئەگەر هیچ پێشنیارێکی ئیزافی نەکرێ و ئیستسنایەك نەکرێ لەسەر ئەوەی کە لەناو ڕاپۆرتەکە هەیە بۆ خۆی وەکو خۆی دەخرێتە دەنگدان، لەبەرئەوە بۆ گەڕانەوەی کات داواتان لێ دەکەم کە بۆ قسە کردنەکانتان بۆ پشتگیری کردن نەبێ لەوەی کە ئەوەی کە لەناو ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دا هەیە، چونکە ڕاپۆرتەکە خۆی ئەسڵە، کە کەسیش پشتیوانی نەکرا دەخرێتە دەنگدان، ئەگەر شتێکی جیاواز یان ئیزافەتان هەیە بفەرموون قسەی لەبارەوە بکەن، کاك فیصل فەرموو.

**بەڕێز فیصل عباس عولا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی پێشنیازەکەی کاك جمال دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەنجە خان فەرموو.

**بەڕێز لنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە هەردوو لیژنەی ناوبراو دەکەین بۆ داڕشتنی پێشنیازی ئەو بڕیارە، بەڵام پێشنیارێکمان هەیە کە لە بڕگەی یەکە لە بری ئەو کوشتار و کۆمەڵکوژیانە باسی تاوانەکان، خاڵی دووەم تەنها ئەوەی بۆ زیاد بکەین ئەو تاوانانەی دەرهەق بە ئیزیدییەکان کراوە بە تاوانی کۆمەڵکوژی هەژمار بکرێ ئینجا ڕۆژی (٣/اب) بە ڕۆژی کۆمەڵکوژی و جینۆساید هەژمار بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێ، بەڵام هێشتا لە گفتوگۆی ناونیشانەکەین، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە دیاری کردنی ڕۆژێك بۆ هەر بۆنەیەك پێویست ناکات ئاماژە بە ساڵ بکرێ، پشتگیری لە وتەکانی کاك جمال دەکەم ناونیشانەکە بەم شێوەیەی لێ بێت پێشنیازی بڕیاری دیاری کردنی ڕۆژی (٨/٣) هەموو ساڵێك وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئیزیدیەکان بەم شێوەیەیە بێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە من لەگەڵ ئەوە نیم بەڕاستی کە وشەی یان ناوی کوردانی ئیزدیان لێ بندرێت، لەبەرئەوەی خۆیان کوردن ئەوان، ..... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سەروان نابێ قسە لەسەر قسەی هاوڕێکانت بکەی، فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە من دەمەوێ شتێك ئیزافە بکەم هەر نەتەوەیەك خۆی لە دین و لە هۆز و لەوانە پڕە، یەعنی خۆیان کوردن، ئەگەر کوردانی ئیزیدی پێوە لکێنرا کەواتە وجود بۆ خەڵکانێکی تر دادەنرێت کە ئیزدین، بەڵام کورد نین، یەعنی ئیزیدی کوێ بوون، یەعنی ئیزیدی چ نەتەوەیەکی تر بوون، بۆیە دروست لەگەڵ لیژنەی یاسایی و لیژنەی شەهیدانم کە ناونیشانەکە وەکو خۆی بمێنێ و بهڵدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایتڵی پێشنیازە یاسایەکە لەگەڵ ماددەی دووەمی یاسایەکە تەناقوزات دروست دەکات، لە پێشنیازەکەدا تا ساڵێکی دیاری کراو هاتووە کە لە ماددەکە دا بە هیچ شێوەیەك باسی ساڵ ناکات تەنها ڕۆی (٣/ب) دیاری کراوە پێموایە کە یاسا بۆ ڕۆژێك و دوو ساڵێك دەرناکرێت بەڵکو بۆ چەند ساڵێك و بۆ ماوەیەکی زۆر، بۆیە تحدید کردنی کات بە ساڵێکی دیاری کراو پێویستە گۆڕانکاری بەسەر دابێت، پێنشیاز دەکەم وەکو کاك جمال پێشنیازی بڕیاری دیاری کردنی ڕۆژی (٨/٣) هەموو ساڵێك وەکو ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئیزیدییەکان بەو شێوەیە بمێنێتەوە، پشتیوانی قسەکانی کاك جمال دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی پێشنیازەکەی کاك جمال دەکەم کە دیاری کردنی ساڵێك ناکرێ کە هەموو ساڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز أبوبکر هەڵەدنی، فەرموو.

**بەڕێز أبو بکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە تێکەڵاوییەك هەیە لە ناونیشانی پێشنیازە بڕیارەکەدا، ئێمە دەمانەوێ ئەمڕۆ (٨/٣)ی هەموو ساڵێك وەکو ڕۆژی ناساندن و دیاریکردنی جینۆسایدی ئێزدییەکان بناسێنین، بابەتی قەرەبووکردنەوە و ئاوەدانکردنەوە و نەهێشتنی شوێنەوارەکانی کاوڵکاری ئەوە بابەتێکی ترە، پێویستی بە تەزامون و هاوکاری نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی هەیە، ئێمە لەبەر ئەو هۆیە من پێموایە تەنها دیاریکردنی ئەو ڕۆژە وەکو ڕۆژی جینۆساید، پێداویستییەکانی جینۆساید کە ساڵانە پێویستی بە مەراسیم هەیە، فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەیە، لۆبی دەرەوە هەیە، چالاکی جۆر بەجۆر هەیە، پێویستە وەزارەتەکانی پەروەردە، خوێندنی باڵا، ڕۆشنبیری بێنە سەر خەت لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرێتە مەنهەجی خوێندن، ئەوە ئەم بابەتەیە بابەتی قەرەبووکردنەوە و زیان لێکەوتوان، ئەوە پێویستی بە یاسایەکی تر هەیە، پێموایە کاتێك کە حکومەتیش دێتە سەر خەت ئەوە باشترە بەڕای من، بۆیە جیابکرێتەوە، ئێمە تەنها باس لە ڕۆژی ناساندنی ئەم ڕۆژە بکەین وەکو جینۆسایدی ئێزدییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك کاوە عبدالقادر، دەستتان خۆش بێ کاك أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە كۆبوونەوەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی شەهیدان و ئەنفالكراوان باسمان لەوە كرد كە ساڵەكە (٢٠١٤)ی لێ بكەینەوە، لەبەر ئەوەی وەكو برادەران باسیان كرد كە ئەم یادە بەردەوامە و ساڵانە دەكرێتەوە، ئەو ڕۆژەش هەم یادەكەیە و هەم بۆنەكەیە، بۆیە (٢٠١٤)ەكە زیاد بوو، دەبوایە هەر لەسەرەتاوە (٢٠١٤)كە نەبوایە، چونكە پێشتر ڕێككەوتنی لەسەر كرابوو، سەبارەت بە پێشنیازەكەش لە (٨/٣) ئەگەر تەماشای ماددەی دووەم بكەین دەڵێین (٣)ی ئاب بە ڕۆژی كۆمەڵكوژی دیاریكراوە)، بۆیە من پێشنیاز دەكەم بەو شێوەی لێ بكرێ (پێشنیازی بڕیاری دیاریكردنی ٣ی ئاب وەك ڕۆژی كۆمەڵكوژی جینۆسایدی ئێزیدییەكان).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش داوا لە بەڕێز د.ڤالا وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان دەكەین بۆچوونی خۆی لەو بارەیەوە بخاتەڕوو، فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید إبراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان،**

ئێمە لەگەڵ ئەوەین كە پێشنیازی بڕیاری دیاری كردنی ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەكو ڕۆژی كۆمەڵكوژی جینۆسایدی ئێزیدییەكان وەكو خۆی بمێنێتەوە، بە نیسبەت ساڵەكە پێویستە لە عینوان دا دائیمەن ساڵەكە تەحدید بكرێ، چونكە دوای بیست ساڵی دیكە، دوای سی ساڵی دیكە كەسێك دێ پرۆژە یاساكە دەخوێنێتەوە نازانێ لە چ ساڵێكە ئەو تاوانە و ئەو جینۆسایدە دەرحەق بە ئێزدییەكان ئەنجام دراوە، بۆیە زۆر گرنگە لە ناو عینوان دا ساڵەكە بمێنێتەوە و لە هەمان كات دا لە ناو مەتن دا ئیشارەت دراوە لە ماددەی (٢)دا ئیشارەت دراوە، ئیشارەتمان بەوە داوە كە كۆبوونەوەمان كردووە لەگەڵ لیژنەی یاسایی و ڕەئی خۆمان داوە كە پێویستە بگوترێ (٣)ی ئابی هەموو ساڵێك، بەڵام ناكرێت دوای چەند ساڵی دیكە كە كەسێك دێ، باحیسێكە، كەسێكە دەیەوێ بزانێ ئایا جینۆسایدی ئێزدییەكان لە چ ساڵێك ڕوویداوە بگەڕێتەوە بۆ قانونێكی دیكە بۆ ئەوەی ساڵەكەی بزانێ، بۆیە بگەڕێنەوە بۆ دیاری كردنی ڕۆژی شەهیدكردنی شاری هەڵەبجە ساڵەكەی دیاریكراوە، بگەڕێنەوە بۆ قانونی هۆلۆكۆستی جولەكەكان لە ناو عینوانەكەدا ساڵەكەی دیاری كراوە، بۆ ئەوەی قاریئ بزانێ لە چ ساڵێك تاوانەكە ئەنجام دراوە، ئەوە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم ئەوەی كە كوردانی ئێزدی ئیزافە بكرێت خۆی ئەوانە كوردن لە ئەصڵ دا، منیش تەئیدی ئەوە دەكەم نە كوردانی فەیلی، نە كوردانی ئێزدی ئەوانە بە ئەصڵ و بە ڕەچەڵەك كوردن، بۆیە نابێت موستەڵەحی (كورد) لە پێشیان دابندرێ یان لە دوایان وەكو پاشكۆیەك، خاڵی سێیەم كە گوترا مەسەلەی قەرەبوو ئیزافە بكرێت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، قەرەبوو كردنەوە ئاسەواری بڕیارە، قەرەبوو كردنەوە، دابین كردنی ماف و ئیمتیازات، دائیمەن بە ئاسەوار دێ بۆ بڕیارەكان، تۆ كە گوتت پێشنیازی بڕیاری من ناوی دیاری كردنی ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەكو ڕۆژی جینۆسایدی ئێزیدییەكان وەكو ئاسەوارێك بەدوایدا دێت، قەرەبوو كردنەوە، ماف و

ئیمتیازات، موحاکەمەی جانی و ئەو موجریمانەی کە تاوانەکانیان کردووە، بۆیە ئێمە پێمانوایە کە عینوانەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموون لیژنەی قانونی و لیژنەی شەهیدان قسەی خۆتان لەو بارەیەوە بکەن.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مە ڤێ تە کاتی بگرم، پتریا ئاخافتنێت مە هەی وەکو لیژنەی یاسایی بەڕێز د.ڤالا وتن، ژبەر کو هاوبەش هەبوو هەندێکمان موتەفیق بووین سەر ڤان ئەنجاما کوت ڤێ پێشنیازا بڕیارێ دا جێی خۆ گرتی، ژ بەرهەندێ من ناڤێ تە تیکرار بکەم، ئەگەر بەڕێز جێگرێ سەرۆکی لیژنە یاسایی قسەی بکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی شەهیدان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئێمەش هەمان تێبینی د.ڤالامان هەیە بەڕاستی کە ساڵەکە لەبەر ئەوە دیاری کراوە کە بزانرێ لەو ساڵە ئەو کارەساتە ڕوویداوە، ئەو کۆمەڵکوژییە، بۆیە وەکو لیژنەی یاسایی و لیژنەی شەهیدان لەگەڵ بۆچوونەکانی د.ڤالاین ئێمەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لە لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی دەکەم ئەو پێشنیارانەی کە زیاتر لە دوو سێ کەس داوای کردووە، سێ کەس یان زیاتر دۆکیومێنتی بکەن بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی خۆیان وەکو بۆچوون و بۆ ئەوەی لە داهاتوو بخرێتە دەنگدان ئامادەکاری بۆ بکەن، فەرموون ماددەی یەکەمی یاساکە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی قانونی.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ ئەو کوشتار و کۆمەڵکوژی یە جینۆسایدەی دەرحەق بە ئێزدییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجام درا خەسڵەتی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لە خۆ دەگرن کە تاوانی نێودەوڵەتین و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی کۆماری عیراقی فیدراڵ بەرپرسیارێتی قەرەبووکردنەوە و دابین کردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانییان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ دەیەوێ گفتوگۆ لەبارەی ئەو ماددەیەوە بکات تکایە با دەست بەرز بکاتەوە؟ ئەم ناوانە نووسراون بۆ گفتوگۆ:

- كاك سۆران
- كاك مەم
- كاك أبوبكر
- كاك كاوە عبدالقادر
- لەيلا خان
- كاك وەيسى
- هديە خان
- كاك هێڤيدار
- كاك كازم
- كاك سيپان
- سەرچنار خان
- كاك بەڵێن
- رووپاك خان
- كاك زياد
- كاك سروان
- كاك مەلا ناصر
- د.شايان
- كاك موسليم
- مۆژدە خان
- د.گەلاوێژ
- كاك محمد سعدالدين
- د.رێبوار
- كاك جلال
- كاك پێشەوا
- حسيبە خان
- گوڵيزار خان
- د.زيدان
- كاك حكمت
- كاك عبدالستار
- شنۆ خان
- كاك هاورێ
- بەڵێ كاك سۆران، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خولی پێشوو ئەم كەيسە وەكو كەيسی جينۆسايد پەرلەمانی كوردستان بردیە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، ئەمڕۆ ئێمە قسە لەسەر دياريكردنی ڕۆژی جينۆسايدی ئێزيدييەكان دەكەين، لە كاتێك دا تەنها پەرلەمانی كوردستانە بەم بڕيارەی ئەمڕۆی ئەو ڕۆژە بە جينۆسايد دەناسێنرێ، تا ئێستا لە هيچ دادگايەتی ناوخۆيی و دەرەكی ئەم تاوانانە نەچۆتە ئەو پرۆسەی دادگايی كردن و جينۆسايد ناساندنە، بۆيە ئەوە بڕيارێكی سياسييە، بەڵام هاوكات بيری ئەوە دێنمەوە كە ئەو كەيسە ليژنەی مافەكانی مرۆڤ لە خولی پێشوو بردوومانەتە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای و ئەو ڕۆژەی كە پاش مانگێك لەو تاوانانەدا ئەو كەيسە براوەتە دادگای لاهای، برای بەڕێز كاك ئايدن معروف كە ئەو كاتە وەكو پێكهاتەی توركمان هاتبوو، بەڕێز شێخ شامۆ كە پەرلەمانتارێكی فراكسيۆنی پارتی ديموكرات بوو بۆ خۆی ئێزيدی بوو بەشدار بوو تيايدا، بەڕێز (ئيمريك رۆجەر) كە دادوەری داواكاری گشتی نووسينگەی بەڵگە و زانياری بوو لە دادگای لاهای، بۆ خۆی فۆرمی سكاڵاكەی بۆ پڕكردينەوە، ڕاستە عيراق ئەندام نيە لە (I CC) لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی، بەڵام لە پاش دوايين وەڵاميان ئەوەيان بە ئێمە وت كە ئەوان خۆشحاڵن لەم تاوانانە بكۆڵنەوە و ئەوە هەر چوار ڕووكنەكەی تاوانی نێودەوڵەتی لەو ناوچانە ئەنجام دراوە، بەڵام ڕێگری هەيە لەوەی عيراق ئەندام نيە، سەرەڕای ئەو هەوڵانە ئەوان ڕێگايەكيان بۆ بينينەوە كە ئەم كەيسە تا ئێستا بە داخەوە لێرە وەستاوە، ئومێد دەكەم دوای ئەو بڕيارە جارێكی تر بەدەمەوە هاتنی لايەنە پەيوەنديدارەكان بەتايبەت ئەنجومەنی ئاسايشی هەرێمی كوردستان بۆ بەدەمەوەچوونی ئەم كەيسە و حكومەت كە ليژنەی هەبوو لە خولی پێشوو لە كابينەی پێشوو جارێكی تر ئەم كەيسە ئەكتيڤ بكرێتەوە و هەوڵەكانمان، تەركيزەكانمان لەسەر ئەوە بێ لە دادگای لاهای بەو ڕێگايەی ئەوان لە نامەی دواييياندا ئاماژەيان پێكردووە بگەينە دادگايی كردنی ئەو تاوانبارانە، من پێشنيار دەكەم بڕگەی يەكەم لەم بڕيارە بەم جۆرە بێ، چونكە دەبێ سەرەتا ئێمە پەرلەمانی كوردستان بە جينۆسايدی بناسێنين، پاشان ڕۆژەكە بكەينە جينۆسايد، بۆيە پێشنيار دەكەم بەم جۆرە بێ، بڕگەی يەكەم:

به جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانەی کە دەرحەق بە ئێزیدییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی داعش ئەنجام درا چونکە خەسڵەتی تاوانەکان کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لە خۆ دەگرن کە تاوانی نێودەوڵەتین.
بڕگەی یەکەم تەسبیتی ناساندنی جینۆسایدەکە لە بڕگەی دووەم رۆژەکە دەکرێ بە رۆژی جینۆساید و تەناقوز هەیە لەو برگەیەی کە لیژنەی پەیوەندیدار دایانناوە، تۆ دەڵێی رێکخراوی تیرۆریستی دواییش دەڵێی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (ناسراو بە داعش) رێکخراو دەوڵەت نیە، دەوڵەتیش رێکخراو نیە، ئەوانە مونەزەمەیەکی ئیرهابی بوون، بۆیە دەقیق رێکخراوی تیرۆریستی بەڕاستی ئەوانە حەیفە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی (دەوڵەت) ئیسلامیشیان بچێتە سەر، ئەوانە رێکخراوێکی مونەزەمەیەکی ئیرهابی بوون، بۆیە خۆیان چیان لە خۆیان ناوناوە ئێمە بەوە نەیانناسێنین، بەوە بیانناسێنین کە ئەوانە مونەزەمەیەکی ئیرهابین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە کە لە ماددەی یەکەم دا هاتووە من پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا أبوبکر هەڵەدنی دەکەم کە دژبەیەکێك هەیە لە بەینی ناساندنی رۆژی (٣/٨) وەك رۆژی جینۆسایدی ئێزیدییەکان و لەگەڵ قەرەبووکردنەوەیان، بۆیە هاوکات لەسەر ئەو ڕوونکردنەوانەی کە کاك سۆران عمر دای پێویست دەکات ئێمە لە ماددەی یەکەم رۆژەکە وەك جینۆساید بناسێنین و دیاریکردنی رۆژەکە کە چۆتە ماددەی (٢)، ئەو فەقەرەی کە تایبەتە بە قەرەبووکردنەوە و دابین کردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان کە خراوەتە ئەستۆی دەسەلاتە دەستوورییەکانی کۆماری عیراقی فیدراڵ، فیعلەن پێش ئەوە پێویست دەکات لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوە بدات کە ئایا ئێمە دەتوانین حکومەتی فیدراڵ ئیجبار بکەین بە قەرەبوو کردنەوە، ئەگەر بتوانین ئەوە بکەین پێویست دەکات ئەو تێکەڵێیە لە بەیتی ماددەی یەکەم هەم بۆ جیاکردنەوەی یەعنی پێشنیازەکە بەم شێوازە دەکەم کە ئەو کوشتار و کۆمەڵکوژییەی جینۆساید دەرحەق بە ئێزیدییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن رێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ناسراو بە داعش ئەنجام درا خەسڵەتی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لە خۆ دەگرن کە تاوانی نێودەوڵەتین، فەقەت لێرە بوەستێ، وەکو باسم کرد مەسەلەی قەرەبوو کردنەوەکەیان بکرێتە بڕیارێکی تر یان پرۆژە یاسایەکی تر و ئەگەر نەمانتوانی ئەوە بکەین پێویستە لە ماددەی سێیەم دا کە دەڵێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حەکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات لە ژێر رۆشنایی ڕوونکردنەوەی لیژنەی قانونی دەبێ ماددەکە وای لێ بکرێ کە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان بە هەماهەنگی دەسەلاتە دەستوورییەکانی کۆماری عیراقی فیدراڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی پەیوەندیدار بۆ پێشنیازی بڕیاری دیاری کردنی ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەکو ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان، سەبارەت بە خاڵی یەکەم پشتگیری ڕاپۆرتی هەردوو لیژنە دەکەم وەك خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە ڕاپۆرتی لیژنە ئەصڵە، خۆی موئەهەلە حازر کراوە بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدرێ وەکو یەکێك لە بڕاردەکان، تکایە کاتی خۆتان بەوە مەکوژن کە پێشنیاری پشتیوانی لە پێشنیارەکەی لیژنەی تایبەتمەند بکەن، زۆر سوپاس، کاك أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله (أبوبکر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر ئەو پێشنیارەی کە لە عینوانی پێشنیازە بڕیارەکەدا کردم پێموایە هەتاوەکو ئەو شوێنەی کە دەڵێ تاوانەکانی جەنگ لەخۆ دەگرن کافیە، مەسەلەی قەرەبوو و دابین کردنی ماف و ئیمتیاز لابرێ، دووەم/ حەز دەکەم دەستەواژەیەك ڕاست بکەمەوە زۆرێك لە بەڕێزان دیارە بە لائیرادییانە دەبێ بڵێین ئێزیدییەکان نەك ئێزیدییەکان هەر لێرەش ئەو نووسینە ڕاست بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس،کاك زیاد، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (١) بەڕای من لە ناوەڕۆکدا یەکێکە لە ماددەی باشەکان بەڵام چەند سەرنج و تێبینییەك لە ڕووی زمانەوانییەوە یەك، دووەم/ دەستنیشان کردنی ماددەیەکی دەستووری بۆ مولزەم کردنی عیراق من پێشنیار دەکەم کە ماددەی (١) بکرێتە (٥) بڕگە بەم شێوەیە:

١ - ئەو کوشتار و کۆمەڵکوژییەی دەرحەق بە ئێزیدییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەنجام دران خەسڵەتی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی جینۆساید دژ بە مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرن.

٢ - هەموو ئەو تاوانانەی لە بڕگە (١) ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە کردەوەی تیرۆریستین لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ناسراو بە داعش ئەنجام دراون.

٣ - ئاماژە بەبڕگەی (٢) لە ماددە (١٣٢)ی دەستووری هەمیشەیی عیراقی فیدراڵ دەوڵەتی عیراق بەرپرسە لە قەرەبوو کردنەوە و دابین کردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە.

٤ - حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە دانوستان و هەماهەنگی بۆ وەدەستهێنانی مافی کەس و کاری جینۆساید کراوان لەبەر رۆشنایی بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە.

٥ - حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە دروست کردنی مۆنۆمێنتێك بۆ بە دۆکیومێنت کردنی بەڵگەکانی تاوانەکە.

زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشی بۆ هەردوو لیژنە بۆ کارکردنیان لەم بابەتە، دیارە لە هەموو جەنگێك دا ئافرەتان و منداڵان قوربانی سەرەکی جەنگن و لەو کارەساتەی کە بەسەر شنگال و بەسەر ئێزیدییەکان دا هات ئەوە بە زەقی بینرا، کە بە دەرەجە یەك ئافرەت تێیدا بە شێوەیەکی زیاتر لە هەموو پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگە یان لە هەموو ڕەگەز و تەمەنەکانی دیکەی کۆمەڵگە بوونە قوربانی، پێمباشە و پێشنیاز دەکەم ئایا زیاد دەکرێتە سەر ماددەی یەکەم یان بە خاڵێکی دیکە ئیزافە دەکرێت، ئەم بابەتە زیاد بکرێت، منداڵان و ئافرەتان قوربانی گەورە بوون، ڕزگاربووانی دەستی ئەم تاوانەش دەبێ بەڕێزەوە لە ناو کۆمەڵگە سەیریان بکرێت و منداڵانی ڕزگاربووش دیسان کەسایەتیان بونیاد بنرێتەوە بە هۆی ئەوەی کە بەشێکیان چەند ساڵێك لە ژێر دەستی داعش بوون هزرێکی توندڕەویان وەرگرتووە، ئەوە کاریگەری دەبێت کە ئەوان لەسەر ئەم بابەتە پەروەردە بن و ئەو هزرە توندڕەوییە لە ناو مێشکیان دا بمێنێتەوە، هەروەها ئەو ئافرەتانەی کە کڕین و فرۆشتنیان پێوەکراوە و چەکدارانی داعش بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە و دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، دەبێت لە کۆمەڵگەدا بە ڕێزەوە سەیر بکرێن و بێ ڕێزی کردن بەم کەسانەی کە قوربانین و ڕزگاربووی دەستی ئەم تاوانەن وەکو تاوان سەیر بکرێت و مامەڵەی یاسای لەگەڵ ئەو کەسانە ئەنجام بدرێت کە بە چاوێکی جیاواز سەیری ئەو جۆرە ئافرەتانە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم لەگەڵ ئەوەم وەکو خۆی بمێنێتەوە بەڵام زیادکردنەوەیەك هەبێت بۆ ئەوەی بەدواداچوون هەبێت لەگەڵ حکومەتی عیراق لیژنەیەکی مەعنی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گفتوگۆکردن و وەرگرتن و داکۆکی کردن لە مافەکانی قوربانییەکان لە عیراق ئەم لیژنە دروست بکرێت و زیاد بکرێت، ئەم لیژنەیەش مولزەم بێت بەرامبەر پەرلەمان هەموو هەنگاوەکان بۆ کێ گەیشتن؟ گەیشتنە کوێ؟ لێرە ئاگادار بکرێتەوە یان لێرەش چاودێری هەبێت، هەروەها ڕیزی سێیەم (خاسلەت) (خەسلەتە) لە ڕووی ئیملائییەوە چاك بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك کاوە عبدالقادر، فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە دوو دێڕی کۆتایی کە دەڵێ دەسەڵاتە دەستوورییەکانی کۆماری عیراقی فیدراڵ بەرپرسیارێتی قەرەبوو کردنەوە و دابین کردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرێت، لێرە هەر وەك پێشتریش راوێژکاری یاسایی کاك هیوا حامد ئەو روونکردنەوەی لەسەر داوە، لەوەی کە پشت بە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٣٢)ی دەستووری عیراق دەبەستێت دەڵێ (تکفل الدولة) باس لە پابەندبوونی دەوڵەت دەکات، لێرە ئێمە ئایا دەتوانین وەك پەرلەمانی کوردستان حکومەتی عیراق، حکومەتی ئیتیحادی مولزەم بکەین بەوەی قەرەبووی ماددی کەس و کاری یاخود کەس و کاری قوربانیان بکاتەوە؟ ئەوە خاڵی یەکەم، دووەم کە دەڵێین باسی دەوڵەت دەکەین ئێمە تا ئێستاش بەشێك نین لەو دەوڵەتە؟ بەشێکین لە دەوڵەتی عیراق، کەواتە مادام ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان یاسایەك دەردەکەین یاخود بڕیارێك دەردەکەین ئەو بڕیارە تەنها لە دەسەڵاتی یاخود دەتوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێی بکات، پێتانوانیە دواتر دەبێتە بار بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو ئیلتیزاماتە ماددیە یاخود ئەو قەرەبوو کردنەوەیە جێبەجێ بکات، بۆیە بە بڕوای من ئەوە ئەرکی نوێنەرانی کوردە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق کە ئیش لەسەر ئەوە بکەن کە بە پێی بڕگەی دووەمی ماددەی (١٣٢)ی دەستوری عیراقی کە قەرەبووی کەس و کاری قوربانیانی جینۆساید یاخود تاوانی ئێزیدییەکان بکرێتەوە و ئیش لەسەر ئاوەدانکردنەوەی شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری بکرێت، پێموایە ئەوە ئەرکی نوێنەرانی کوردە لە بەغدا، نەك لە پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ڕوپاك خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕووپاك أحمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم پێمباشە بکرێتە دوو بڕگە واتا یەکەم بکرێتە دوو بڕگە لە بڕگەی یەکەمیان تەنها ناساندن بێ، بۆ ناساندنەکەش پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاك سۆران و کاك بەڵێن دەکەم، بڕگەی دووەمیان بە پێی بڕگە (٢) ماددەی (١٣٢)ی دەستوری کۆماری عیراق هەرێمی کوردستان مولزەمە بە جێبەجێ کردنی ئیلتیزامە دەستورییەکان لە سنووری دەسەڵاتی تایبەتمەندی خۆی، چونکە لە تایبەتمەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێم نیە کە حکومەتی ئیتیحادی ئیلزام بکات بەدەرکردنی حوکمێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر أحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی یەکەم پشتگیری پێشنیارەکەی مامۆستا زیاد دەکەم کە سەرجەم ئەو پێنج بڕگەیە جێبەجێ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك د.ڕێبوار، فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی کە ئەو گومانانەی لە ئەنجامی موداخەلاتی هەندێ لە برادەران پەرلەمانتارە بەڕێزەکان خرایەڕوو کە گوایە ئایا ئێمە پشت ئەستوور بە چ دەقێکی یاسایی و بە چ کۆنتێستێك داوا لە قەرەبوو کردنەوە بکەین لە حکومەتی ئیتیحادی؟ من لێرەوە بە پێویستی دەزانم وەکو پێشنیار بخەمە ڕوو کە ئەوە ئیزافە بکرێ لە ماددەی یەکەم بەو شێوەیەی خوارەوەی لێ بێت، ماددەکە وەکو خۆی بمێنێ بەڵام بەو ئیزافەیەی خوارەوە:

دەسەڵاتە دەستوریەکانی کۆماری عیراقی فیدراڵ بەرپرسیارێتی قەرەبووکردنەوە و دابین کردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرێت بە پێی حوکمی ماددەی (١٣٢) برگە (٢)ی دەستوری عیراقی. چونکە لە ماددە (١٣٢) برگە (٢)ی دەستوری عیراقی دا هاتووە (تكفل الدولة تعويض أسر الشهداء و المصابين نتيجة الأعمال الإرهابية)، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گلیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئێمە چ گومانێکمان نیە لە برگەی یەکەم هەموو ئەرکانی جەریمەی جینۆسایدی تێدایە، بەڵام لە ئاخیری ماددەکە ئێمە ناتوانین ئیلزامی حکومەتی عیراقی بکەین وەکو پەرلەمانتاری کوردستان، ناتوانێ ئیلزامی حکومەتی عیراق بکات، چونکە وەکو یاسا خاریجی صەلاحییەتی پەرلەمانی کوردستانە، دەتوانین ئیعادەی صیاغەتی ئەم ماددەیە بکەین بە جۆرێك هەموار بکرێتەوە کە ئیشکالیەتی یاسایی تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سیپان، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کوشتار و کۆمەڵکوژی و وێرانی و دیار نەمانا کچ و ژنێن ئێزیدی لە جینۆسایدا ئێزیدییان کو لە (٢٠١٤/٨/٣) لە شنگالێ ڕوویدای، گەلەك ژوێ چەندین مەسترا وەکو ئەڤرۆکە بەتەنێ بەحس لێ دانانا ڕۆژەکی بکەین لێ دیار کرنا ڕۆژەکەشی چەندەکیش برینێن کوردێن ئێزیدی سارێژ دکاتن ژ بۆ یەکی هەر هیچ نەبێتن ئەڤ سال ڕۆژا بیلا خەلکی بمریتن لە مێژوویا میللەتی کوردا بێتە تۆمار کرن کو جینۆسایدەك بگەڕێین بەسەر میللەتی کورد هاتیە وەکو کوردین ئێزیدی لە شنگال و دەڤەرێن دیێن کورد نشینێن ئێزیدی، لەوڕا لە بێ پێشنیارا خاڵا یەکەما بی پێشنیارا یاسایی کو دبێژم ڕەنگی خاری بیتن بەحس لە قەرەبوو کردن ناوی چەندی نەکەین، چونکە بەتەنێ بەحس لێ دانانا ڕۆژەکی دکەین ك جینۆسایدا ئێزدیان دیار کرنا ئیمتیازات و ماف و قەرەبوکرن و

ئاڤەدانکرنا شنگال و دەڤەرێن دی و پێدانا ئیمتیازاتێن تایبەتن بۆ وان کەسێن کو ژ دەستێن داعش رزگار بووین و دیار کرنا چارەنقیسێ کچ و ژنێن ئیزیدی کو حەتا نووکە چارەنقیسی وان دیار نینە وەکوپتر ژ هەزارکچ و ژنی ئێزیدی چارەنقیسی وان دیار نەمایە ئەڤە گرینگە کو چەنەکا پیاسەیەکا دی چەند خالەکا دی بهێتە روونکرن دێ پرۆژە یاسایێدا، لەورا پێشنیار کردن کو ئەڤ خالەك کەم ببی رەنگی بیتن، ئەو کوشتار و کۆمەڵ کوژی جینۆسایدا دەرحەق بە ئێزیدیان ل ناوچەێن کوردستانی و دەرەوەی ئیدارەی هەرێمێ کوژلایەك رێخراوا تیرۆرستییە دەوڵەتا ئیسلام لە عیراق و شام ناسیار بە داعش هاتینە ئەنجامدان خەسلەتەکانی تاوان و جینۆساید تاوانێن دژی بە مرۆڤایەتی بە تاوانێن جەنگی لخۆ دگرن کو تاوانێن تاوانێ نێودەولەتینە، بەلك و لایەنی دی دوو دێری دی بهێنە ژێ جودا کرن نەمینن وەکو دەسەڵاتداریا دەستووریەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ و بەرپرسیاریەتی قەرەبووکردنەوەی و دابینکردن ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنی ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرن پێویست ناکات ئەوڤە دڤێ خالێدا ببیت بەلك و پێدڤێت یاسایەکا دیا تایبەت ژبۆ قەرەبووکرن و ئاڤەدانکرنا ڤێ دەڤرێ بهێتە دانان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (عبدالستار) فەرموون.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا سەبارەت بە ماددەی یەکەم دوو سەرنجم هەیە، یەکەمیان پشتگیری ئەوەی کاك (سۆران) دەکەم بەڵام بەو تەوزیحە کە رێخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام ناسراو بە (داعش)، خۆی ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامی بێت نابێت ڕێکخراوێکی تیرۆرستی بێت، ئەگەر ڕێکخراوێکی تیرۆرستییە بەراستی دەولەتی ئیسلامی نییە، وە عیلاقەی هیچ بە دەوڵەتی ئیسلامیشەوە نییە، وە ئێمە وەکو میللەتێکی موسلمان قەت نابێت بەراستی بچینە ژێر باری ئەوەی کە ڕێخراوێکی تیرۆرستی کە هەرچی سیفات و خەصلەتەکانی تیرۆرستی هەیە بە زیادەوە تێیدابێت، کە پێش ئەوەی کە قەومێك یان تایفەیەك کە موسلمان نین کوشتنی حەڵاڵ دەکات میللەتێکیش کە موسلمانە بە نوخبەی دەزانێ کە مورتەدەکەی پێی وایە پێشتر دەبێت بکوژرێت، چونکە ئەوە ئیرتیداد بووە و وە هەڵگەراوەتەوە لە دین، وە بە تایبەتیش سەرانی مەسەلەن خەڵکی ئیسلامی و حەرەکات و جموجۆلی ڕێخراوە ئیسلامییەکان کە هەر لە عێراق و کوردستان، بۆیە بەراستی ئێمە نەچینە ژێر باری ئەوەی کە ئەمە دەولەتی ئیسلامە بووە، ئێمە بڵێین ئەوە ڕێکخراوی تیرۆرستی (داعش) کە هەموو خەلك و دونیا تێدەگا بەراستی، یەنی ڕاستە ئەوان دەزانن ئەو داعشەی عەینەن دەوڵەتی ئیسلامی لە شام و عێراق، بەڵام بە ڕاستی من بۆ بچمە ژێر باری ئەوەی وەك (د.ڤالا) باسی کرد دەچێتە مێژوو کە ئێمە بڵێین وەڵاهی دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبوو کاتی خۆی تێرۆری کردووە، دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبوو کاتی خۆی کۆمەڵکوژی کردووە، وە لە هەمان کاتدا بەراستی دژ بەیەکە ئەمە، بە هەرحاڵ ئێمە عەلاقەمان نییە، بەڵام ئێمە ناچینە ژێر باری ئەوەی بەراستی بە هیچ شێوەیەك ئەمە دەوڵەتی ئیسلامی بێت هەر بۆ خۆشمان زۆر خراپە بڵێن دەوڵەتێکی ئیسلامی ترۆرستیشە، ئەمە یەك، دوو: بە رای

ئەو بڕگەی دەڵێت دەسەڵاتە دەستوورییەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ، بەرپرسیاریەتی ئەمن دەڵێم باشە ئێمە وەك هەرێمی کوردستان نەچینە ژێر باری بەرپرسیاریەتی، یەعنی حکومەتی هەرێم نەچێتە ژێر باری بەرپرسیاریەتی قەرەبووکردنەوە و ئیمتیازات و ماف و یەنی ئێمە یاسایەك دەردەکەین بەجینۆساید ناساندنی ئەو کۆمەڵکوژییەی کە لەوێ روویداوە، وە رۆژێکی بۆ دیاری دەکەین، بەڵام بە نسبەت ئێمە هیچ ئیلتیزاماتێکی تێدا نییە، ئەوە عێراق نەیکرد، وەکو باسیش کرا من نازانم لەرووی یاساییەوە باسیان کرد، بەس من پێم باشە بڵێین دەسەڵاتە دەستوورییەکانی کۆماری عێراقەی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان، بەرپرسیاریەتی و قەرەبووکردنەوە دابینکردنی ماف و ئیمتیازات لە ئاخیری، راشم وایە هەندێك پێشنیاریان کرد من لەگەڵ ئەو پێشنیارەم رام وایە ئەمە بکرێتە دوو بڕگە، ئەم قەرەبووکردنەوە و مافی ئیمتیازاتەکە بکرێتە ماددەیەك وە ناساندنەکەشی بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (محمد سعدالدین) فەرموون.

**بەڕێز محمد سعدالدین انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە لیژنە هەمیشەیەکانی پەرلەمان و وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەکەین بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە منیش هەر هەمان سەرنج هەیە دەربارەی ناوی رێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، لەبەر ئەوەی کە خۆیان ناویان لە خۆیان ناوە بنووسرێت (رێکخراوی تیرۆرستی بە ناو دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام)، دەربارەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی کۆماری عیراق هەر کێ ئەوەی بخوێنێ نەفسی قسەمان بۆ دەکات دەڵێت ئێوە پەرلەمانی هەرێمی کوردستانن ئەم دەقە پێویستە پەرلەمانی عیراق ئەمە بنووسێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە، یان بنووسرێت هەماهەنگی بکرێت لەگەڵ دەسەڵاتە دەستوورییەکان یان بنووسرێت (پێویستە دەسەڵاتە دەستوورییەکانی عێراق) یانیش ماددەی (١٣٢) ئیزافە بکرێت، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.گلاویژ) فەرموون.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەمووماں دەزانین ئێزیدییەکان خوشك و برای ئێمەن بۆ ئەوەی رۆژێکیان بۆ دیاری بکەین و وەکو جینۆساید و کۆمەڵکوژی وە خزمەت بە کەیسەکەیان بکەین بە مەسائیلە قانوونییەکان، بۆیە من ئەو بڕگە یەکەم لە ماددەی پێشنیازی یاسایەکە ئەو کەلیمەی (کوشتار) پێم جوان نییە، چونکە بۆ دوور لە رووی هەمووماں بۆ حەیواناتیش بەکاردێت، بۆیە پێم باشە ببێتە (ئەو کۆمەڵکوژییەی جینۆساید دەرحەق بە ئێزیدییەکان کە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان)، کوردستانیش ئیزافە بکرێت لێرە، چونکە چ هەرێمێك؟دەرەوەی ناوچەی ئیدارەی چ هەرێمێك؟ هەرێمی کوردستان لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی دەولەتی ئیسلامی لە عێراق، تەبعەن ئێمە ناتوانین بلێین ئەوانە بۆخۆیان ناویان لە خۆیان نایە دەوڵەتی

ئیسلامی بۆیە ئێمە ئەگەر بیکەینی مونەزەمەکی ئیرهابی پێم وایە ناچێتە ژێر باری ئەحکامی نێودەولەتییەوە، ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئەو رۆژەی بناسێنین بە جینۆسایدی نێودەولەتی ئەگەر ئێمە بچوکمان کردەوە کرمانە مەنەزەمە، ئەو پرسیارەش ئاراستەی (د.ڤالا) دەکەم زیاتر روونکردنەوە بدات، ئایا مونەزەمەکی ئیرهابی دەچێتە ژێر باری ئەحکامەکانی یاسای جینۆسایدی نێودەوڵەتی؟ ئێمە دەمانەوێت جینۆساید بە نێودەولەتی بناسێنین، بۆیە ئەمن کەلیمەی (رێکخراو) لێرە پێم زیادە رێکخراوی تیرۆرستی بۆیە هەرێم لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش ئەنجامدرا، خەسلەتەکانی تاوانی جینۆساید تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لە خۆدەگرن کە تاوانی نێودەوڵەتین و دەسەڵاتە دەستووریەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ بەرپرسیاریەتی دادگایی کردن، چونکە ئەگەر وشەی دادگا نەبێت چۆن قەرەبوویان بکاتەوە، یەکەم جار دەبێت وشەی دادگایی کردن لە پاش کەلیمەی بەرپرسیاریەتی زیاد بکرێت، دادگایی کردنی تیرۆرستان ئینجا قەرەبووکردنەوە و دابینکرنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرن، بۆیە کەلیمەی (دادگایی کردن) زۆر پێویستە، چونکە ئێمە دەزانین ئەگەر دادگایە نەکرێت ناتوانێت هیچ ماف و ئیمتیازاتێك وەربگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (هدیە) فەرموون.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژبەر ئەو کوشتن و کومەڵکوژی و جینۆساید دەرحەقێ خەلکی مەی ئێزیدی هاتییە کرن ناوچەێن کوردستانێ دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ ژ لایێ رێخراوێ تیرۆرستێن دەولەتا ئیسلامی لە عێراق و شام بناڤێ داعش ئەنجام دای، کو خەصلەتێن تاوانی َ جینۆساید و تاوانێن دژی مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگی بخۆڤە دگرن دەسەڵاتا دەستورێن کۆمارا عیراقا فیدراڵ بەرپرسیاریەتیا قەرەبووکردن و دابینکرنا ماف و ئیمتیازاتێن قوربانیان ئاڤەدانکرنا وان ناڤچەیا ل خۆ ڤەدگرن، دخوازم ئەڤ خالا یەکێ وەك خۆ بمینێت بتنێ پشتگیریێ ل (د. رێبوار) دکەم، بە پێی برگە دوو لە ماددەی (١٣٢) لە دەستووری عێراق بهێتە زێدە کرن، سوپاس.

**بەڕێز ریواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.کاظم) فەرموون.

**بەڕێزکاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان دیارە من چەند تێبینیەکەم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە ماددەی یەکەم لەم پێشنیازی بڕیارە، یەکەمیان بەراستی نازانین ئەم ماددەی یەکەم روو ئەکاتە کوێ؟ ئەگەر روو بکاتە حکومەتی عێراقی ئەوە پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ حکومەتی عێراق مولزەم بکات بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی، وە ئەگەر رووناکاتە حوکمەتی عێراقی ئەی روو ئەکاتە کوێ؟ ئەمە یەکەم، نوقتەی دووەم بەراستی بە یاسا وە بەو ماددەیە حکومەتی هەرێم خۆی بێبەری ئەکات لە قەرەبوو کردنەوەی قوربانیانی

ئێزیــدییەکان، ئەوەی کە گــرینگە ئەوەیە دەمــی هەر پــارتێکی سیاســی بکەیــتەوە تەنــانەت حکـومەتیش ئێزیـدییەکان بە بەشـێك لە کـورد ئەزانـن وە شـنگالیش بە بەشـێك لە کوردسـتان دەزانـن، کەواتە بـۆچی خۆیـان بێـبەری دەکەن، یـان بـۆچی بە یاسـا ئـێمە حکـومەتی هەرێمـی کوردستان بێبەری بێت لەو قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ئەو کۆمەڵکوژییە، خاڵی سێیەم بەپێـی ماددەی (١٣٢) برگەی دووەم باسی کردەوەی ئیرهابی ئەکات مەعلومی جەنابتانە کە ئەم یاسـایە ئەو کـردەوە تێرۆرسـتییە بە جینۆسـاید ئەناسـێنرێت، کەواتە ئەمە خـۆی لە خۆیا حـوجەێکە بە حکـومەتی عێراقــی کە بڵێــت هەمــوو کردەوەیەکــی ئیرهــابی جینۆســاید نیــیە، وە کەلــیمەی جینۆساید لەناو ئەو مـاددەی (١٢٣) وە بـوونی نیـیە، هەر بەو مـاددەیە دەتـوانن خۆیـان بێـبەری بکەن لە قەرەرەبووکردنەوەی ئەو قوربانیانەی کە لە کۆمەڵکوژی بەداخەوە ئێزیدییەکان روویدا، خــاڵی کۆتـایی و چـوارەمم ئەوەیە لەسـەرەتاوە تـا کۆتـایی کە ئەو مـاددەیە ئەخـوێنیتەوە نە حکــومەتی عێراقــی مــولزەم ئەکــات بەو قەرەبووکردنەوەیــان وە نە حکــومەتی هەرێمــی کوردستانیشی تیایە بە هیـچ شـێوازێك کە مولزەمیـان کـات بە قەرەبووکردنەوەیـان، ئەمە ئەوە دەگەیەنێــت ســاڵانە لە تاریخەیــا لەو بەرواری(٣)ی ئابەیــا جــارێکی تــر برینــی ئێزیــدییەکان ئەکـولێنینەوە لە مەراسـیمی تەشـریفاتیان بـۆ سـاز ئەکەیـن هاوشـێوەی ئەنفالەکـان وە دڵیـان جارێکی تر بریندار ئەکەینەوە وە بەدەسـتی بەتـاڵ ئەیـان گەرێنیـنەوە بـۆ مـاڵەوە بەبێـی ئەوەی هیچ جۆرە قەرەبووێکیان بۆ بکرێتەوە، وە ئەمە هیچ ئیـزافە ناکـات تەنها ئەنفـاێکی تـر ئەخـات تەنیشــت ئەو نەهامەتیــانەی کەبەســەر کــورد هــاتووە، پێشــنیاز ئەکەم کە حکـومەتی هەرێمـی کوردستان لەناو ئەو ماددەیە مولزەم بکرێت بە قەرەبوو کردنەوەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ریواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.شایان) فەرموون.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە پێشنیاز دەکەم خـاڵی یەکەم لەو پێشـنیازی بڕیـارە بکرێـت بە (٣) بـڕگە بـۆ بڕگەی یەکەم، پشتگیری دەکەم لە بەڕێز (بەلێن اسماعیل)، بەڕێز کـاك (سـۆران عمـر)، بـۆ بـڕگەی دووەم پشتگیری دەکەم لە پێشنیارەکەی (روپاك) خان، بۆ بڕگەی سێیەم کە من پێشنیازی دەکەم رێکخراوی تیرۆرستی ناسراو بە داعـش لە بەرامبەر ئەو تـاوانی جینۆسـایدە لەلایەن حـوکمەتی هەرێمی کوردستانەوە دادگایی بکرێن، سوپاس.

**بەڕێز ریواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (سروان) فەرموون.

**بەڕێزسروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم دەترسێم دیسان بەرێزتـان رەنگدانەوە بێـت بـۆ لێـدوانی یـان قسەی پەرلەمانتاری تر.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سەروان) بە گوێرەی پەیرەو بەرێزتان بۆتان هەیە لەسەر ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکە قسە بکەن، بەرێزت بۆت هەیە بە ئازادی قسە بکەی لەسەر ناوەرۆکی بابەتەکە ئەگەر ئیزافەیەك هەیە، وە ئەگەر پێشنیارێکی جیاواز هەیە بۆ ئەوە کە لەناو ماددەکە هاتووە، بەڵام ئەگەر هاورێیەکت جیاواز لەوەی کە لە ناو ڕاپۆرتەکە هەیە پێشنیازی کردووە نابێت لەسەر قسەکەی ئەو قسە بکەی، جگە لە پشتیوانی.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من لە دەستپێك نووسیومە شتێکە کە دەمەوێت بیڵێم، بەڵام ئێستا دوو لە پەرلەمانتاران شتێکیان باس کرد، ئەگەر ئەوەی ئێستا من نووسیومە بیخوێنمەوە دەچنە قالبی وەڵامدانەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێنەوە ئێمە تەقیمی دەکەین وەڵامدانەوەیە یان نا؟

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دروستە چونکە شت دەوترێت حەقی خۆمە منیش شت بڵێم هاتوومەتە ئێرە بدوێم نەك تەنها صامت بم و بەس، ئێمە پێویستە ڕۆژی (٨/٣) جاریَ بە جینۆساید بیناسێنین بۆ ئەوەی بتوانین لە دادگای نێودەوڵەتی ئەو هەوڵەی بۆ بدەین وە هەوڵیش بۆی دراو دەزانین هەمووشمان ئاگاداری ئەوەین، بەڵام جاری لە دەستپێك پێویستە ئێمە ئەو ڕۆژی جینۆسایدە بیناسێنین، ئەوەی تریش بۆ قەرەبوکردنەوەی کوردانی ئێزیدی، باشە بۆ ئەگەر حوکمە هەرێم یان پەرلەمانی کوردستان هەوڵی قەرەبووکردنەوەکە یان ئیمتیازات و ماف وەرگرتنەوەکەی بخرێتە سەر حکومەتی عێراق ئەوە بێبەریکردنی حوکمەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانە؟ وە ئەوە ئەصلەن باشتر بەرگریکردنە لە خوشك و برایانی کوردانی ئێزیدی، بۆ بێبەریکردنە! ئێمە هەوڵی وەرگرتنەوەی ماف و ئیمتیازات دەدەین، حکومەتی هەرێم قەرەبووی کوردانی ئێزیدی و برا و خوشکانی ئێزیدی لە حکومەتی عێراق وەردەگرێتەوە، بەڵام لە شتێکیش بەراستی هاورام لەگەڵ کاك (سۆران) کە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش ئیزافە بکرێت بەناو دەوڵەتی ئیسلامی، چونکە ئەوەی لەسەر سەری هەمووانە (و امرهم شورا بینهم)، بۆ ئەوەی شەرم لەوە نەکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.زیدان) فەرموون.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتا پشتگیری لەوتەکانی کاك (ڕێبوار) دەکەم کە پێشنیاری ماددەی (١٣٢)ی دەستووری عێراقی ئاماژە بکرێت لەو بڕیارە، وە لە هەمان کات دا لێرە دوو وشەم هەیە، یەکەمیان: وشەی (کوشتار) لاببرێت، دووەمیان: وشەی (دانیشتوانم هەیە) دەمەوێت لێرەدا ئیزافە بکرێت بکرێتە (ئەو کۆمەڵکوژییەی جینۆساید دەرحەق بە ئێزیدییەکان و دانیشتوانەکانی ناوچەکانی دەرەوەی

ئیدارەی هەرێم کە کراوە) مەبەست لێرە لە دانیشتوان ئێمە ئاگادارین ئامانجی ئێمە لەوەیە کە جینۆسایدی ئێزیدییەکانە کە خوشك و برایانی ئێزیدی لەم ساڵەدا چەند ئازاریان چەشت وە تاکو ئێستاش بەردەوامە، بەڵام لە هەمان کات چەندین دانیشتوانی تر هەیە کە غەیری ئیزیدین ئەوانیش بەر ئەو تاوانانە کەوتوون، بۆیە پێم باشە وشەی (دانیشتوان) ئیزافە بکرێت بۆ ئەوەی لە کاتی قەرەبوو خەڵکی تریش لە هەمان کات لەوانەیە جیران و خزم و کەسی ئەو بن، بەڵام ئێزیدی نەبن ئەوانیش قەرەبوو بکرێنەوە تەنها وشەی دانیشتوان ئیزافە بکرێت وە ئێوەش ئاگادارن کە شنگال چەندین شارستانیەتی خۆی دۆراند لەو شەڕەدا ئەوانە دژی ئێزیدیەکان نەبوون دژی موسلمانیش بوون وە ڕەمزێکیش بۆ ئەوە لە شنگالیش هەبووە منارەی شنگال بوو کە داعش لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی خۆی لە شنگال تەقاندەوە کە تەمەنی خۆی نزیکەی (٨٠٠) ساڵ بوو، وە ڕەمزی کوردستان و ئەو شارەش بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (مەم برهان) فەرموون.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی یەکەمی ئەو یاسایە بێت بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی لە ڕاپۆرتەکەیانا جەختیان کردەوە بەشێکی زۆری ئێزیدییەکانی کە قوربانی دەستی ڕەشەکوژی یان کۆمەڵکوژین زەرەر ئەکەن، لێرەیا، لەبەر ئەوەی ئەوانیان بەرامبەر کراوە لە ئێزیدییەکان تەنها لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم نەبوون، ئەوانەی پەشێکیان لە ناو سوریا تاوانیان بەرامبەر کراوە، وە ئەو ڕەشەکوژییەی یان ئەو کۆمەڵکوژیە ئەکرێت بخرێتە ناو دەرەوەی ئیدارەی حوکمەتی هەرێم، لەبەر ئەوەی بە تەنها تاوانیان بەرامبەر نەکراوە لە ناوچەکانی تریش کراوە، ئەم ماددەیە خزمەتی تاوانی قەتلوعامی ئێزیدییەکان و تەواوی ئێزیدییەکان ناکات بە پێی ئەو ماددەیە، من ئێستا دارشتنەوەیەك ئەکەم بۆ جەنابتان ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر بەنسبەت ڕێکخراوێك کاتێك دەوڵەت بۆ نمونە کە دەڵێی دەوڵەتی کۆماری عێراقی فیدراڵ، لەبەر ئەوەی موعتەرەفە قانوونیەن پێویست ناکات بیخەیتە ناو دوو کەوانە، بۆیە کە وتمان ڕیکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە بەینی دوو کەوانەی بچوکۆلە کەواتە ئەمە ناوێکی وەرگیراوە، یەعنی موعتەرەف نییە قانوونییەن لە کەوانەێکیان دواتر ئەنووسرێت داعش پێویست ناکات بڵێی ناسراو بە داعش، ئەم ناسراوە زیادەیە کە لێرەیا چەند جار دووبارە بۆتەوە، وە لە شوێنیکیشا کە ئەڵێت ناوچەکە ئەبێت بوترێت ناوچەکانیان، من هاوکاری هاوڕێیان ئەکەم لە ناو لیژنەی یاسایی ئەم پێشنیازە بۆ جەنابتان ئەخەمە ڕوو، دەقی قانوونەکە پێشنیاز ئەکەم ماددەی یەکەم بەم شێوەی لێبکرێت (ئەو کوشتارو کۆمەڵکوژییەی لە نێوان جینۆساید دەرحەق بە ئێزیدییەکان لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) داعش ئەنجامدرا)واتە ناوچە کوردستانییەکان و ناسراو فرێبدرێت، دەستەواژەکانی خەصلەتی تاوانی جینۆساید لاوازن لە ڕووی قانوونیەوە، دەستەواژە گەلێکی لاوازن پێویستمان بەوەیە لەناو ئەو قانوونیا دەستەواژەی بەهێز بەکاربێنین، خەصلەت لابەین تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی

(جەنگـن) کە تـاوانی نێـودەوڵەتین، دەسـەڵاتە دەسـتوورییەکانی کۆمـاری عێراقـی فیـدراڵ بەرپرسـیاریەتی قەبـوول کـردن و داگیـر کردنـی مـاف و ئیمتیازەکـانی ئـاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان لە ئەستۆ دەگرن، وەك ئەگەر ئیزافەیەکیش بکەین وەك لە بڕگەی دووەمـی ماددەی (١٣٢)ی دەستوری عیراقیدا جەختی لەسەر کراوە کە هین بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (سەرچنار) خان فەرموون.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـیش (٣) تێبینـیم هەیە لەسـەر ئەم مـاددەیە، لە دێـری دووەمـا کە ئەڵێـت لەلایەن ڕێکخـراوی تیرۆرسـتی دەوڵەتـی ئیسـلامی لە عیـراق شـام ئەوەی بـۆ ئیـزافە بکرێـت لە لایەن ڕێکخـراوی تیرۆرستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی، چونکە ئەوان وەکو دەوڵەت ئیعترافیان پێ نەکراوە وە هیچ دەولەتێکـیش لە جیهانـا ئیعترافـی نەکـردوون سـەرەرای ئەوی نەتەوە یەکگرتووەکـانیش وەك دەوڵەت بە هەمـان شـێوە ئیعتیرافـی پێنەکـردوون ئـێمە لە بڕیـارێکی پەرلەمـانی کوردسـتانا بە دەوڵەت ناویان بنێت ئەوە بۆ خۆی کەم و کورتێکە بۆ پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە، خاڵی دووەم وشـەی دەسـەڵاتە دەسـتوورییەکان هـاتووە ئەمە کەلـیمەیەك و وشـەیەکی نـامۆیە بەرای مـن لە ڕووی یاسـاییەوە ئەگەر بکرێـت بە دامەزراوە دەسـتوورییەکان موئەسەسـاتی دەستووری نەك صولتاتی دەستووری، وە هەر بە پێی ماددەی (١٣٢) بڕگەی دووەم لە دەستووری عێـراق کە ئەڵـێ دەوڵەت قەرەبـوو ئەکـاتەوە، لەبەر ئەوەی هەرێمـی کوردسـتانیش بە شـێکە لە دەولەتـــی عێـــراق وە ئەو موئەسەســـاتانەی کەوا لە هەرێمـــی کوردســـتانایە موئەسەســـە دەستوورییەکانیش بەشێك لە دەوڵەتی عێراق، بە رای من ئەم قەرەبووە هەرێمی کوردستانیش مولزەم ئەبێت پێی هەر بەپێی ئەو ماددەیەی (١٣٢)ی دەستووری برگەی دووەم دەستی پێکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (لیلی) خان فەرموون.

**بەڕێز لیلی عبدالجبار حدو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسـت خۆشـیا ل هەردوو لیـژنەی پەیوەندیـدار دەکەم مـن تێبینـیەك هەبـوو ژبەلـکو پرۆژەیـێ جینۆساید ناساندنە لماددا (١) ڕێزا سێ خال خەسلەتەکانی تاوانەکـانی جینۆسـاید و تاوانەکـانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ، ژبەلك و جینۆساید مەسـترە ژتـاوانێ جەنگـێ ئیـد لێـرەدا ئەڤ پرۆژە ژبوو جینۆساید ناساندن کرنە ژبر وەکی ئەز دبینم تاوانەکانی جینۆساید تاوانەکـانی دژ مرۆڤایەتی ئەڤە تاوانەکانی جەنگ ئەز بێژم پێویست ناکاتن ژ بەلك و تـاوانێ جینۆسـاید زۆر مەست ترە لە تاونێ جەنگێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (ویسی) فەرموون.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدام ئەو ماددەیە هەر وەك خۆی بمێنێتەوە تەنها پشتگیری رای برادەران دەکەم، هەر چەندە بەخۆی رێکخراوی تیرۆرستی دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ئەوە تەرجومە کرایەتەوە و ناونیشانی رەسمی ئەوانە، بەڵام هەر وەك رێزکردن بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەروەك هەمووەمان دەزانین بە هیچ شێوەیەك ئیسلام لەگەل کردەوەی تیرۆرستیدا نییە، وە هەمیشە بۆ ئایندە وەکو (د.ڤالا) ئاماژەی پێدا یاسایەك دەمینێت بۆ ئەوەی نەوەی داهاتووشمان بە هەڵە تێنەگەن پێم بشە رێکخراوی تیرۆرستی بەناو دەوڵەتی ئیسلامی ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس (مژدە) خانفەرموون.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك هەرێمی کوردستان تاوەکو ئێستا هیچ دەقێکی دەستووریمان نییە بە چ قانوونێك یاخود بە چ دەقێك ئێمە دەتوانین حکومەتی عێراقی مولزەم بکەین بەقەرە بووکردنەوەیان ئەوە یەك، دووهەمینیش دەبوو لە یاساکە ئاماژە بەوە کرابا ژنان و منداڵان بە تایبەتی ژنان دوو جار جینۆساید کراون، یەکیان لەبەر ئەوەی زۆر بە شێوەیەکی قێزەوەنانە دەستدرێژیان کراوەتە سەر هەم فرۆشراونەتەوە، تا ئێستاش کچان و ژنان بەم دەردەوە دەناڵێنن، پێویستە لە یاساکە ئاماژە بەوە بکرێت سەرەرای قەرەبووکردنەوەی ماددی قەرەبووی مەعنەوی بکرێنەوە وە منداڵانیش بەتایبەتی منداڵان کە پێویستە سەرلە نوێ پەروەردە بکرێنەوە، ئەوە ببێت بە یاسایەك تەقریبەن لە رێگای یاسایەك بتوانرێت ئەو منداڵانە پەروەردە بکرێنەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانە بە شێوەیەکی قێزەوەن لە ناو گرووپەکانی داعشدا تەقریبەن تەئسراتی خراوەتە سەریان، وە پێم وایە ئێمە دەبێت داوا لە حکومەتی فیدراڵی عێراق بکەین دادگای لاهای مولزەم کات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکات تەحقیق بکات لەم رێگەیەوە دەتوانین زیاتر جینۆسایدی ئێزیدییەکان بە جیهان بناسێنین، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (مسلم) فەرموون.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك دوو تێبینیم هەبوو لەسەر ماددەی یەکەم، ئەویش ئەوەیە کە بەراستی زۆر باسی ئەو ناونیشانە کرا وەك رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی داعش، من پێم وایە بەراستی ئەوانە ریکخراو بوون رێکخراوێکی تیرۆرستی بوون ماوەیەکی کەم لە ناوچەیەك کۆبوونەوە هەموو جیهان دژایەتی کردن لەسەر ئەو ئایدیایەی کە ئەوان دەریان دەبری و پشتیوانیان لێدەکردن خودی خەڵك لە جیهان بە شێوەیەکی گشتی وە بە شێوەیەکی تایبەتیش هەرێمی کوردستان کە خەڵکی ئێمە موسلمانە دژایەتی کردن وە بەراستی خۆیان لێ بێبەری کردن من پێ وایە ئێمە

نایان ناسێنین بە دەوڵەت دانەنێین لە یاساکە بە دەوڵەت ئەوە جۆرێکە لە ڕەوایـدان بە دەوڵەت، بۆ مێژووش بەراستی من پێم وایە ئەو کەم و کورتی ئەبێت کە ئێمە دان بەو دەوڵەتە دابنێین لە کاتێکدا هەموو جیهان دوژمنایەتیان کردن، ئەمە یەك، دوو من پێم وایە ئەو بـابەتە ئەگەر باسـی قەرەبووکردن بەڕێز مامۆسـتا (ابـوبکر) باسـی کـرد مـن پـێم وایە جیاکاری بـۆ بکرێـت وە ئەگەر جیاکاری بۆ نەکرێـت لە نـاو یاسـاکە جێـی بکـرێتەوە بەراسـتی قەرەبـوو زۆر بە فراوانتـر جـێگە هەڵدەگرێت، تەنها ماددە نییە قەرەبوو، قەرەبوو ئەوەیە کە باسی هەموو ئەو لایەنانە بکرێت کە دەسـتدرێژیان کـراوەتە سـەر وەکـو ئافرەتـان تـوێژی منـاڵان یـان ئەو بەشـە زۆرەی کە ئێسـتاش بێسەر و شوێنن دیار نین بەراستی، ئایا ئەوان چیان لێدێتەوە؟ پێم وایە پارە بە تەنیـا ناتوانێـت قەرەبووی ئەو زیان لێکەوتـوانە بکـاتەوە، ئینجا پـێم وایە ئەو پرسـیارە هەمـان پرسیاریشـە لای من،ئایا پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی عێراق مـولزەم بکـات بەوەی کە لێـرە لەم یاسـایە جێـی کردۆتەوە هەمووی قەرەبوکردنەوەی خستۆتە سەر پەرلەمانی عێراق، دووبـارە دەسـت خۆشـیم هەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، خاتوو (شنۆ) فەرموون.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشیم بۆ هەردوو لیـژنەی شـەهیدان و یاسـایی لە دارشـتنەوەی ئەم یاسـایە، بەڵام مـن پـێم وایە مـاددەی یەکەم جۆرێـك لە تێکەڵکردنـی تیـایە زیـاتر چـۆتەوە سـەر شـێوە نـاوەرۆکی وتارێك وە لەبڕگەیەك یاخود لە ماددەیەکی یاسایی بچێت، پشتگیری لە وتەکانی یاخود ڕای کاك (زیاد) دەکەم لەو پێنج بڕگەی کە ئاماژەی پێدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (حکمت) فەرموون.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نسبەت ناڤێ ڤێ ڕێکخراوا تیرۆریست ئەم حەقیقەت یەعنـی هەر حـزبەك یـان هەر ڕێکخـراوەك ئەڤ بخۆ ب خۆ دکەن کەسێك نەشێت مە ڤە کری بۆوان دروست بکات ژبەر هەنـدێ نـاڤێ ڤـێ ڕێکخراوێدا داعشا دەولەتا یان ناڤی وی لە خۆ کری عیراق و شام، ئەڤ ناڤە وانا لە خۆ کری ژبەر هەندێ دێن ئەم نەشێت ناوەکا دی بۆ وانا چێکەن، ئو نسبەت هەڤاڵێ مە کاك (پێشەوا) بتەمامی ئەز پشـتگیریا هەمـی ئاخافتنـا تـوو دکەم ئـو ل گەلیـا برایـێ مە (هێڤیـدار) ئـو کـو دروسـکرنا لیژنەیەکی کو پێداچووونا ل سەر ڤی بابەتی بکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (جلال) فەرموون.

**بەڕێزجلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك (پێشەوا) دەکەم، دووش ئەمن شتەکم هەبوو لەسەر مەسەلە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش و دەوڵەت ئیسلامی و بە ناسراو لە عێراق و شام ئەوان، بەراستی بە مەزەندەی من رام نییە بۆ کەس نە ئەوانە ڕێکخراوی تیرۆرستین نە ئەوانە دەوڵەتی ئیسلامین ئەوانە بەس تیرۆرستان و تەواو، یەعنی ئەوە هەر بوویتە قیتار ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە عێراق و شام و یەعنی ئەوە هەر خوێندنەوەی زۆر زەحمەتە بەراستی، ئەوی تریش یەك پێشنیارم هەیە بۆ ئێوەی بەرێز بەراستی زۆر پێم خۆش بو کە هەستاین بۆ دەقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی ئەو ئازیزە نازدارانە بە تایبەتی ئەو ئەفسەرو پۆلیسەی دوێنێ کە شەهید بوون لە گەرمیان، بەڵام پێشم باشە بەراستی لەگەل هەر وەستانێك صورتی (الفاتحە) بخوێنین، قسەی خودای گەورەیە بۆ هەموو ئاینەکان دەروات، دووش (٣٠) چرکە رادەوەستی دەلێت زۆر سوپاس، ئەمە لە پەرلەمان گەورەترین موئەسەسەی گەورەین لە کوردستان یەعنی با ئێمەش هەندەك حیسابی وەقت بکەین سی چرکە با ببیتە (١) دەقە و تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (شادی) خان فەرموون.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی زۆر پێشنیاز کرا بۆ ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام من پێشنیاز دەکەم بۆ ناوهێنانی ئەو ڕێکخراوە ئەو ناسراوە بهێنرێتە بەردەمی ناوەکە واتە بەم شێوەی لێبێت ڕێکخراوی تیرۆرستی ناسراو بەدەوڵەتی ئیسلامی لە ناو دوو کەوانە لە عێراق و شام لە ناو دوو کەوانەی بچووك داعش ئینجا کەوانەکە دابخرێت، وە ئەو بابەتەی کە پەیوەندیدارە بە مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی ئێزیدیان یاخود دانیشتوانی ئەو ناوچانەی بەر هێرشەکانی داعش کەوتوون، بەڕێزان مەسەلەی قەرەبووکردن مەسەلەی گەورەترمان هەیە لە هەموو ئەو شتانەی باس کران ئەیش ئەو منالانەن کە دەرئەنجامی ئەو دەستدرێژیانەی بۆ سەر ژنان کراون ئێستا منالگەلێکی زۆری لێکەوتۆتەوە وە لە هاتنەوەیان بۆ هەرێمی کوردستان، یان ئەو ژنانە کە دەگەڕێنەوە بۆ لای خێزانەکانیان کێشەیان بۆ دروست دەبێت، لە هەندێك حاڵەتدا منداڵەکان وەرناگیرێنەوە لەلایەن خێزانی ژنەکانەوە، ئەگەر بابەتێك هەبێت قسەی لەسەر بکەین ئێمە لە پەرلەمانەوە کاری لەسەر بکەین بۆ قەرەبووکردنەوە پێش هەموو شتێك پێویستە کارێك بکەین بۆ بە یاساییکردنی ناساندن یاخود دەرهێنانی ناسنامە بۆ ئەو منداڵانە لەگەڵ دابینکردنی هەموو پێداویستیەکان بۆ ئەو دایکانەی کە بە منداڵ گەلێکەوە هاتوونەتەوە، ژنمان هەیە ئێزیدیە کە کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە و دەست درێژی کراوەتە سەریان ئێستا خاوەنی چوار منداڵن، بە چوار منداڵەوە هاتوونەتەوە، مەبەستی سەرەکی من لەو بابەتە ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە لە هیچ یەکێك لە پێشنیازەکان یاخود لە بابەتەکانی قەرەبوودا من درکم پێ نەکردووە، یاخود گوێم لێ نەبوو، بۆیە پێویستە ئەو بابەتە بە هەند وەربگیرێت، ئەگەر باسی قەرەبوو دەکرێت،

ئەگەر ماددەیەك زیاد دەكرێت بۆ ئەم پێشنیازی یاسایە پێویستە ئەوە لەبەر چاو بگیرێت كە منداڵ گەلێكی زۆرمان هەن، ئەو ژنانە بە منداڵەوە هاتوونەتەوە، دایكن ناتوانن دەست بەرداری منداڵەكانیان بن، ئەمە كێشەیەك نیە تەنها پەیوەندی هەبێت بە هەرێمی كوردستانەوە، بەڵكو كێشەیەكی جیهانیە، كە ئەو منداڵانە لە ژێر دەسەڵاتی (داعش)دا دروست بوون یاخود گەورە بوون، چۆن پەروەردە بكرێنەوە، چۆن ئامادە بكرێنەوە بۆ تێكەڵبوون بە كۆمەڵگا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەم بابەتە زیاتر پەیوەندی بە پێشنیازە یاسایەكی ترەوە هەیە كە پەیوەستە بە ئەوانەی كە ئازادكراون لە دەستی (داعش)، ئەو ژنانەی كە ئازادكراون لە دەستی تیرۆرستانی (داعش)، ئەگەر پێتوایە ئەم بابەتە هەڵدەگرێ ماددەیەك زیاد بكەین نابێت لێرە باسی بكەین، دەبێت پێش ئەحكامە عامەكان لەوێدا پێشنیاری بكەین، دەكرێت ماددە زیاد بكەی، بەڵام ئایا ئەمە شوێنەكەیەتی یان نا، یان شوێنی قسەكردنە لەسەری، ئێمە پێمانوایە حەقە بیخەیتە دوای ماددەی دووەمەوە، فەرموو بەڕێز د.ڤالا فرید وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی پرسیار و گومانەكان زۆرن دەبێت كاتمان پێ بدەی بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دڵنیا بكەینەوە لە ڕاستی و یاسایی ماددەكە.

خاڵی یەكەم: باس لەوە كرا كە تەسبیت بكرێت تاوانەكان جینۆسایدن و دژ بە مرۆڤایەتین، هەروەها تاوانەكانی جەنگن، واتە نەگوترێت خەسڵەتەكانی تاوانەكانی جینۆساید و تاوانەكانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەكانی جەنگ لەخۆ دەگرن، پەرلەمانی كوردستان ناتوانێت تەسبیتی بكات تەنها دادگا دەتوانێت، ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان وەكو باحسێك كە تەكلیفی بكات بۆ جەریمەیەك دەتوانین بڵێین ئەوە تاوانی جەنگە و تاوانی جینۆسایدە، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە، بەڵام ئایا وەكو پەرلەمان دەتوانم بە یەقین بڵێم تاوانەكانی جەنگە و دژ بە مرۆڤایەتییە و تاوانەكانی جەنگ و ئەو بڕیارەی من حیسابی دەرەجەی قەتعی دەكات، دەڵێت نەخێر، تۆ تەنها بۆت هەیە وەكو پەرلەمانی كوردستان وەكو موشەریع بڵێی خەسڵەتەكانی تێدایە، ئەگەر نا كەسێك دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت بڵێ ئەو تاوانە تاوانی جەنگە، تاوانی جینۆسایدە، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە ئەوە تەنها ئەو مەحكەمە موختەسەیە كە دادەمەزرێت، ئەگەر نا لەسەر ئاستی دەولی یان لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئەو بڕیار دەدات و پێمان دەڵێت ئەوە تاوانی جەنگە و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە، بۆیە ئەوەی كە هاتووە لە ناویدا ڕاست و دروستە.

خاڵی دووەم: ڕێكخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، بەڕێزان، ئێمە ئەم ناوەمان دانەناوە، ئەو ناوە یەكەمجار ڕێكخراوەكە خۆی لە خۆیناوە، دووەمیان لەسەر موستەوای دەولی ئەو ناوە بەو شێوەیە نووسراوە، بگەڕێنەوە بۆ قەراراتی مەجلیسی ئەمن هەموو قەرارەكانی پێمان دەڵێت ڕێكخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین كە وەكو خۆی بەكار بهێنرێت و تەئیدی (كاك مەم) دەكەم كە تەنها ناسراو لە پێش (داعش) هەڵبگیرێت و موستەڵەحەكە وەكو خۆی دابنرێتەوە، چونكە تۆ ئەگەر كورتكراوەكەت قەبوول بێت بۆ شیكردنەوەی كورتكراوەكەت قەبوول نییە، یەعنی

موستەڵەحی (داعش)ت قەبولە، بەڵام موستەڵەحی شیکردنەوەی ئەو حەرفانەی کە بەکار هاتوون بۆ ئەو موستەڵەحانەت قەبوول نییە، بۆیە لێرانە وەکو خۆی مادام ڕێکخراوی (UN) یان مەجلیسی ئەمن لە بڕیارەکان ئەو ناوەی بەکار هێناوە، من پێموایە کە دەبێت بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەکار بێت بەو شێوەیەی کە خوێندمەوە، تەنها ناسراو هەڵبگیرێت وەکو ئەوە کە بەڕێز (کاك مەم) پێشنیاریکرد، ئایا پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت عێراق ئیلزام بکات.
بەڕێزان، پەرلەمانی کوردستان ناتوانێت حکومەتی عێراقی و دامەزراوە دەستوورییەکان لە عێراق ئیلزام بکات ئەگەر دەستوور نەسی نەکردبێت، لەبەرئەوەی دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان و لە پەرلەمانی عێراق و لە هەموو دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم و عێراق گەورەترە، دەستووری ساڵی (٢٠٠٥)ی عێراقی ئەو دەستوورەی کە (٨٠%)ی عێراقییەکان بە هەرێمی کوردستانەوە دەنگی بە بەڵی لەسەر داوە، بە پێی ئەو دەستوورە موئەسەساتی دەستووری بە سوڵتەی تەنفیزی و مەجلیسی نواب و بە سوڵتەی قەزائی لە عێراق دامەزراوە، کەواتە دەستوورەکە گەورەترە لەو موئەسەساتانە، پەرلەمانی کوردستان چ کاتێك بۆت هەیە پێ بڵێی حکومەتی عێراقی (یجب) بەکار نەهاتووە لەناو ماددەکەدا، پێوستە بەکار نەهاتووە، نەمان گوتووە، (یجب علی الحکومة العراقیة)، بەکار نەهاتووە، دەڵێت (تتحمل)، لە ئەستۆ دەگرێت، ئایا پەرلەمانی کوردستان ئیستینادت لەسەر چ کردووە کە دەڵێی دامەزراوە دەستوورییەکانی عێراقی فیدراڵ (تتحمل مسؤولیة)، ئیستینادت لەسەر چ کردووە، ئیستینادم لەسەر بڕگەی دووەم لە ماددەی (٣٢)ی دەستووری عێراقی کردووە کە گەورەترە لە پەرلەمانی فیدراڵ و لە حکومەتی فیدراڵ و لە پەرلەمانی کوردستان، چی ترت هەیە ئیستینادی لەسەر بکەی، بگەڕێنەوە بۆ سەر بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٣٢)، بڕگەی سێیەم دەڵێت (ینظم ما ورد في البندین اولاً و ثانیاً من هذه المادە بالقانون)، ئایا بەندی دووەم قانوونی بۆ دەرچووە، بەڵێ، قانونی ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠٠٩)ی بۆ دەرچووە، قانوونەکە بە ناوی (تعویض المتضررین من جراء العملیات الحربیة، الاخطاء العسکریة والعملیات الارهابیة)، ئایا دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ لێرانە موستەڵەحی دەوڵەت خۆی لێ کردۆتە بەرپرس یان حکومەتی هەرێمی لێ کردۆتە بەرپرس.
دەڵێ لەو قانونە حکومەتی عێراقی فیدراڵ خۆی کردۆتە بەرپرس، دەڵێ هەر جیهەتێك و هەر کەسێك لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا ببێتە زەحیەی عەملیاتی ئیرهابی من بەرپرسم لە قەرەبووکردنەوە و لە دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتیان، لەو قانوونە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو لیژنەیەی کە پێکهاتووە بە پێی ماددەی (١)، لیژنەکە پێکهاتووە لەمانەی خوارەوە کە بابەتی مەسەلەی قەرەبووکردنەوە و مەسەلەی دابینکردنی ماف و ئیمتیازات:
١ - قاضی من صنف الاول یرشحه رئیس مجلس القضاء الاعلی.
٢ - ممثل عن المفوضیة العلیا لحقوق الانسان بعنوان مدیر في الاقل.
٣ - ممثل عن وزاره الداخلیة بعنوان مدیر في الاقل.
٤ - ممثل عن وزارة المالیة بعنوان مدیر في الاقل.
٥ - ممثل عن وزارة العدل بعنوان مدیر.

٦ - ممثل عن ضحايا العمليات الحربية و الاخطاء العسكرية، والعمليات الارهابية ينسب من قبل الامانة العامة لمجلس الوزراء.
٧ - ممثل عن اقليم كوردستان بعنوان مدير في الاقل.

یەعنی ڕێگەی داوە نوێنەرێکیش لە هەرێمی کوردستان لە سوڵتەی تەنفیزی بە عینوانی بەڕێوەبەر بچێت بەشداربێت لەناو ئەو لیژنەیەی کە دروستکراوە بۆ مەسەلەی قەرەبووکردنەوە و بۆ مەسەلەی دابینکردنی ماف و ئیمتیازات.

بەڕێزان، راستیەکیشتان پێ دەگەیەنین ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەمان کردووە لە باشترین حاڵەتدا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بکاتە بەرپرس هەر کەسوکاری قوربانیان کە لە (٥٠٠٠٠) هەزار دینار زیاتر ناتوانێت وەربگرێت، بەڵام کاتێك حکومەتی عێراقی دەبێتە بەرپرس بە پێی دەستوور و بە پێی ئەو قانونەی کە خۆی دەریکردووە و دەڵێت دەوڵەت منم، چونکە دەوڵەتە لە موستەوای دەولی فیدراڵیدایە دائیمەن موستەڵەحی دەوڵەت کە لە دەستوور بەکار هات بۆ ئەو موئەسەساتە بەکار دێت کە تەمسیلی سیادەی خاریجی ئەو وڵاتە دەکات، حکومەتی عێراقی فیدراڵ تەمسیلی سیادەی خاریجی دەکات، بۆیە لە یاساکەدا بە راشکاوانە دانی پێداناوە دەڵێت دەوڵەت منم، حکومەتەکانی تری ئەقالیمی نییە، لە خراپترین حاڵەتدا کە حکومەتی فیدرال ماف و ئیمتیازات بدات (١٥٠٠٠٠) بۆ کەس و کاری قوربانیان، لە باشترین حاڵەتدا کە حکومەتی هەرێم بیدات تەنها لە (٥٠٠٠٠) هەزار زیاتر نییە، بۆیە من لەوە دڵنیاتان دەکەمەوە کە بابەتەکە لە رووی قانوونی لە ئەستۆ دەگرێت حکومەتی عێراق وەکو پەرلەمانی کوردستان هیچ ترسێکی نەبێت، لەبەر ئەوەی نەیگوتووە (على الحكومة العراقية)، دەڵێت تۆ تەحمول دەکەی، لێمان دەپرسن ئیستینادتان لەسەر چ کردووە، ئیستینادمان لەسەر بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٣٢)ی دەستوور کردووە، چی تر هەیە ئیستینادتان لەسەر کردبێت، ئەو قانوونەی مەجلیسی نوابی عێراقی کە تۆ خۆت دەرتکردووە، بۆچی قوربانیانی عەملیەی ئیرهابی لە باشوور تەعویز دەکرێتەوە، بۆچی قوربانیانی عەملیەی ئیرهابی لە شنگال و ناوچەکانی تر، لەبەر ئەوەی کە کوردن تەعویز ناکرێت.

خاڵێکی تر ئایا ئەگەر بوو بە ڕێکخراوە دەچێتە ژێر باڵی بەرپرسیارییەتی، تەبعەن تاوانی نێودەوڵەتی بە جینۆساید و بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و بە تاوانەکانی چەنگ دەکرێت دەوڵەت ئەنجامی بدات، دەکرێت ڕێکخراوێکی تیرۆرستی ئەنجامی بدات، دەکرێت چەند کۆمەڵە شەخسێك کە پێکەوەن و ئیمکانیاتی مادی باشیان هەیە دەتوانن ئیبادەی جەماعی بکەن، جەریمەکە جەرائیمی دەسەڵاتن، بەڵێ، بەڵام هیچ فەرقێکی نییە، لەبەر ئەوەی نیزامی ئەساسی مەحکەمەی جینائی دەولی دەڵێت جەرائیمی جینۆساید دەکرێت و دەشێت جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی چەنگ دەوڵەت ئەنجامی بدات، لە هەمان کاتدا لە پاڵ دەوڵەت ناوی ڕێکخراوی هێناوە کە ئەو ڕێکخراوانە کۆمەڵێك کەسێکی تەبیعینە و تەمسیلی ڕێکخراوێك دەکەن کە سیفەتێکی مەعنەوی هەیە وەکو دەوڵەت و هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەو تاوانە، بۆیە هیچ کێشەیەکی نییە لە رووی یاساییەوە، تاوانەکانە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی بە تاوانی نێودەوڵەتی دادەندرێت.

وشەی دادگاییکردن زیاد بکرێت کە کوتمان بەپرسیاریەتی، بەرپرسیاریەتی جینائی و مەدەنی زیاد دەکرێت، بەڵام زۆر تەحدیدمان نەکردووە، لەبەر ئەوەی بابەتی دادگاییکردنەکە وەکو بەڕێز (کاك سۆران عمر) ئیشارەتی پێکرد لە خولی چوارەم هەوڵێکی زۆر زۆری دا لە پەرلەمانی کوردستان، ئێمە لێرە راپۆرتێکی تێر و تەسەلمان پێشکەشکرد، روونمانکردەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان پێمان گوتن عێراق ئەندام نییە لە ناو مەحکەمەی جینائی دەولی، ناتوانرێت لەسەر ئاستی دەولی سەیری ئەو کەیسە بکرێت، بەڵام دەتوانین عێراق ئیلزام بکەین کە بە پێی ماددەی (١٤)ی نیزامی ئەساسی مەحکەمەی جینائی دەولی قەبوولی ئیختیساس بکات، تەنها لە کەیسی کوردی ئێزیدییەکان، راپۆرت بەرزکرایەوە و حکومەت لە خولی چوار و لە خولی پێنج تاوەکو ئێستا حکومەتی عێراقی بە شێوەیەکی فەرمی قەبولی ئیختیساسی نەکردووە تەنها لە کەیسی ئێزیدیەکان، بەڵام وەکو جەنابیان ئیشارەتی پێدا مەحکەمەی جینائی بە روون و ئاشکرا وەڵامی داینەوە گوتی لەبەر ئەوەی عێراق ئەندام نییە ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی راستەوخۆ تەحریکی دەعوایەکە بکەم، بۆیە دەبێت ئێوە عێراق رازی بکەن کە تەحریکی دەعوا بکات، بەڵام عێراق تاوەکو ئێستا ئیستیعدادی نەبووە تەنانەت لە یەك کەیس قەبوولی ئیختیساسی مەحکەمەی جینائی دەولی بکات.

ئێمە ئومێدەوارین ئەو مەحکەمەیەی کە دروست دەکرێت بە لایەنی کەم کەمێك لۆکاڵی نەبێت مەحکەمەیەکی موختەلەت بێت، واتە بە پێی یاسایەك بێت کە چەند دادوەرێکی بیانی بتوانن تێیدا بەشداربن بۆ ئەوەی بوعدێکی نێودەوڵەتی وەربگرێت لەو بابەتە.

ئایا ئەم کردەوەیە ئیرهابیە دەتوانرێت بڵێین جینۆساید کردەوەیەکی ئیرهابیە، بەڕێزان، تاوەکو ئێستا موستەڵەحی ئیرهاب لەلایەن (UN)ەوە پێناسە نەکراوە، تاوەکو ئێستا ئەو پێناسانەی کە هەن هەمووی لەسەر موستەواى داخلین، هەمووی قوانینی مەحەلینە، تاوەکو ئێستا (UN) بە رەسمی پێناسەی موستەڵەحی ئیرهابی نەکردووە، بۆیە ئەو تاوانانەی کە رێکخراوی ئیرهابی ئەنجامی دەدەن وەکو نیزامی ئەساسی مەحکەمەی جینائی پێمان دەڵێت دائیمەن تاوەنەکە بە تاوانێك تەکلیف دەکرێت، ئەگەر نا جینۆساید یان تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی کە (١١) تاوان لە خۆی دەگرن یان تاوانەکانی چەنگە و لە سەر موستەوایەکی بەرز (جانی) کەسێکی ئیرهابیە، جانی لەبەر ئەوەی خۆی کەسێکی ئیرهابیە، بۆیە دەکرێت عەمەلیەکە بە عەمەلیەکی ئیرهابی، بەڵام تەکلیف کردنی جەریمەکە بە جەریمەیەکی نێودەوڵەتی دادەندرێت وەکو لە مەحاکیمە دەولییەکانی زۆربەی وڵاتان تەکیف دەکرێت.

بۆ نموونە تەنها تایبەت بە ژنان ئەوانەی کە دیفاعیان لە ژنان کردووە لەو تاوانە ئیشارەتیان بەوە دا کە قوربانی یەکەم لە ناو جینۆسایدی ئێزیدییەکان ژنانن، بەراستی زۆر جێگای دڵخۆشی ئێمە بوو زۆر جێگای تەقدیرە، بەڵێ، قوربانی یەکەمی تاوانەکان ژنان بوون، ژنانی کوردی ئێزیدی رووبەرووی زیاتر لە پێنج تاوان لە تاوانەکان دژ بە مرۆڤایەتی بووینەوە، رووبەرووی (استرقاق) بووینە کە بە پێی ماددەی (٧) بڕگەی دووەم (ج) لە نیزامی ئەساسی مەحکەمەی جینائی دەولی پێمان دەڵێت کڕین و فرۆشتنی ئافرەت و منداڵ وەکو کاڵا جەریمەی (استرقاق)ە عبودیەتە، عبودیەت بەشێکە لە جەرئیمی دژی مرۆڤایەتی، فەقەر (٥/٢) پێمان دەڵێت (اغتصاب) ئیغتیسابی ئافرەتان بە شێوەیەکی زۆرە ملێ بە هەر شێوەیەك بێت جەرائیمی دژی مرۆڤایەتیە

به پێی مادده (٧) له نیزامی ئەساسی مەحکەمەی جینائی دەولی، فەقەر (٢/و) پێمان دەڵێت (الاستعباد الجنسی) به عەبدکردنی مەسائیلی جنسی واتە ناچاری بکەی کە مومارەسەی جنست لەگەڵ بکات ئەوە ئیستیعبادی جنسی پێ دەڵێن ئەویشیان جۆریکە لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە دژی کوردانی ئێزیدی ئەنجامدراوە، فەقەرە (٢/ز) پێمان دەڵێت (الاکراه علی البغاء) دەڵێ کڕین و فرۆشتنیان پێکرا حدودی وڵاتی بڕی کڕین و فرۆشتنەکەی گەیشتن بە چەند وڵاتی دیکەوە وەکو کاڵا معامەلەیان پێکرا، ئەویشیان بەشێکە لە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، فەقەرە (٢/و) پێمان دەڵێت (الحمل القصری) (اکراه المرأه علی الحمل قصراً) بەڵێ اکراه کراوە کە حەملی بێت و ئێستاش هەموو منداڵەکانیان لێرانەن و وەکو (شادی خان) ئیشارەتی پێدا کە گەورەترین کێشەی عێراقە، عێراق تاوەکو ئێستا ئیستیعدادی نەبووە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

بەڕێزان، ئەوەی پەیوەست بوو بە قەرەبووکردنەوە و بەپرسیاریەتی دەوڵەتی عێراق بەرپرسیاریەتێکی زۆر گەورەیە، چوونکە وشەی قەرەبووکردنەوە سێ خاڵ لە خۆی دەگرێت بە پێی قانونی دەولی، یەکەمیان: تەرزیەیە واتە دەبێت ئیعتیزار بێنیەوە، بڵێ من بەرپرسیار بووم لە دابینکردنی ئەمن بۆ تۆ، بەڵام نەمتوانی، بۆیە ئیعتیزار دێنمەوە کە ئەو تاوانانە لە دژی تۆ ئەنجامدراوە، ئەوە بەپرسیاریەتی موئەسەساتی دەستوورییە لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ، خاڵی دووەمیان: مەسەلەی قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەویە، زەرەری مادی و مەعنەوی هەردووکی دەبێت قەرەبوو بکرێتەوە.

خاڵی سێیەمیان: پێی دەگوترێت (رد الحقوق) گێڕانەوەی حەقەکان، یەکێك لەو حەقانە کە پێویستە بگێردرێتەوە (شادی خان) ئیشارەتی پێدا گوتی دابینکردنی رەگەزنامە بۆ ئەو منداڵانەی کە ئێستا بە زۆر دروستکراون دایکەکە ناتوانێت........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د.ڤالا کاتی زۆرمان پێتدا بە پێی ماددەی (٨٨) لە پەیڕەوی ناوخۆ بۆت هەیە (٢) دەقە قسە بکەی.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەریم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك دەقەی تریش ئەگەر مۆڵەت بدەن، لەبەر ئەوەی زۆر زەرورە، کێ مولزەمە بە پێدانی رەگەزنامە وەکو رەدی حقوق بۆ ئەو منداڵانە، بێگومان حکومەتی عێراقی فیدراڵ مولزەمە، وشەی کوشتار لابدرێت هیچ کێشەیەك نییە ئەگەر وشەی کوشتار لابدرێت، تەنها ئەوەی کە بمێنێتەوە، گوترا جەریمەکە تەنها لە ناوچە کوردستانیەکان نەکراوە بەڵکو لە شوێنی تریش جەریمەکە کراوە، خۆی مەوقیعەکەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە، بەڵام بە کڕین و فرۆشتن بردویانە بۆ شوێنێکی تر ئەوە هیچ تەئسیرێك لە ناوەڕۆکی جەریمەکە ناکات، هەروەها تەئیدی (سەرچنار خان) دەکەم بەوەی کە دامەزراوە دەستووریەکان شوێنی دسەڵاتە دەستووریەکان بگرێتەوە، زۆر سوپاس سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەو کاتەی کە پێتدام، بەڵام ڕوونکردنەوەکان پێویست بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان، فەرموون لیژنەی تایبەتمەند، سەرەتا لە لیژنەی شەهیدانەوە دەست پێ دەكەین، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی و پێشنیارەكانی ئەندامانی پەرلەمان بە هەند وەردەگیرێت، ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی و لیژنەی شەهیدان كاری لەسەر دەكەین، تەواوی ئەو پێشنیارانە دیراسە دەكەین، ئێستاش پشتیوانی دەقی ڕاپۆرتی خۆمان وەكو لیژنەی شەهیدان و لیژنەی یاسایی دەكەین، تەواوی ئەو پێشنیارانە تاوتوێ دەكەین بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی یاسایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ژمارەیەك پرسیار ئاڕاستەی لیژنەی یاسایی هاتنە كرن، هەندەكیش وان دێ بەرسڤ دەن ژبەر كو تایبەت هاتینە ئاڕاستە كرن بۆ لیژنەی یاسایی، ژ وان دیسان بەحس ل هەندێ هاتنە كرن كە ئایا پەرلەمانێ كوردستانێ دەسەڵات هەیە بڕیاری بدەت یان یاسایەك دەربێخێت كو ئاسارێت وێ حكومەتا ئیتیحادی پێ مولزەم بێت، دیسان دێ ڤەگەڕین دێ بەحس كەین كو فەقەرە دوو ژ ماددەیا (١٣٢) ل دەستوورێ عێراقێ ماددەیەكا وازحە، ئەم دشێین وەكو پەرلەمانێ كوردستانێ هەر وەسا وەكو حكومەتا ئەنجومەنێ وەزیران ژی دەسەڵاتێت هەرێمێ ژ وێ یاسایێ ڤە دشێین ئیستینادێ سەر ڤی ماددەی بكەین، پێ مولزەم بكەین كو ئاسارێت ڤان بڕیار و یاسایان جێ بەجێ بكەن، مەسەلەیا دەسەڵاتێت ب دیتنا مە چ كێشە نینە بێنە بەدل كرن موئەسەسات، دەستوورێ عێراقێ خۆ ژی ب ماددەیەكا سەریح ئیشارەت پێ دەدات كو دەستوورەكا مولزەمە ل هەمی عێراقێ بێ فەرق و جیاوازی، ل هەرێما كوردستانێ كار پێ دێتە كرن و مولزەمەش ژبەر هەندێ دیسان دێ ڤەگەڕین ئیستینادا مە ل سەر وی ماددەیا (١٣٢)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە وەكو لیژنەی كاروباری یاسایی و بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی شەهیدان تێبینیمان كرد بە حوكمی ئەوەی ئێمە كۆمەڵگایەكی ئیسلامین و زیاتر لەسەر ڕێكخراوی تیرۆرستی و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام گرفت دروست بوو، بۆ ئەو مەبەستە ئێمە لە دەستەی سەرۆكایەتی هەردوو لیژنە بڕیارماندا بەو شێوازەی لێ بكەین كە ئێستا دەیخوێنینەوە، ڕێكخراوی تیرۆرستی بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بۆ ئەوەی ئەو گرفتە چارەسەر بێت، زۆربەی ئەندامە بەڕێزەكان گرفتیان هەبوو لەوەی كە تەنها وشەی (ناو) دەخەینە

بەردەم دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، دواتریش لە ناو کەوانەیەك (داعش)، پێمانوایە ئەو گرفتە چارەسەر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ماددەی دواتر بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم: (٣/ئاب) بە ڕۆژی کۆمەڵ کوژی جینۆسایدی ئێزیدییەکان دەناسرێت کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامدراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر بەڕێزێك دەیەوێت گفتوگۆ بکات سەبارەت بە ماددەی دووەم ناوی بنووسێت؟ کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم (٣/ئاب) بە ڕۆژی کۆمەڵ کوژی جینۆسایدی ئێزیدییەکان دەناسرێت کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ناسراو بە (داعش) ئەنجامدراوە، ئێمە تەنها ڕۆژەکە دەست نیشان دەکەین کە کۆمەڵکوژی تێدا ئەنجامدراوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئەبو بەکر.

**بەڕێز ابو بەكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە ماددەی دووەم بکرێ بە دوو خاڵ، ئەو دەقەی ئێستا خاڵی یەکەم بێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی دووەم بۆ ئەوەی ناو و ناوەڕۆك یەك بێ و ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکرێ و قورسایی هەبێ بڵێین لەکاتی دانان و موناقەشە کردنی بودجەی ساڵانە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێداویستیەکانی جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارە لە دابین کردنی بوودجە بۆ چالاکیە جۆربەجۆرەکان جێگەی بکرێتەوە لە بودجە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوەی هاوڕێکانم (٣٠) ئاب بە ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئێزیدییەکان ئەناسرێ، پێم وایە ئەوەندە بەسە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشــنیار ئەکەم خــاڵی دووەم بەو شــێوەی لــێ بکــرێ (٣) ی ئــابی هەمــوو ســاڵێك بە ڕۆژی کۆمەڵکوژی، جینۆساید لابرێ، ئێزێدیەکان بناسرێ یـان ئەناسـرێ، داواکاریشـم ئەگەر جینۆسـاید لابرێ هیچ کێشە دروست ئەکات لە سەنگی ماددەکە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هاورێ.

**بەڕێز هاورێ بنا محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سوپاس بـۆ ئێـوە بە ئەرکـی خۆتـان هەسـتان لە سـەرەتای جەلسـە وەکـو ڕێزێـك بـۆ ئەو شەهیدانەی کە شەوی ڕابردوو لە کفری و کەلار و گەرمیان شەهید بوون، پرسـە و سەرەخۆشـی خۆم ئاراستەی کەس و کاریان ئەکەم، داواکـارم لە خـوای گەورە سـەبووریيان بـدات، بـۆ بـڕگەی دووەم کە زۆر لە هاوڕێیانم ئاماژەیان پێدا پێم باشە بەو شێوازە بێ ((٣) ی ئابی هەموو سـاڵێك بە ڕۆژی کۆمەڵکـوژی ئێزیـدیەکان بناسـرێ، لەبەر ئەوەی پێویسـت بەو تەفاسـیلە ناکـات کە لە بڕگەی یەکەم باس کراوە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش، وەکـو ئەوەی لـێ هـاتووە بڵێـی (٥) خـاڵم بـۆ بژمێـرە و باسـی یەکێکیـان بـکە، لەبەر ئەوەی لە هەمـوو خاڵەکان ئەو بڕگەیە دووبارە کراوەتەوە، هەرچەندە لە بڕگەی یەکەم کـاك (سـۆران) و هەنـدێ لە برادەران خاڵێکیـان وروژانـد مـن پێشـتر مەبەسـتم بـوو باسـی بـکەم، ئەوەی دکتـۆرە ڤـاڵا ڕوون کردنەوەی لەسەر دان پێویست ناکات ئێمە بەو شێوازە دان بە دەوڵەتی ئیسلامی عێـراق و شـام بنێنین، ئەوە داخوازی ئەوان بووە.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیوەندی بەو بڕگەیەوە نیە....

**بەڕێز هاورێ بناْ محمد:**

........بەڵێ ئێستاش لە بـڕگەی دووەم بـاس کـراوە، ڕێکخـراوی تیرۆرسـتی دەوڵەتـی ئیسـلامی لە عێراق و شام دووبارە ناوی هاتۆتەوە، یەعنی لە زۆربەی بڕگەکان نـاوی هـاتۆتەوە، پێویسـت بەو شێوازە دانی پێ بنێین، پێم وایە وەکو پەرلەمان کە شـوێنی موئەسەسـەیە نـاکرێ شـەقام ئـێمە ئاراستە بکات، ئەو زمانەی کورتکراوەی بە داعش بڵاوی کردووە لە ناو خەڵك شەقام ئەو وشـەی بەکار هێناوە و ڕاگەیاندنیش هەندێ جار، پێم وایە وشەیەکی بەدیلی ئەو وشەیە بدۆزینەوە، بـۆ ئەوەی بتوانین ئەو وشەیە بەکارنەهێنین کە داخوازی داعش خـۆی بـووە و بتـوانین لە یاسـایەك دانێ پێ بنێین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست نیشان کردنی (٣) ی ئاب وەك ڕۆژی ئێزیدییەکان ڕۆژێکی تر لە دڵگرانی گەلەکەمان زیاد ئەبێ کە مێژووی ئێمە پڕە لە ڕۆژانی وەکو ئەوە، بەش بە حاڵی خۆم بۆ تاکێکی وەکو کوردێك شانازی ئەکەم لەو جەلسەیە باسی بابەتێکی وا بکەم، ئەوە پشتگیریەکی ئەگەر چ نەبێ مەعنەویە، دوای ئەوە ڕەنگە پشتگیری ماددی بە دوا بێ بۆ قەرەبوو کردنەوەی خوشك و برا ئێزیدیەکان، قسەکانم زۆر کران، ڕوون کردنەوە درا لەلایەن جەنابی وەزیر دکتۆرە ڤاڵا و هاوڕێیانم، بەڵام ئەوەی بەبۆچوونی من پێویستە لابرێ ڕێکخراوەکەیە نەك دەوڵەت، بۆ؟ چونکە ناوی دەوڵەتی ئیسلامە لە عێراق و شام، دەوڵەت و ڕێکخراو دوو شتی لێك جیاوازن، دەوڵەت زۆر گەورەترە، ئەوانە سوپا و جبەخانەیان هەبوو، ئابووری بەهێزیان هەبوو، ناوچەیەکی جوگرافی بەرفراویان لە دەست بوو، پێم وایە ئەگەر هێزی ڕۆژئاوا نەبووایە ئێستا ئەگەر هەموو دەوڵەتی مووسلمانیشان نەگرتبوایە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتە ئیسلامییەکان داعش حوکمی تێدا دەکرد، بۆ وەبیرهێنانەوەی برادەران دوای هاتنی داعش و بەرفراوان بوونیان لە سوریا و ناوچە سوونیەکان لە عێراق کۆنفرانسَك لە ئیستەنبوڵ کرا هەموو زاناکانی مووسلمان لەوێ کۆبوون یەك زاناش ئامادە نەبوو بڵێ ئەوە ڕێکخراوێکی تیرۆرستییە، زۆر موتابەعەم کرد یەك زانا نەبوو، وتیان ناتوانین بڵێین ئەوانە تیرۆرستن، بۆ؟ چونکە دەوڵەتێکی ئیسلامیە، بەپێی هەموو ئەو ڕاپرسیانەی کە ماڵپەرە ئەلیکترۆنیەکان و تۆڕی ئیعلامی لە ناو وڵاتانی مووسڵمان کراوە تەئیدی ئەو حوکمەیان کردووە کە داعش ئەیکەن، بۆیە ئەوە ناوی خۆیانە، کە جەنابی دکتۆرە ڤاڵا ئاماژەی پێدا بۆ ئێمە قبوڵمانە بڵێین داعش بەس قبوڵمان نیە بڵێین دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، خۆ داعش کورتکراوەی ئەو ناوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر کازم.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیازەی من هەمبوو لەلایەن بەڕێزانەوە باسکرا، پشتگیریش کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەروان.

**بەڕێز سەروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دروست هاورای پێشنیارەکەی کاك بەهمەنم بەراستی کە ڕۆژێکی نیشتیمانی زەرورە بۆ میلەتی ئێمە هەبێ، ئەوەی تریش (٣) ی ئاب لە ماددەی دووەم بە ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدیەکان ئەناسرێ کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی، خۆ ئەگەر بگوترێ داعش هەموومان هاوراین لەسەر ئەوەی ناوی خۆیانە، ئەوە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شامن، ناتوانین ناویان بنێین دەوڵەتێکی تر، دروستە یانی ناوی ئەوان بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، بەڵام بە ناوی یانی لەوێش ئیزافە بکرێ، کەسمان لەگەڵ ئەوە نین ناوەکە

بسـردرێتەوە، وەکـو خـۆی بهێلـدرێتەوە، چـونکە نازنـاو و نـاوی ئەوان ئەوە بـووە، بەڵام ئەوان ناویان لە خۆیان ناوە دەوڵەتی ئیسلامی نەك جیهان ناوی لە ئەوان نابێ، بۆیە با نـاوەکە لەوێـش ئیزافە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لەوە ئەکەم (٣) ی ئابی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئیزیدییەکان ئەناسێندرێ، بەڵام ئەو تێبینیە زۆر دەقـیقە لەوە چـۆن باسـی ئەوەی ئەکەیـن (٨) هەزار بـارزانی، (١٨٢) هەزار ئەنفــال، (٥) هەزار شــەهیدی کیمیابــارانی هەڵەبــجە، لێــرە ئەو عەددە دوای لێکــۆڵینەوە و تــوێژینەوەی ورد لەســەری بتــوانین ئیشــارەت بەوە بــدەین کە ژمــارەی ئەو قوربانیــانەی لەو جینۆسـایدە بـوون چەنـدە، زۆر گـرنگە ئیشـی لەسـەر بکـرێ، دوو، ئەوەی پەیوەنـدی بە نـاوەکە هەیە، ڕێکخـراوی تیرۆرسـتی دەوڵەتـی ئیسـلامی لە عێربـاق و شـام، دوای ئەوەی بەڕێـز وەزیـر دکتۆرە ڤالا بە تەواوی شەرحی کرد، پێویستە مـادام لەسـەر ئاسـتی نێـودەوڵەتی و ڕێکخـراوە و ناوی خۆشیان هەر بەو شـێوازە بـوو، لەبەر ئەوە پێویسـتە وەکـو خـۆی بمێنێـتەوە، بەڵام ئەوەی ناسراو بە داعش وشەی ناسراوەکە لابرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆر محی الدین.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە بــڕگەی دوو هــاتووە دەقەکەی وایە (٣) ی ئــاب بە ڕۆژی کۆمەڵکــوژی جینۆســایدی ئیزیــدیەکان ئەناســرێن پــێم وایە دەناســرێ نــاکرێ، ئەکــرێ وای لێکــرێ (٣) ی ئــاب بە ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئیزیدییەکان دیاری ئەکرێ، چـونکە لەگەڵ عینـوانەکەی سـەرەوە لێکجـاوازە، ئەگەر بڵێـین ئەناسـرێ یەعنـی (یعـرف)، بەڵام ئەوەی تـر تەحدیـدە، تەحدیـدی ڕۆژێـك ئەکەیـن بـۆ کەمەڵکوژین سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لەنجە خان.

**بەڕێز لەنجە ابراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێوەی گشتی پێشنیازەکە زۆر پوختە، دەست خۆشـی ئەکەیـن، لە هەمـوو برگەکـان پێشـنیار ئەکەین لە پێشی وشەی کۆمەڵکوژی لە ناو دوو کەوان (جینۆساید) وشـەی تـاوان دابنـرێ، لەبەر ئەوەی کۆمەڵکوژی تاوانە، پاڵپشتی بەڕێز وزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەکەین کە بەپێی دەستوور زۆر گرنگە قەرەبوو کردنەوە لەسەر عێارقی فیـدراڵ بـێ، هەم لە بەرژەوەنـدی کەس و کاری قوربانیان بێ.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەنجە خان بەڕێزت نابێ پشتگیری وەزیر بکەی، ئەبێ پشتگیری پەرلەمانتار بکەی، ئەوە پەیوەندی بەو برگەیەوە نیە.

**بەڕێز لەنجە ابراهيم عبدالرحمن:**

......بەڵام من بە حوکمی ئەوەی کە ئەزانین قازانجی ئەوانە قەرەبوو کردنەوەکە لە عێراق بێ، تەنیا پێشنیارەکە تەئیدی ئەکەم، یاسای نێودەوڵەتی جینۆسایدن یەك کۆمەڵ بابەت لە خۆ ئەگرێ، ئەوەی ئەو بەڕێزانە لە پەرۆشیوە باسی ئافرەت و منداڵ ئەو تاوانانەی داعش کردیتی هەموو کە باس ئەکرێ تۆماتیکی جینۆساید ئەگرێتەوە، پاڵپشتی لە کاك بەهمەن ئەکەم، بۆ ئەوەی لە قۆناغی داهاتوو لیژنە پەیوەندیدارەکان کار بۆ ڕۆژێکی تایبەت بە جینۆسایدی دژ بە گەلی کورد بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زکری.

**بەڕێز زکری احمد اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددێ دوو (٣) ئاب ڕۆژی کومەڵکوژی جینۆسایدی ئێزیدیەکان ئەناسرێ کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام ناسراو بە داعش ئەنجام دراوە، ئەز پێشنیار ئەکەم هۆ بێتە نقیسین (٣) ئاب بە ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆساید ئێزیدییەکان و هەموو ئەو کەسانەی دانیشتووی ناوچەی دەرەوەی هەرێمن ئەوە ئیزافە بکرێ کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق، پێشنیار دەکەم ئەوە لێ بێتە ڤەکرن، بۆ هندێ پشتیگریا مامۆستا ڕۆژانی دکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزيران نيسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو کلد و ئاشووریەکان دوای ئەوەی پشتگیری خوشك و براکانی ئێزیدی ئەکەین بۆ ئەوەی ڕۆژێکی تایبەت بە جینۆساید کردنیان لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشەوە کراوە، دوای داگیر کردنی موسل و شنەگال لە (٣) ی ئابی (٢٠١٤) ئەوەی ئێمە تێگەین کە خوشك و برا ئێزیدی و کلد و ئاشووریەکان وەکو دوو نەتەوەی بچووك بە تایبەتی لە دەشتی نەینەوا ئەو دوو نەتەوە زیاتر تەزحیەیان داوە، بۆیە پێمان وایە ناکرێ هەندێ لە خوشك و برایان باس لەوە ئەکەن ڕۆژێکی تایبەت بە جینۆساید کردنی گەلی کورد پێم وایە ئەبێ ئەو خوشك و برا بەڕێزانە زیاتر لە ئێمە باسی پێکهاتەکانی تر بە فیعلی تا ئێستا بە گوێرەی ئاخیر زانیاری ئێمە زیاتر بە سەدان لە خوشك وبرایانی ئێمە ژن و پیر و منداڵ لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دان، لە دەرەوەی شاری ڕەقە و لە هەندێ شوێن کە ئێستاش لە ژێر کۆنترۆڵی داعشن، زۆر جار قەتل و عام کراوین، یەکەمین تەجروبەی جەیشی عێراقی لە ساڵی (١٩٣٣) قەتلو عامی ئاشوورییەکان بوو لە دەڤەری سمێل، لە کاتی نووسینەوەی ڕەشنووسی هەرێمی کوردستانیش باسی ئەوەم

کردووە کە هەموو ئەو پێکهاتانەی کە تووشی جینۆساید و قەتلو عام و زوڵمی گەورە کراون، ئەبێ لەو رەشنووسە ناویان بهێندرێ، یان بە شێوەی گشتی بڵێین هەموو خەڵکی کوردستان، بۆیە پێم وایە ئەو پەرلەمانە پشتگیری و پاڵپشتی گەلی ئێمەش بێ بۆ ئەوەی رۆژێ لە رۆژان ئێمەش وەکو کلد و ئاشوورییەکان قەتل و عام کراوین، بەراستی شوێنێك یان رۆژێك هەبێ بۆ ئەوەی بە شێوەی فەرمی ئێمە باسی ئەو رۆژە بکەین و پیشانی نەوەی خۆمان بدەین لە هەموو دونیا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو هەلەز خان.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەك من هەبوو یەکەم کەس بووین دەستێ خۆ بلند کر بووینە ئاخیر کەس، ژ بەر هندێ هەمیت پێشنیارێت من هاتیە پێشکەش کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان لە ماوەی (٢) دەقە ئەگەر تێبینیتان هەبێ.

**بەڕێز د.ڤالا فەرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند سانیەیەك تێبینی خۆمان ئەدەین و تەعویزی دە دەقەکە ئەکەینەوە انشالله، ئەو بابەتەی تەحدید کرا ئایا ژمارەکان تەحدید بکەین وەکو ئەوەی هەڵەبجە و وەکو ئەوەی ئەنفال، تا ئێستا ڕێکخراوەکان چ لەسەر ئاستی دەولی و حکومەتیش لیژنەیەکی تایبەت مەندی هەیە بۆ ئەو بابەتە نەگەیشتوونەتە کۆتایی، گۆڕە بە کۆمەڵەکانیش تا ئێستا هەمووی هەڵنەدراوەتەوە، بۆیە پێم وایە پەرلەمانی کوردستان نابێ خۆی لە تەحدید کردنی ژمارەکان بدات، ئەبێ خۆی بپارێزێ تا ئەو کارانە کۆتایی دێ، کورت کردنەوەی ماددەکەش ببێتە(٣) ی ئاب بە رۆژی کۆمەڵکوژی جینۆساید ئەناسرێ هیچ کێشەیەك نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنە تایبەتمەندەکان، لە لیژنەی ئەنفال دەست پێ ئەکەین.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی پەرلەمانتارە بەرێزەکان بە هەند وەرئەگیرێ، وەك هەندێك لە ئەندامان باسیان کرد ئەو تیراژیدیایانەی بەسەر کورد هاتووە ئەوەندە زۆرە هەر دوێنێ یادی ئەنفالی بارزانمان کرد، چەند رۆژ لەمەوبەر بوو گۆرێکی بە کۆمەڵ هەڵدرایەوە، بۆیە وەکو لیژنەی شەهیدان و پەرلەمانی کوردستان کار ئەکەین لەسەر تەواوی ئەو پێشنیازانەی بەرێزتان ئاماژەتان پێداوە، پشتیوانی لە کاکم بەهکەن ئەکەین، پێویستە رۆژێکی ماتەمینی نیشتیمانی لە کوردستان هەبێ، چونکە یادەکان زۆر زۆرن بەسەر گەلی کورد هاتوون، ئێمەش وەکو لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و زیندانی سیاسی بە هاوبەشی لەگەڵ لیژنەی یاسایی هەر ماددەی دووەم بەو

شێوازەی لێ ئەکەین کە (٣) ی ئاب بە ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئێزیدیەکان ئەناسرێ، چونکە ئەوەی تر زیادە و دووبارەیە و پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەزیش لگەل هەندێم کە (٢-٣) ئەندام پەرلەمانی کری، براستی ژی بتنێ کوردێن ئێزیدی نەبووینە قوربانی، باشتر ئەوە مجالی پیچەك بەرفرەهتر بکەین، هەمی نەتەوەك وان دەڤەرێن دەرڤەی ئیدارا هەرێمێ یان ئەو ناوچەت کەتینە بن دەستێ داعش و زوڵم لێ کری براستی حەقێ وان ژی، لەحزەکا دی ئەگەر روخەست بی بۆ کاك هاورێ و هەلەس خانێ ماددا (٩١) ژ پەیرەوێ ناڤخۆیێ پەرلەمانی دبێژێت لە خەستنە دەنگدانی رایەکان پێویستە ئەو رایەی ئەخرێتە دەنگدان لای کەم (٣) ئەندام پشتگیری راکە بکات، جگە لەو (٢) ئەندامەی بۆ ئاخاوتن ئەکەونە ریزبەندی کۆتایی، ژ بەر هەندێ وەکی روون کردنەك بۆ هەمی ئەندامێت پەرلەمانێ بەرێز هەر ئەندامەك ئاخاوتنێ بگەهتە دووماهی سل نەکەت ئەگەر وی پێشنیارەك کر (٣) ئەندام ئەندام پشتگیریا وی نەکر رەئیا وی نەیەتە وەرگرتن، پەیرەوێ نافخۆ ئەو حاڵەتە ئیستیسنا کریە، هەردوو ئەندام پەرلەمانێ ب دووماهی کێ ئاخافتنێ دکەن موباشر پێشنیارا وی دێتە وەرگرتن بێ پشتگیری، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێستا فەرموو ماددەی سێیەمی پێشنیازەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم:

ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ (بەدریە خان، کاك مەم، شان خان، گولستان خان، کاك زکری، کاك بەڵێن)، فەرموو بەدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم بە بەرای من ئەبو هەر نەبوایە، ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکەن، ئەگەر حوکمەتی هەرێم مولزەم نەکرێ بە جێ بەجێ کردنی قەرەبوو کردنەوە، کەوایە ئەنجومەنی وەزیران چی جێ بەجێ بکات؟ لە کاتێکدا جیهەتی تەنفیز بێگومان حوکمەتی عێراقی دەبێ ئەو بابەتە تەنفیز بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دکتۆرە شایان.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئەڵێ ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لاینە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەو بڕیارە جێ بەجێ بکەن، پێم باشە لیژنە موختەسەکان ئاماژە بە لایەنە پەیوەندیدارکان بکەن کێن؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ڕێگەم بەی بەرلەوەی رای خۆم لەسەر ئەو ماددەی بخەمە روو، پێشنیازێکم هەیە بۆ هاورێیان لە لیژنەی یاسایی، کاتێ راپۆرتێك پێشکەش ئەکەن بە داخەوە بەپێی پەیرەو ئەگەر پێشنیازێك بخرێتە روو دوو پەرلەمانتار پشتیوانی لێ نەکات ناخرێتە دەنگدانەوە، پێم وایە کەموکوریە هیوادارم لە داهاتوو پێداچوونەوەی بۆ بکرێ، بۆ؟ لەبەر ئەوەی هەندێ پێشنیاری گرنگ ئەخرێتە روو لە کۆتاییەکانایە ئەو پێشنیازە پشتیوانی وەکو پێویستی بۆ نەهاتووە، بۆیە پێشنیاز ئەکەم بۆ هاورێیانم لە لیژنەی یاسایی کاتێ راپۆرت پێشکەش ئەکەن ئەبێ ئەندامان ببینەنەوە بۆ ئەوەی پێش ئەوەی بخوێندرێتەوە بڵێی ئەوە بەو شێوەی لێ بکرێ باشترە، دەربارەی ئەو خاڵە ئەو ماددەیە و دوو ماددەی دواتری رۆتینن لە هەموو یاسا و بڕیارێك هەن کە ئەخرێتە روو، زۆرجار قسە لەسەر ئەو جۆرانە ناکرێ کە لە پەرلەمان ئەخرێنە روو، پێشنیازی من ئەوەیە لەسەر ئەوە، لەبەر ئەوە هیچ ئیلتیزامێك نەدراوە بە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ناو ئەو بڕیارە، بۆ حکومەتی عێراقیە پێویستە لەسەری، بۆیە پێویستە دارشتنەوەی ئەو خاڵە بەو شێوەی لێ بکرێ، لەبەر ئەوەی مولزەم نیە، ئەگەر حکومەتی هەرێم مولزەمە بە جێ بەجێ کردنی کەوایە لێرە ئەمرێ پێ ئەکات ئەڵێ ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران جێ بەجێ بکا، بۆیە ئەکرێ بەو شێوەیە بێ (پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارکان کار بکەن بۆ جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەو بڕیارە)، ئەوە جۆرێ لە لاستیکیەتی تێدایە، کار کردنەکەیان ئەوەیە مشاوەرە لەگەڵ حکومەتی عێراقی بکرێ، پاڵپشت بە ماددەی (١٣٢) ی دەستووری عێراقی پێویستە ئیلزام بکرێ ئەو شتانە لە ئەستۆ بگرێ، ئەکرێ ئەمرێ بێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە کاتێکدا لە ماددەکانی پێشتر هیچ ئەرکێك نەخراوەتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە تێبینم هەیە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارکان، بەڵام لە خاڵی یەکەم باسی دەزگا دەستووریەکانی کۆماری عێراق ئەکرێ، لێرە ناوی عێراقی فیدراڵ هاتووە بە بڕوای من پێویستە لێرەش ئاماژە بدرێ بۆ لایەنە

پەیوەندیدارانەی کە دەزگا دەستووریەکانی کۆماری عێراقن کە مولزەم بکرێن بە قەرەبوو کرنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی هاوڕێیان باسیان کرد پێشنیاز ئەکەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە کە لە ژێر ڕۆشنایی ڕوون کردنەوەکانی جەنابی وەزیر بێ کە ئەبێ ئەنجومەنی وەزیران و دامەزراوە دەستوورییەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ حوکمەکانی ئەو بڕیارە لە ئەستۆ بگرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زکری.

**بەڕێز زکری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم دەبی ئەنجومەنی وەزیران لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن، لەکاتەکدا ئەنگۆ بەحس کر گۆت دەستووری عێراقێ ئیشارەتی پێدا هەمیا ئەو زیان قەرەبویەیا ختیە ئەستۆی خۆی پێویستە لێرەش بێتە نقیسین، حکومەتا فیدرال و حکومەتا هەرێما کوردستانێ و لایەنێت پەیوەندیدار حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن، پێویستە ئەمە ئیزافە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەنها بۆ ڕوون کردنەوە ئەم ماددانە لە کۆتایی هەموو بڕیارو یاسایەك کەلەم پەرلەمانە دەردەچێت هەیە، و لەو ڕوانگەی کە پەرلەمانی کوردستان دەتوانێت تەنها حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان پابەند بکات، بەهیچ جۆرێك ناتوانێت بنووسرێ ئەم یاسایەی کە لێرە دەرچووە حکومەتی دامەزراوە دەستوورییەکانی عێراق پابەند دەکات، سەبارەت بەو ماددەیەی یان ئەو بەشەی کە تێیدا هاتووە تەحەمول کردنی قەرەبوو کردنەوە ئەوە ئیستینادمان کردۆتە سەر ماددەیەکی دەستووری، تەنها لەوێدا باس لە تەحەمولی قەرەبوو کردنەوە دەکەین، ئەگینا ئەم بڕیارەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچێ بەهیچ شێوەیەك هیچ جۆرە ئیلزامێکی بۆ دەسەڵاتی فیدرالی نییە و هیچ ئیلتیزامێکیشیان لە ڕاستیدا لەسەر دروست ناکا، سەبارەت بەوەی ئەگەر قەرەبوو نەکرێتەوە، ئەی حکومەتی هەرێمی کوردستان چی ئەکا؟ بۆ ئێمە ئەم ماددەیە ئەنووسین لە ڕاستیدا مووجەرەد دیاری کردنی ڕۆژەکە پێداویستی هەیە ئەم پێداویستیانە ئەگەر حکومەت پابەند نەکرێت بە جێبە جێکردنی ئەم بڕیارە پابەند نابێ بە دابین کردنی پێداویستیەکانی ڕۆژەکەش لانی کەم بۆ نمونە، بیهێنە بەر چاوی خۆتان ڕەنگە حکومەت لەسەر زەوئی ئێمە بڕیاربدات ئەو ڕۆژە بۆ ئێزدییەکان بکات بە پشوو ڕەنگە بڕیار بدا مەراسیمی گەورەیان بۆ ساز بکا کە پێویستی بە پێداویستی لۆجستی و پێداویستی دارایە لە بەر ئەوەی

مانەوەی ئەم ماددەیە زەرورەتە و بە هیچ شێوەیەکیش ناتوانین بڵێین دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی عێراقیشی پێ بابەند دەبێت .فەرموو کاك سۆران .

**بەرێز سۆران عمر سعید:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان لێرە ئیلزام دەکرێن بە جێبەجێ کردن؟ لە ئێستادا ماف و ئیمتیازاتی زیدانیانی سیاسی ئەنفال و شەهیدان هەوڵ ئەدرێ لە عێراق دەستەبەر بکرێ ئەمە کێ ئەیکا ؟ وە ئەمەش کە لێرە هەیە دیسان ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی شەهیدان ئەوە ئەکا ئەوە ئیلزامەکەیە کە مافەکە دابین ئەکات زۆر سوپاس .

**بەرێز د. رێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەڵێن.

**بەرێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە باسم کرد لە پێشنیازەکەیا ئەگەر ئەوەی کە جەنابت باسی ئەکەی جێبە جێکردنەکە بگۆردرێت بە ئەستۆ گرتن ئێمە ناتوانین حکومەتی ئەو دامەزراوە دەستووریەکانی کۆماری فیدراڵی عێراق بە هەما هەنگی لەگەڵ حکومەتی ئێمە حوکمەکانی ئەم بڕیارە لە ئەستۆ بگرێ، ئایە بە لە ئەستۆ گرتنیش هەمان ئەو شێوازەی کە جەنابت ئەیلێی هەر بەو شێوازە ئەچێتە بواری جێبە جێکردنەوە؟ ئەگەر روونکردنەوەیەکی زیاتر بدەی .

**بەرێز د. رێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی کۆی بڕیارەکە دەتوانی حکومەتی هەرێم و دامەزراوەکانی هەرێمی پێ ئیلزام بکەی، بەڵام لێرە ئەگەر لە کۆتایا ئەمە ئەحکامی عامەیە لەم کۆتایە بڵێن دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان و دامەزراوە دەستووریەکانی عێراق حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبە جێ بکەن، کەواتە عێراقیش ئیلزام دەکرێت کە ئەو رۆژە بکا بە رۆژی بە جینۆ ساید کردنی ئێزدییەکان، یەعنی ئێمە حوکمی تەواوی بڕیارەکە پەیوەستە بەم برگەی (٣)یە بەم خاڵی سێهەمە لەناو کۆی ئەم بڕیارەیا ئەو تەحەمولی مەسئوولیەتە تەنها بەشی تەعویزەکەیە لەوێش بێ گومان ئیستنادمان کردۆتە سەر ماددەیەکی دەستووری یەعنی ماددەی (١٣٢) کە منیش بۆخۆم لە گەڵ ئەوەم بە ناو ناوی بێنین لەبەر ئەوەی لەم شێوازەمان زۆرهەیە بۆ نمونە، قانونی (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) لە هەر شوێنێکا باسی هاو ئاهەنگی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ ئەکا سەبارەت بە مەسەلەی بیرە نەوتەکان سەبارەت بە مەسەلەی نەوت و غاز ناوی ماددەکە ئەهێنێ بە تەحدیدی بۆ ئەوەی ئێمە لەو ئیشکالیەتە دور بکەوینەوە، ئەم برگەیە بە تەنها دەتوانین حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئیلزام بکا ئەوەی سەرەوە تەحەمولەکە شتێکی ترە مانای ئیلزامی تێدا نیە بە تەنها روونکردنەوەی ئەوەیە بەتەنها لە ناو ماددەیەکی دەستووریا هاتووە . فەرموو بەرێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموون ئەگەر روونکردنەوەیەکتان هەیە لە ماوەی (٢) دەقە.

**بەڕێز د.ڤالآ فرید ابراهیم / وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەڕلەمان :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەڕلەمان کە دەڵێن دەبێت ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبە جێ بکەن واتا ئەنجومەنی وەزیران تەمسیلی تەفاوز دەکات خۆتان دەزانن بە پێی قانونی سەرۆکایەتی هەرێم و بەپێی هەڵبژاردن ئەوەی کە مـوولزەمە بەوەی موفاوەزات بکاتن لەسەر هەموو کەیسەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بریتیە: لە ئەنجومەنی وەزیران و لە بەڕێز سەرۆکی هەرێم بۆیە لیرەدا ناوی لایەنە پەیوەندیدارەکانیش هاتووە لێرە ئەنجومەنی وەزیران وەکو جیهەتی مەعنی وەکو سوڵتەی تەنفیزی چەند وەزارەتێك رادەسپێرێتن کە هەڵسن بە جێبەجێ کردنی ئەو نەسەو هەستن بە جێبە جێ کردنی ئەوەی لە خاڵی یەکەمی بڕیارەکە داهاتووە و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش مەبەستمان ئەوەیە هەر کەسێکی کە مولزەمە بە پێی یاسا بنەرەتیەکان لە هەرێمی کوردستان کە هەما هەنگی بکا لەگەڵ دەسەلآتە فیدراڵیەکان کە بەرێز سەرۆکی هەرێمە، بۆیە دەقیقەن هاتووە کە ئەنجومەنی وەزیران زائیدەن لایەنە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن مانای ئەوە نیە ئەوان قەرەبووکردنەوە دەدەن، مانای ئەوەیە ئەوان موومەسیلی خۆیان تەحدید دەکەن بۆ ئەوەی بچن لە بغدا کار بکەن بۆ جێ بە جێکردنی ئەوەی لە بڕگەی یەکەم دا هاتووەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنەی یاسایی چوارەم بخوێنەوە .

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم : کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لە گەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بەڕێزان هەرکەسێك دەیەوێت سەبارەت بەم بڕگەیە قسەی هەبێت؟ هیچ قسەیەك نییە. پێنجەم بخوێنەوە فەرموون.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنچەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی بڵاو بوونەوەی لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبە جێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەڕلەمانی کوردستان:**

ج بەڕێزێك دەیەوێت سەبارەت بەم بڕگەیە قسە بکات، کاك سۆران،کاك کاروان، رووپاك خان، کاك کاروان. فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پێشـنیار ئەكەم ئەم بڕیـارە لە ڕۆژی دەرچـوونی كـاری پـێ بكـرێ واتـا جێبەجـێ بكـرێ وە سبەینێش پەیرەویە دەتوانین كۆبوونەوەی دەنگدان بكرێ و شەمە كار بە بڕیـارەكە بكـرێ ڕۆژی جینۆسایدەو یەكەم ساڵە و یەكەم ڕۆژیشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ڕووپاك خان.

**بەڕێز ڕووپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـیش هەمـان پێشـنیاری كـاك سـۆرانم هەیە، چـونكە (٣-٨) دەكەوێـتە ڕۆژی شـەمە لایەنە پەیوەندیدارەكان حكومەتی هەرێمی كوردستان جیهەتی مەعنی و وەزارەتی مەعنی دەتوانێ كە مەراسیم بێ یان هەر شتێك پێویست بكات لەو ڕۆژە بیكا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ فەرموون هۆیەكانی دەرچوواندن بخوێنەوە، عەفوو فەرموو كاك حیكمەت.

**بەڕێز حكمەت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە ئەم بڕیارە لە (٣)ی مانگ دا بیتن، لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە لە (٣)ی مانگ دا هاتیە كـردن زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئەوە لە ناو ڕاپۆرتەكە خـۆی هـاتووە دەسـتان خـۆش، فەرمـوون هۆیەكـانی دەرچوواندن بخوێنەوە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكـانی دەرچوواندن: بـۆ بە دیهێنـانی داد پەروەری و دابـین كردنـی مـاف و ئیمتیـازات و قەرەبـووكردنەوەو كەم كـردنەوەی ئاسـەوارەكانی تاوانەكـانی كۆمەڵكـوژی جینـۆ سـایدی ئێزیدییەكان كە لە لایەن ڕێكخراوی تیرۆرستی دەوڵەتـی ئیسلامی لە عێـراق ناسـراو بە داعـش ئەنجام دراوە بە مەبەستی زیندو ڕاگرتن و ڕێز لێنان لە قوربانییەكان ئەم بڕیارە دەر چوێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس چ بەڕێزێك دەیەوێت سەبارەت بە هۆیەكانی دەرچوواندن قسـە بكـات فەرمـوون، فەرمو دكتۆر محی الدین.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕەنگە ئەوەی من ئیزافەی نەكەم لەسەر هۆیەكانی دەرچوواندن، بەڵام بـابەتی كەوتنـی شـەنگال كۆمەڵكوژییەكان و كێشە هـاو چەشـنەكانی زۆر جـار لە نێـوان لایەنـی كوردسـتانییەكان دەبێـتە بـابەتی مـوزایەدەو بـابەتی بەخشـینەوەی تـۆمەت لەگەڵ یەكتریـا بەتـایبەت لەكـاتی كێبڕكـێ و

ململانێدا، کەیسی شەنگال و هاوشێوەکانی تری بەراستی من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە گەڵ کابینەی نوێی حکومەت بە هاوبەشی لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە بۆ دەرکەوتنی راستیەکان.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محی الدین ئەوە چ پەیوەندیەکی بە هۆیەکانی دەرچواندنەوە هەیە؟

**بەرێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ویستم هەر وەکو پێشنیارێك.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا ببوورن. کاك کاروان فەرموو.

**بەرێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە هۆیەکانی دەرچوواندن چەند خەلەلێکی تێدایە چەند دەستەواژەیەکی مەعنەوی کە لە رووی یاساییەوە رەنگە گونجاو نەبن و تێکەڵێکی زۆر دەبینم وە سێیەمینیشیان تەعبیر لە ناوەرۆك و تایتڵی پرۆژە یاساکە ناکات نە بە دیهێنانی داد پەروەری، داد پەروەری کاتێك بە دی دێت کە دادگایی بکرێن من پێم وایە کەسانی داعش و ئەنجام دەرانی تاوانەکە ناتوانرێ دادگای بکرێن، بۆیە ئەمە زیادەیە وە کەم کردنەوەی ئاسەوار دەستەواژەیەکی مەعنەویە ئەم ئاسەوارانە کەم ناکرێتەوە بەڵکو قەرەبوو دەکرێنەوە و بە زیندوو راگرتنیش لە دێری کۆتایی هەڵبەت خۆی بە جینۆساید ناساندنی رۆژەکە بە زیندوو راگرتنیەتی، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بەو شێوازەی لێبکرێت لە پێناوی دیاری کردنی رۆژی (٣-٨-٢٠١٤)کە پێم وایە ئەوە دووبارە موعالەجەی تایتڵی پرۆژە یاساکەش دەکات، بۆ ئەوەی کە د.ڤالاش باسی کرد لە پێناوی دیاری کردنی رۆژی (٣-٨-٢٠١٤) بۆ بە جینۆساید ناساندنی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی ئێزدییەکان و دابین کردنی ماف و ئیمتیازات و قەرەبو کردنەوەی قوربانیانی ئەو تاوانە کە لە لایەن رێکخراوی بە ناو تیرۆرستی داعش ئەنجام دراوە سوپاس. عەفو رێکخراوی تیرۆرستی داعش بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی ئەنجام دراوە سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دکتۆر رێبوار.

**بەرێز د.رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دوا بڕگە کە قسەی لەسەر دەکرێ و گفتوگۆی لەسەر دەکرێ کە بریتییە لە هۆیەکانی دەرچواندن سە بارەت بە پرۆژە بڕیارێکی تەشریعی لە بارەی جینۆسایدی خوشکو برا ئێزدییەکان من لەسەر ئەو دەقی ومەتنی ئەم بڕگەیە تەنها لەسەر سڕینەوەی ئاسەوارەکانی تاوانەکانی کۆمەڵکوژی، من پێم وایە سڕینەوەی ئاسەوارەکان بەو شێوەیە ناکرێ کە ئێمە لە دەقێکی وا ئەکرێ بەڵکو ئەکرێ ئیجرائاتی خۆی هەبێ، بەڵام لە هەمووی گرنگتر زیندوو راگرتنی خودی رووداوەکە زۆر زۆر گرنگترە، پێم وایە بە قەرەبووکردنەوەی کەسوکارانی قوربانیان چ لە

دابـین كردنـی مـوچەیەك بـۆ كەسـوكاری قوربانیـان واتـا قەرەبـووكردنەوەیەكی مـاددی یـاخود مەعـنەوی نـابێتە مـایەی ئەوەی ئاسـەوارەكانی ئەم كۆمەڵكـوژییە ئەم رووداوە كە پـڕاو پـڕە لە تراژیدیا كەم بكرێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش من بە دەرفەتی دەزانم جگە لە قسە كـردن لەسـەر مەتنی هۆیەكانی ئەم پرۆژە بڕیارە ئەگەر جەنابت دەرفەت بـدەی مـن لەسـەر ئەوەی كە بە پێـی مـاددە (١٦) فەقەرە (١٠) داوا لە بەرێزتـان دەكەم هەم دیسـان بـۆ زینـدووراگرتنی و بـۆ بە شـكۆ راگرتنـی سـومبولەكانمان داوا لە بەرێزتـان دەكەم كە موخـاتەبەی پەرلەمـانی كوردسـتان موخاتەبەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێـراق بكا كە بە پـڕۆژە بریـارێكی تەشریعی سـومبولەكانی كوردسـتان بپـارێزرێن و جیتـر سـوومبولەكانی كوردسـتان ئەتـك نەكـرێن لەبەر ئەوەی كە، بێرێزییەكە بەرامبەر بە ئاڵای كوردستان كراوە لە لایەن ئەفسەرێكی عێراق وە داواتـان لـێ ئەكەم كە موخاتەبەی پەرلەمانی عێراق بكەن بۆ.

**بەرێز د. ریَواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

كـاك د.رێبـوار ئەوە هـیچ پەیوەنـدیەكی نیـیە بە بـابەتەكەوە ببـورن دەتـوانن یاداشـتێك بـدەنە سەرۆكایەتی بۆ قسەكردن لەو بابەتە. فەرموو كاك سۆران عمر.

**بەرێز سۆران عمر سعید:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر لە رووی سیاغەوەیە دارشتنێكم كردووە دەینێرم بۆ لیژنە پەیوەندیـدارەكان، بەڵام ئـێمە ئەمـرۆ جەریمەیەكـی نێـو دەوڵەتیمـان ناسـاند و لە پێشـتریش نەتەوە یەگرتوەكـان بە فەرمـی هاتووە جەنابت و د.ڤاڵاش ئاگادارن كە نەقسێكی گەورە لە قەوانینی هەرێمـی كوردستان هەیە ئەویش تاوانی جینۆساید لە هەرێمی كوردستان بوونی نیە و پێویستی بەوەیە كە لە یاسـاكانی هەرێمـی كوردسـتان یـا بە یاسـایەكی تـایبەت تـاوانی جینۆسـاید بكـرێتە یاسـاو ئەو فەراغە پـڕ بكەیـنەوە، چـونكە ئەگەر لە عێـراق دەسـت كـرا بە موحـاكەمە ئەولەویەت بـۆ ئەوەیە ئەگەر قانونێك هەبێ مەحكەمەكە لە هەرێمی كوردستان دروست ببێ و ئەو تاوانە بە یاسـای هەرێمـی كوردستان كە تەعریفی جینۆسایدی جەریمەی جینۆساید بكا لە قەوانینـی هەرێمـی كوردستانە پڕ بكرێتەوە زۆر سوپاس .

**بەرێز د. ریَواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك لوقمان فەرموو.

**بەرێز لقمان حمد حاجی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منـیش بۆچـوونم وایە كە هۆیەكـانی دەرچوانـدنی ئەم یاسـایە بەم شـێوەی لـێ بكـرێ، لە پێنـاو دیاریكردنی رۆژی (٢٠١٤/٨/٣) رۆژی بە جینۆساید ناسـاندنی تـاوانی كۆمەڵكـوژی ئێزیـدییەكان و دابــین كردنــی مــاف و ئیمتیــازات و قەرەبــوكردنەوەی قوربانیــانی ئەو تــاوانەی كە لەلایەن ریكخـراوی تیرۆرسـتی بە نـاو دەوڵەتـی ئیسـلامی بە نـاو لە عێـراق و شـام لە نـاو دوو كەوانە (داعش) ئەنجام دراوە ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ریَواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو دكتۆرە گەلاوێژ.

**بەڕێز د.گلاویژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس وەكو هاوسۆزییەك لەگەڵ قوربانیانی گەلەكەمان و كەمە نەتەوەییەكان من بە پێویستی دەزانم هۆیەكانی دەرچوواندن بكرێت بە دیاری كردنی ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) بە ڕۆژی كۆمەڵكوژی بەدیهێنانی لێرە من ئەوەكی دەبینم لە ڕووی زمانەوانیەوە پێم جوانترە ئەو هەموو واوە نەبیتن بۆ بە دیهێنانی دادپەروەر، دابینكردنی ماف، ئیمتیازات، قەرەبوكردنەوەو كەمكردنەوەی ئاسەوارەكانی تاوانەكانی كۆمەڵكوژی جینۆ ساید، پێم باشە ئەو هەموو واوە نە مینێت بكرێ بە فاریزە تەنها لە كۆتاییەكەی كە بە یەكدی دەبەسترێتەوە یەك واو هەبێتن لە ڕووی زمانەوانییەوە جوانترە لەرووی سیاغەشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەر لەوەی لەسەر هۆیەكانی دەرچواندن قسە بكەم لەم یاسایە چوار جار یاساكە بۆ ئێزیدییەكانە چوار جار ئێزیدییەكان هاتووە، بەڵام سێ جاری غەڵەتە ناوی ئێزدیە نەك ئێزیدی حەز ئەكەم ئەو هاوڕێیانە ئێزدییە نەك ئێزیدی ئەوە بەس لە ناو نیشانەكەیا ڕاستە ئەوە ئەگەر ڕاستبكرێتەوە لە دوایی لە دارشتنەوەكەیا كە سبەی یا دوو سبەی كە ئەخرێتە دەنگدانەوە تێپەڕێندرێت، پێشنیازی من لەسەر ئەم من دەگەڕێمەوە هۆیەكانی دەرچواندن ئەبێ پەیوەندی هەبێ بە ناو نیشانەوە لەو ناو نیشانە تەنیا جەخت لە جێ كراوە لەسەر ئەو ڕۆژە تاوانە گەورەیە كراوە كە ڕۆژی (٨/٣) كە ڕۆژێكی تاوانێكی گەورە كراوە بەرامبەر بە خوشكوبرا ئێزدییەكان، بۆیە لە ناو هۆیەكانی دەرچواندنا باس لە قەرەبوكردنەوەو داد پەروەری و كۆمەڵێك پرسی تر ئەكا پەیوەند نییە بە ناو نیشانەوە، بۆیە پێشنیاز ئەكەم دیسانەوە لە بەردەمی لیژنەی پەیوەندیدار مەسەلەی قەرەبوكردنەوەكە جەختی لەسەر بكرێتەوە لە ناو نیشانە بۆ ئەوەی، هۆیەكانی دەرچواندن بچێتەوە خزمەتی یاساكە بكا كە ئەگەر كراوە ئەگەر قەرەبوكردنەوەكە ناخرێتە ناوی، كەواتە دەبێ سەر لە بەری ئەم دارشتنەوەیە پێشنیاز ئەكەم بگۆردرێت ئەگەر پێویستیان كرد دوای جەلسەكە ئەتوانن بیدەم بە هاوڕێیان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ئەوەی نووسیوتانە ئەگەر بیدەنە لیژنە پەیوەندیدارەكان زۆر باش دەبێ. فەرموو سەرچنارخان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش تێبینی ئەوەم هەیە كە ئەو وشەیە لابرێ كە لەلایەن ڕێكخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلام، ئیسلامییەكەش هەر بوو بە ئیسلام ئەوە دوو جار هەڵە بە ناوەكەی پێوە بكرێ یا هەر نەمێنێ و لەبەرئەوەی ناونیشانی پرۆژە بڕیارەكەش لە سەر ناساندنی ڕۆژەكەیە ئەگەر پەیوەست بكرێتەوە بە هۆكاری دەرچواندنەكە بە شێوازێك لە پێناو ناساندنی تاوانی

کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان و زینددووراگرتنی ئەو رۆژەو ریزلێنان لە قوربانییەکان و قەرەبوکردنەوەیان ئەم بڕیارە دەرچوێندرا وابزانم دەقیقتر ئەبێ زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسين /سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو ئەوانەی کە نووسیوتانە ئەگەر بیدەنە لیژنە پەیوەندیدارەکان خراپ نابێ دەست خۆش.

حەسیبە خان فەرموو.

**بەرێز حسيبە سعيد ابراهيم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش زۆربەی قسەکانم کرا لەلایەن برایانی بەرێزم کاك کاروان و هەروەها د.رێبوار بەس ئیزافەیەك هەر لەناو هۆیەکانی دەرچواندن کە ئەویش ئەوەیە دەوڵەتی ریکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلام لە عێراق و شام ناسراو بە داعش ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت، گەلەك سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسين /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك فيصل.

**بەرێز فيصل عباس عولا:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی پێشنیازەکەی کاك کاروان دەکەم.

**بەرێز د. رێواز فائق حسين /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مسلم.

**بەرێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند دەستەواژەیەك ئەبینم لە نێو هۆیەکانی دەرچواندن، کە خۆتان ئەزانن هۆیەکانی دەرچواندن ئەبێ بەراستی تەعبیر لە ناوەرۆکی یاساکە بکا وەك برای بەرێزم کاك مەم باسی کرد ئەگەر پەیوەست باس بکرێت لە یاساکە مەبەست قەرەبوکردنەوەبێ لێرە تەشخیسی ئیمتیازات و یەعنی ماف کراوە ئەوە پەیوەستە بە چەند شتێك ئەگرێتەوە ماف و ئیمتیازات، بۆیە ئەگەر باسی قەرەبوو بکرێت وەك، لە مادەی (١) بەراستی هاورێیان بە تەفاسیل باسی قەرەبوکردنەوەیان کرد چەند شتێکی تر ئەگرێتەوە، بۆ نمونە تەنیا قەرەبوو کردنەوە بەسە ئەو ماف و ئیمتیازاتە شتی تر لە خۆ ئەگرێت و داد پەروەریش بە هەمان شێوە وەك برای بەرێزم کاك کاروان باسی کرد داد پەروەری پەیوەستە بە دادگای کردنی ئەو کەسانەی کە تاوانەکە ئەنجام ئەدەن ئیتر زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسين /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەرێز مم اسكەندەر مم:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان .**

دوو تێبینیم هەبوو لەلایەن حسیبە خان و د. گەلاویژ باسکران پشتگیریان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسين /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو رۆبينە خان.

**بەڕێز ڕۆبینە اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکی بچوکم هەیە ناوی شنگال نەهاتیە دیارکرن لە هۆیەکانی دەرچواندن، ئەگەر ناوی بهێتە دیارکرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕەئی کاك کاروان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دارِشتنەوەیەکی نوێم بۆ هۆیەکانی دەرچواندن نووسیوە لە پێناو بەرز ڕاگرتن و مەحکوم کردنی ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئێزیدییەکان و بۆ ناساندن و زیندوو ڕاگرتنی کارەساتەکە بە نەوەکانی ئێستاو داهاتووماں و هاوبەشی کەسوکاری قوربانیان لەم کۆستە نیشتیمانیە دا ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس ئەگەر بە نووسین بدرێتە لیژنە تایبەتمەندییەکان زۆر باش دەبێ. بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بفەرموون ئەگەر تێبینییەکتان هەیە.

**بەڕێز د.ڤاڵا فرید ابراهیم / وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە ئەو موستەلەحاتانەی کە بەکار هاتوون موستەلەحاتی دەقیقن بۆ بە دیهێنانی داد پەروەری، داد پەروەری تەنها تەحقیقی عەدالەی جینائی نیە، عەدالەی مەدەنیشمان هەیە، بەڵام زۆر زەرورە نابێ بگوترێتن کە پێمان وایە لە ناو پەرلەمانی کوردستان بە هیچ شێوەیەك نابێ بگوترێ ئێمە پێمان وایە کە تاوان باران دادگایی ناکرێن ڕەنگە تاوانباران لەسەر ئاستی دەولی دادگایی بکرێن و ئحتمالیشە لەسەر ئاستی ناوخۆیی دادگایی بکرێن، بەڵام لە هەموو حالەتێکدا دادگایی کردن و تەحقیقی عەدالەی جیهانی چاوەڕێی تاوانباران دەکات دابین کردنی ماف و ئیمتیازات و قەرەبو کردنەوە یەك لە دوو یەك هاتووە لەبەر ئەوەی ماف و ئیمتیازات فەرقی هەیە لەگەل قەرەبووکردنەوە، ماف و ئیمتیازات بریتیە : لە ئەو بڕە راتبەی کە مانگانە وەری دەگرن، بەڵام قەرەبوکردنەوە تەنها بۆ یەك جار دەدرێت لەسەر هەموو ئەو زەرەرو زیانە ماددی و مەعنەویانەی کە بەر قوربانیان کەوتوونە کەم کردنەوەی ئاسەوارەکان دانراون نەك سڕینەوەی ئاسەوارەکان بەلێ تۆ کە تەحقیقی عەدالەی جینائیت کردوو تەحقیقی عەدالەی مەدەنیت کردوو ماف و ئیمتیازاتت بڕیەوەو و قەرەبووی قوربانیانت کردەوە دەتوانی تۆزێك لە ئاسەواری تاوانەکان کەم بکەیەوە بە هیچ شێوەیەك تاوانەکان ئاسەواریان ناسڕێتەوە، بەڵام

کەم دەکرێنەوە ئاسەواری تاوانەکان، بۆیە ئێمە پێمان وایە بە شێوەیەکی دەقیق نووسـراوەتەوە مەسەلەی بە زیندوو راگرتنی زۆر گرنگە بمێنێ واتا (ذکری) واتا لە هەموو هینێك هـاتووە کە ئەو (ذکری)یە بە بەرزی رابگیرێت وە رێز لێنانیش بە رەئی من گرنگە بمینێت زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، فەرموو لیژنەی شەهیدان.

**بەرێز سوسن محمد میرخان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێز ئەندامانی پەرلەمان تێبینی و پێشنیارەکانتان بە هەند وەردەگیرێت سوپاستان دەکەین بۆ پێشنیارو تێبینیەکانتان، تێبینیەکمان نییە، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون لیژنەی کاروباری یاسایی.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکـو لیـژنەی یاسـایی لەگەڵ ئەوەیـن هۆیەکـانی دەرچوواندن وەك خـۆی بمێنـێ، لەبەر ئەوەی هۆیەکانی دەرچواندن تەعبیر لە ناوەڕۆك و ناو نیشانی پێش نیازو بڕیارەکە دەکـاتن شـتێکی تـر حەز دەکەم روون بـکەمەوە دڵنیـایی بـدەم بە هەمـوو ئەنـدامانی پەرلەمـان ئـێمە پابەنـدین بە هەردوو مـاددەی (٨٩-٩١)ی پەیـڕەوی نـاوخۆ هەر رئـیەك هەر ئەنـدام پەرلەمانێـك پێشـنیارێك کرابێت لە لای ئێمە تۆمار کراوە، بەڵام بـۆ جـاری داهـات و ئەو حـاڵەتە ئەگەر روونەدات باشـترە، لەبەر ئەوەی هەر گلەیـی لە ئـێمە دەکەن لە جەلسـەی داهـات و ئەگەر ئەنـدام پەرلەمانێـك بە نووسین پێشنیارێکی درێژی هەبێت بە نووسین پێشـکەش بکـات تەبعەن ئەوە جێـی دڵخۆشـی ئێمەیە، بەڵام دەبێت جاری یەکەم ئەو پێشنیارە لە ناو جەلسەدا بخوێنێـت دواتـر بە ئـێمە بـدات یەعنـی نمـونە هەیە مەسـەلەن ئەنـدام پەرلەمـانەك ئێسـتا شـتەکی نووسـیوە هـاتە لای ئـێمە مەمنـونین، بەڵام لە رووی قـانونی و بە پێـی پەیـڕەو یەعنـی دەبێـت پشـتگیری هەبێـتن ئەنـدام پەرلەمانەکان پشتگیریان بکەن، لەبەر ئەوە حەز ئەکەم بەر چاو روونی وەر بگرن، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێزان ئەندامانی پەرلەمـان ئاگاداری بەرێزتـان ئەکەیـنەوە کە رۆژی شـەممە بـۆ خوێنـدنەوەی سێیەم خوێندنەوەی دەنگدان سـەعات (١١) کۆبـونەوە دەکەیـن و بەر لە کۆتـایی دەمانەوێـت بە گەرمی پیرۆزبایی جەژنی جلەی هاوین لە تێکرای ئێزیـدییانی کوردسـتان و جیهـان بکەیـن، زۆر سوپاس.

| منى نبى قهوجى | هێمن هەورامی | د. رێواز فائق حسێن |
|---|---|---|
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (٣)نائاسایی

## شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٣

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٣ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسین سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠١٩) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بە پێی حوکمی ماددەی پێنج و بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦)ی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی یەکەم و پێنجەم لە ماددەی (٥٤)، ماددەکانی (٤٧ و ٥٢ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کات (١١) پێشنیوەڕۆ ڕۆژی شەممە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٨/٣ بەم شێوەیە بێت:

١/دەنگدان لەسەر پێشنیازی بڕیاری دیاری کردنی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی ساڵی یەکەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، لە دەستپێکدا پێنجەمین ساڵیادی هێرش و پەلاماری دڕندانەی داعش بۆ سەر قەزای شەنگال و دەوروبەری و ئەو ئازار و ناسۆر وماڵوێرانیەی بەسەر دانیشتوانەکەی داهات و بە تایبەت گەلی ئێمە ئێزدی کردە ئامانج و بە گشتیش کەس لێی پارێزراو نەبوو، سەری ڕێز و نەوازش بۆ روحی بەرزەفڕی شەهیدەکان دادەنوێنین و فەرموون پێکەوە بە دەقیقەیەك وەستان بۆ ئاسودەیی روحی قوربانیان و نزای گەڕانەوە بۆ بێ سەروشوێنکراوان سارێژبوونی برین بۆ ڕزگاربووەکان دەکەین.

ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەگەڵ بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار بە پێی حوکمی ماددەی پێنج و بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم لە ماددەی (١٦)ی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی یەکەم و پێنجەم لە ماددەی (٥٤)، ماددەکانی (٤٧ و ٥٢ و ٥٥ و ٥٦ و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی نائاسایی ساڵی یەکەم لە خولی

پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كات (١١) پێشنیوەڕۆ ڕۆژی شەممە ڕێككەوتی ٢٠١٩/٨/٣ بەم شێوەیە بێت:

١ - دەنگدان لەسەر پێشنیازی بڕیاری دیاری كردنی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی كۆمەڵكوژی ئێزیدیەكان بە پێی حوكمی ماددەكانی (٩٠ و ٩١ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

پوختەی دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێككەوتی ٢٠١٩/٨/١ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١ - دەستپێكردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
٢ - دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاكی شەهیدان.
٣ - خوێندنەوەی بەرنامەی كار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەبوو و ئەندامانی دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بە بێ مۆڵەت لە لایەن بەڕێز سكرتێری پەرلەمان.
٤ - دەست پێ كردنی بڕگەكانی بەرنامەی كار لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
٥ - خوێندنەوەی دووەم و گفتوگۆ كردنی پێشنیازی بڕیاری دیاری كردنی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی كۆمەڵكوژی ئێزیدییەكان.
٦ - كۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراو یان بە بێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە بەرواری ٢٠١٩/٨/١ .

١ - ئاشنا عبدالله قادر/ مۆڵەت.
٢ - احسان محمد سلیم/ مۆڵەت.
٣ - ئیدریس اسماعیل عبوش/مۆڵەت.
٤ - ارشد حسین محمد/ مۆڵەت.
٥ - اسماعیل علی طه/ شاندكراو.
٦ - باپیر كاملا سلیمان/ ئامادەنەبوو.
٧ - باڵانبۆ علی محمد/ مۆڵەت.
٨ - بەختیار شوكری سمایل/ مۆڵەت.
٩ - بهجت علی ابراهیم/ مۆڵەت.
١٠ -جنان جبار بۆیا/ مۆڵەت .
١١ -جهاد حسن ابراهیم/شاندكراو.
١٢ -جوان یونس محمد/ مۆڵەت.
١٣ - دابان محمد حسین/ مۆڵەت.
١٤ - رزگار عیسى سوار/ مۆڵەت.
١٥ -ڕێڤنگ محمد محمد/ مۆڵەت.
١٦ -سعید مستەفا تترخان/مۆڵەت.
١٧ - سلمى فاتح تۆفیق/ مۆڵەت.
١٨ -سەركۆ ئازاد حسین/مۆڵەت.

١٩ - شوان كريم محمد/ مۆڵەت.
٢٠ -صباح محمود محمد/ مۆڵەت.
٢١ -عثمان علی سمایل/ مۆڵەت.
٢٢ -عثمان كريم سوارۆ/ مۆڵەت.
٢٣ -علی حمەصالح/ مۆڵەت.
٢٤ -ليزا فلك الدين صابر/ مۆڵەت.
٢٥ - هەورامان حمە شريف/ مۆڵەت.
٢٦ -هيرش حسن حمد/شاندكراو، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان باپير كاملا مۆڵەتی وەرگرتووە نووسراوە ئامادەنەبوو.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسين/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئامـاژە بە یاداشـتێكی ژمـارەيەك لە پەرلەمانتـارانی بەڕێـز سـەبارەت بە پاراسـتنی شـكۆی سيمبوڵەكانی كوردستان كە تیایدا داوایان كردووە ناوەڕۆكی یاداشـتەكەیان بكـرێتە بـابەتی ئەم كۆبوونەوەيە ئێمە لە دەستەی سـەرۆكايەتی پاڵپشـت بە دەقـی بـڕگەی يەكەم لە مـاددەی (٨) لە پەیڕەوی ناوخۆ كە تیایدا هاتووە دانیشتنی نائاسایی تەنها بۆ تێڕوانینی ئەو بابەتـانە دەبێـت كە لە بانطهێشتەكە دیـاری كـراون و لە بانطهێشـتی ئەو كۆبـوونەوەيە تەنهـا تەوەری بەرنـامەی كـار بريتی بووە لە دەنگدان بە پێشنیازە بڕیاری دیاری كردنی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣ وەك ڕۆژی جینۆسایدی ئێزیدیەكان بڕیارمان دا كە داواكاری هاتوو لە یاداشـتی پەرلەمانتـاران پاڵپشـت بەو دەسـەڵاتەی كە بە پێی بڕگەی (١٠) لە ماددەی (١٦) پەیڕەوی ناوخۆ پێمان دراوە بكەینە نـاوەڕكی یاداشـتێكی نیگەرانـی و هەڵویسـت دەربـڕین و ئاراسـتەی ئەنجـومەنی نـوێنەرانی عیراقـی بكەیـن لەبەر ڕۆشنایی ماددەكانی (١٢ و ١١٠ و ١١٥) ی دەستووری هەمیشەیی عیراقـی فیـدراڵ و یاسـای ئـاڵای هەرێمی كوردسـتان ژمـارە (١٤)ی سـاڵی ١٩٩٩، ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان ئێسـتاش ئامـاژە بە بڕگەی (٢) لە ماددەی (٤٩) ڕێگە بە خاتوو هدیە دەدەین بفەرموویت قسـەیەك بكـات بە مەرجـی پابەندبوون بە ناوەڕۆكی ئەو نووسراوەی كە ئاراستەی دەستەی سەرۆكايەتی كردووە، فەرموو.

**بەڕێز هديه مراد حيدر:**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمان.**

خوێندنەوەی یاداشت:/ ب دەستووری خودێ.

بەڕێزان گشت ئەنـدامێن پەرلەمـانێ كوردسـتانێ، د ڕۆژەكـا پـڕی خەمگـين و كـول و كۆڤـان كـو خەڵكێ مەیێ ئێزدی تێـرا دەربـاز دبـت ئەو ژی بۆرینـا (٥) سـاڵا ل سـەر ئەنجامـدانا كومكـوژی و جینوسایدا ئێزیدیا سەر دەستێ تیرۆرستێن داعشێن هۆڤـانە ل ٢٠١٤/٨/٣ كـو تراجیـدیا چەرخـێ (٢١) بوو، و بوەجێی هەندێ كو ب هەزارا جانگوری بـونە قوربـانی و پتـر ژ (٦٥٠٠) ژ ژن و زارۆكـا هـاتنە ڕەڤانـدن و كەفـتە دەسـتێ وان تیرۆرسـتێن هۆڤـانەدا و، (٨٠) گـۆڕێن ب كـۆم ل دور خـۆ هێلان، (٦٨) مەزارگەه و جهێن پیرۆزێن مە ئێزیدیا هاتنە هەرفانـدن و پەقانـدن و، ژ ئەگەرێ وێ جینوسایدێ (٣٦٠٠٠٠) ژ خەڵكێ مە ئاوارەبوون و هاتا نوكە د ژیانەكـا سـەخت و دژواردا د كەمپـا دا دژین و چاڤەرێ ڤە گەراندنێ نە. سوپاسیڤە و ب دەستپێشخەریا ریزدار (نێچیرڤـان بـارزانی) سەرۆكێ حكومەتا كابینا هەشتێ كو پتر ژ (٣٥٠٠) ژ وان هاتنە رزگـاركرن و پتـر ژ (٢٩٠٨)كەس تـا

نوكه دەستێ وان تیرورستادانه و دبێ سەروشوینن، و هیڤی و داخوازین مه ئیزیدیا د ڤێ رۆژێ دا ئەون ژ بەرێز كاك (مسرور بارزانی) سەرۆكی حكومەتا نوویا هەریما كوردستانێ و تەڤایا حكومەتی و بتایبەت وەزارەتا شەهید و ئەنفالكریه كو یت مایی ژی بهێنه رزگار كرن.

ئەڤ بیرئانینا بوو هەڤدەم و گەل ئەنفال و كومكوژیا بارزانیا كو پشتی بورینا (٣٦) سالا شنو گۆرێن ب كۆم ل بیابانا باشورێ عیراقێ دئینه دیاركرن كو مه هنگی پەرلەمان نەبوو رونشتێن تایبەت بكەین و ئەم بكەینه ئیكەم پێنگاڤ بۆ ب دەستڤەئینانا مافێن قوربانێن وان كومكوژی و جینوسایدا. ئەم وەكو فراكسیۆنێن ئیمزاكری و ب پشتەڤانیا هەموو پێكهاتە خوشك و برایێن مه ل فراكسیۆنێن جودا جودای پەرلەمانێ كوردستانێ دێ ئیرو رۆنشتنەكا مێژووی بۆ پەسەندكرنا بریارەكا تایبەت ل دۆر كۆمكوژیا ئیزدیا وەك رد اعتبارەكە معنوی ب قوربانێن وێ كومكوژیێ و جینوسایدا ئیزیدیان، وەك ئەركەكی بچووك ل سەر مللێن پەرلەمانێ كوردستانێ ب وێ ئومێدێ دا د ئایندەدا بقارین كەیسا جینوسایدا ئیزیدیا ب كەینە نێڤدەولەتی و دادپەروەری تێدا بەرقرار بت و ئەو نەهامەتیا هاتیا سەرێ خەلكێ مه ل قەزا شنگالی داویێ ب ژیانا ئاوارەبوونی بیینن.

بەرێزان خوشك و براین پەرلەمانتار فراكسیۆن و پێكهاتێن كوردستانێ كۆمەلگەها ئێزیدی هۆسا چاڤەرێ دكەن ژمه هەمووان كو ئەم پارێزەرێن خواست و مافێن وان بین ب رێیا دەستهەلاتێن مەییێن دارشتن و دەرئێخستنا یاسایا كو هەژی قوربانیێن وان بن، سلاڤ و سەرێ خۆ دچەمێنین بەرامبەر جانكوریێن شنگالێ و هەموو جانگۆریێن كوردستانێ كو هەر بۆستەك ژ ئاخا كوردستانێ قورتار كردبت، سەرشۆری بۆ دوژمنێن مللەتێ مه، هەر ئارام و ئاڤەدانبیت كورد و كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەرێزان ئێستاش دەست بە جێبەجێ كردنی بەرنامەی كار دەكەین و زۆر بەخێرهاتنی بەرێز وەزیری شەهیدان و بەرێز وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان و سەرجەم میوانە بەرێزەكان دەكەین، بەرنامەی كاریش بریتی یە لە دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری دیاریكردنی ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەك ڕۆژی كۆمەڵكوژی ئێزدییەكان بۆ ئەم مەبەستە داوا لە سەرۆكایەتی هەردوو لیژنەی كاروباری یاسایی و شەهیدان دەكەین بۆ ئەوەی بفەرموون، بەڵێ بەرێزان، بەرێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی فەرموون دەست بە خوێندنەوەی ناونیشان و یەك بەیەكی بڕگەكانی پێشنیازە بڕیارەكە بكەن بە مەبەستی دەنگدان لەسەری.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ڕاپۆرتی هەردوو لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی شەهیدان جینۆساید و زیندانیانی سیاسی حەز دەكەم ڕوونكردنەوەیەك بدەم، دوای خوێندنەوەی دووەم لەسەر پێشنیازی بڕیاری دیاری كردنی ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەك ڕۆژی كۆمەڵكوژی جینۆسایدی ئێزدییەكان لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی نائاسایی پەرلەمانی كوردستان دا، بەپێی ئەو ئەرك و دەسەڵاتانەی بڕگەی دووەم لە ماددەی (٨٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دیاری كراون بۆ لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی كاروباری یاسایی بە مەبەستی بە هەند وەرگرتنی ئەو پێشنیار و ڕایانەی كە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئاراستە كراون، لیژنەی كاروباری یاسایی و لیژنەی شەهیدان و جینۆساید و

زیندانیانی سیاسی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ نووسینی راپۆرتی هاوبەشی سەبارەت بە پێشنیار و رایەکانی ئەندامانی پەرلەمان کە ئێستا لەبەر دەستتانە جگە لەو پێشنیارانەی خوارەوە:

ئەو پێشنیارانەی کە ناکۆکن لەگەڵ پێوەرەکانی ماددەی (٧٩)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

ئەو پێشنیارانەی کە پشتگیریان بەدەست نەهێناوە بە پێی برگەی سێهەم لە ماددەی (٩١)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

ئەو پێشنیارانەی کە ئاراستە کراون لەسەر خاڵی دووەمی ئەو پێشنیازە بڕیارە لەبەر ئەوەی هەردوو لیژنەی تایبەتمەند بەپێی برگەی دووەم لە ماددەی (٨٩) دارشتنەکەی گۆڕاوە لە دانیشتنی خۆی بە ناوی دووەمدا.

ئەو پێشنیارانەی کە ئاراستە کراون لەسەر ناوی دەوڵەتی ئیسلامی.

تکایە داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدان پێش ئەوەی ببێتە ئەساسی پێشنیازی یاساکە و پەسند بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بێگومان ئێمە بەپێی ماددەی (٨٥) لە پەیڕەوی ناوخۆ ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی تەنها دەتوانین دارشتنەوەی یاسایی دڵنیا بین و دژ بە دەقە یاساییەکان نەبێ، بەڵام پێشنیارێکی زۆر هەبوو کە لە ناو ئەصڵی یاساکە نەبوو، ئێمە ئێستا لە راپۆرتەکەدا ئاماژەکان پێداوە بەڵام پێویستی بە دەنگدانە، ئێمە ئەو رۆژە لە لیژنەی یاسایی خستمانە بەدەمی بەڕێزتان کە رای هەردوو لیژنەی لەسەرە، ئەوەش کاك بژار ئێستاکە روونکردنەوەی دا بەتایبەتی لەسەر ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام ناسراوە بە داعش ئەوە یەکسەر بیکەین بە (بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش)) ئەوە یەکیان، دووەمیشیان بە پێی دەقە دەستوورییەکان ئێمە دەقێکی دەستووریمان هەیە و ماددەکەشمان دیارە و پێشنیاری ئەوەش دەکەین کە لە زۆربەی پێشنیارەکان تێیدایە، بۆ ئەوەی کە بەڕاستی لەم یاسا نیشتیمانییە زۆر رایە جیا جیاکان بەش بەش نەبێ دەنگەکان من وەکو ڕەئی خۆم ئەوە دەکەم، ماددە (١٣٢) برگە (٢) ئیزافە بکەین بۆ سەر ئەو ماددەی کە زۆربەی رایەکان لەسەر ئەوەش بوو، بخرێتە سەر هەر وەك ئەصلی یاسایەکە کە پێویستی بە دەنگدانە، سوپاس بۆ جەنابتان.

**بەڕێز د. ریواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند، لەبەر ئەوەی لە ناوەڕۆکی راپۆرتەکەدا ئەو پێشنیارانە بە جیا نەهاتوون، لەبەر ئەوە ئێمە بە ناچاری پابەند دەبین بە ناوەڕۆکی راپۆرتەکە، فەرموون لە ناونیشانی بڕیارەکەوە دەست پێ بکەن.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بە پێی ماددەی (٩١) بەڕاستی مافی ئەوەمان نیە کە جگە لە دارشتنەوە هیچ گۆڕانکارییەك لە ئەصلی راپۆرتەکە بکەین، بەڵام ئێستا لە دەقەکە ئەوەی لەبەر دەستی ئەندامانداية ئێمە گۆڕانکاریمان بەڕاستی لە وشەی بە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عیراق و شام (داعش) کردووە،

بۆیە ئەوە چونکە ئەو رۆژەش وەکو لیـژنەی یاسـایی جـارێکی تـر دەڵـێم ئـێمە قسـەمان کـرد کە رەزامەندی هەردووولامانی لەسەرە، یان ئەوەتا دەبێ ئەوە بە جیا دەنگی لەسەر بدەین، بۆ ئەوەی کە بەراستی دەنا لە ئەصلی راپۆرتەکە ئێمە گۆرانکاریمان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی یاسایی، لە پێشنیاری ئەخیر وەك خۆی وشەی (بەناو) لابدەن، هەر نـابێ تیایـدا بـێ چونکە ئەصڵەن دەنگمان لەسـەر نەداوە، بەبـێ دەنگـدان لەسـەری ئیزافەتـان کـردووە بەڕێزتـان، ئێستا بە ناونیشانی پێشنیازە بڕیارەکە دەست پێ بـکەن، دوای کە چـووینە سـەر مـاددەی یەکەم قسەیەکی ترمان دەبێت، یان خاڵی یەکەم.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشانی پێشنیازی بڕیارەکە سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ پێشنیازی بڕیاری دیاریکردنی (٣)ی ئابی هەموو ساڵێك وەك رۆژی كۆمەڵكوژی (جینۆساید)ی ئێزدییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە سێ بژاردەمان هەیە بـۆ ناونیشـانی پێشـنیازە بڕیـارەکە کە لە ئایندەدا دەبێتە بڕیار دوای دەنگدان، یەك یەك دەیانخەینە دەنگدان، هەر کامیان زۆرترین دەنگی هێنا ئەوە دەبێتە ناونیشان، پێشنیازی یەکەم (پێشنیازی بڕیاری دیـاریکردنی (٣)ی ئـابی هەمـوو ساڵێك وەك رۆژی كۆمەڵکوژی (جینۆسـاید)ی ئێزدییەکـان، کـێ لەگەڵ ئەم بـژاردەیە؟ (٩) کەس لەگەڵ ئەم بژاردەیە، بژاردەی تر، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشـــنیاری دووەم: پێشـــنیازی بریـــاری دیـــاریکردنی رۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەك رۆژی كۆمەڵکــوژی (جینۆساید قەربووکردنەوەی ئێزیدییەکان).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کـێ لەگەل ئەم پێشـنیارەیە؟ پێشـنیازی بریـاری دیـاریکردنی رۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەك رۆژی كۆمەڵکـوژی (جینۆسـاید و قەربـووکردنەوەی ئێزیـدییەکان) فەرمـوون دەست بەرز کەنەوە؟ (١٠) کەس لەگەڵ ئەو بژاردەیەیە، بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی پێشنیازی سێیەم، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی سێیەم وەك خۆی ئەصلەکەی دەڵێت:

پێشنیازی سێیەم: پێشـنیازی دیـاریکردنی رۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەك رۆژی كۆمەڵکـوژی جینۆسـایدی ئێزدییەکان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمانپێشــنیازی دیــاریکردنی ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەك ڕۆژی کۆمەڵکــوژی جینۆســایدی ئێزیــدییەکان، کــێ لەگەڵە؟ بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان ناونیشــانی پێشــنیازە بڕیارەکە بەم جۆرە دەبێت، بە دەنگی (٦٥) پەرلەمانتار بڕیاری دیاریکردنی ڕۆژی (٢٠١٤/٨/٣) وەك ڕۆژی کۆمەڵکوژی جینۆسایدی ئێزیدیەکان، فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی خاڵی یەکەم.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم: -پێشنیاری یەکەم: بکرێتە پێنج بڕگە بەم شێوەیە:

أ-ئەو کوشتارو کـۆمەل کـوژیە دەرحەق بە ئێزیـدیەکان لە نـاوچەی کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئەنجامدرا خەسلەت تاوانانی و نێودەولەتییەکانی جینۆساید دژ بە مرۆڤـایەتی و جەنـگ لە خۆ دەگرن.

ب-هەموو ئەو تاوانانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەو ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە کردەی تیرۆرستین و لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی دەولەتی ئیسلامی لە عیراق و شام داعش ئەنجام دراون.

ج-ئامـاژە بە بـرگەی (٢) لە مـاددەی (١٣٢)ی دەسـتووری هەمیشـەیی عیراقـی فیـدرال دەولەتـی عیــراق بەرپرســە لە قەرەبــووکردنەوە و دابــین کردنــی مــاف و ئیمتیــازاتی قوربانیــان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە.

د-حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە دانووستاندن هەماهەنگی بۆ بەدەست هێنانی مافی کەس و کاری جینۆسایدکراوان لەبەر ڕۆشتایی بڕگەی سێیەمی ئەو ماددەیە.

ه-حــوکمەتی هەرێمــی کوردســتان پابەنــد دەبێــت بە دروســتکردنی مۆنۆمینتێــك بــۆ بە دیکیۆمێنتکردنی بەڵگەکانی تاوانەکە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڵێ فەرموو نوقتە نیزامی.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە کۆبوونەوەی ڕابردوو باسمان کـرد بـۆ هەمـوو ئەو بـڕگەیەی کە دێـتە پێشـەوە ڕێخـراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بەناو دەوڵەتی ئیسلامی، ئێمە داوامان کرد کە هەموو یان بەلایەنـی کەمە ئەم دەوڵەتـی ئیسـلامییە لابرێـت، چـونکە وەکـو ڕونکـردنەوە بەراسـتی زوڵـمە دەوڵەتی ئیسلامی بێتە ناو ئەو مەوزووعەی، ئەگەر دەوڵەتی ئیسلامییە چۆن ئەو هەموو زولم و ئەو هەموو کۆمەڵکوژییە ئەو هەموو تاوانکارییە دەکا، بۆیە بەراستی ئێمە دەڵێین بە لایەنی کەم با هەموو لەو بڕگەیەی کە باسی ڕێکخراوی تیرۆرستی تەرح کراوە وە پشـتگیری باشـی لێکـراوە بەناو دەوڵەتی ئیسـلامی، چـونکە ئـێمە میللەتێکـی ئیسـلامین چـۆن بچیـنە ژێـر بـاری ئەوەی کە دەوڵەتێکی ئیسلامی هەبووە زوڵمی کردووە، تاوانکاری کردووە، کۆمەڵکوژی کـردووە، دەبێـت لە هەموو بڕگەکان بنووسرێت (بەناو).

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە هەندێ لە پێشنیارەکان وشەی (بەناو) زیاد کراوە لە هەندێك لە پێشنیارەکان وشەی (بەناوی) تیا نییە، یەعنی ئەو پێشنیارانەی کە وشەی بەناوی تییایە وازحە وە ئەوانەی ئەو پێشنیارانەی وشەی بەناوی تیانییە وازحە، یەعنی دیاریکراوە وازحە، کێ لەگەڵ ئەوەیە لە ناو بێت دەنگ بداتە ئەو موقتەرەحە، وەئەوەی لەگەڵە مشکیلە نییە بەلایەوە وشەی (بەناو)ی تیا بێت دەنگ دەداتە موقتەرەحەکەی تر، ئێمە لەبەر دەم ئالیەتێکی دەنگداناین ڕەنگە ئەو ئالیەتی دەنگدانە کەموکورتی هەبێت وە پێویستی بەوەیە چاکی بکەین بۆ ئەوەی هەندێك دەسەڵات بدرێت بە لیژنەی یاسایی ڕێك بە نەص ئەوەی جەنابتان نەهێنن و لە ناو ڕاپۆرتەکانیانا دای بنێن ناچار بین ئیلا ئێمە ئیختارێکمان هەبێت لە بەینی یەك و دووا پێشتر بە گوێرەی پەیرەوی کۆن لیژنەی یاسایی بۆی هەبوو هەندێك ئیجتیهادات بکات، ڕایەکان تێکەڵ بکات، تەوفیق لە بەینی ڕایەکانا بکات، لەبەر ئەوە دەبێت بیر لەوە بکەینەوە لە هەمواری پەیرەوی ناوخۆ کە لە (٩/١) دەیکەین معالەجەی ئەم حاڵەتە بکەین هەم ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی وە هەم لیژنە تایبەتمەندەکان وەکو لیژنەی یاسایی دەستیان بەستراوەتەوە نەبوونی مرونەت لەناو ئەو دەقەیا، لەبەر ئەوە هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە وشەی (بەناو) هەبێت دەتوانێت دەنگ بەو موقتەرەحانە بدات کە وشەی بەناوی تێدایە، ئێستا پێمان بڵێن موقتەرەحی ڕەقەم (١) وشەی بەناوی تێدایە؟

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەی تێیدایە من ڕوونکردنەوەیەکم لە سەرەتا دا ئەمە بەراستی پێمان وا بوو دەتوانین ئەم دوو لیژنە بەرێزە ئەو پێشنیارە جێبەجێ بکەین، ئەمە نەکرا وتمان ئێستا بیدەینە دەنگدان ئیتر نەخرایە دەنگدانەوە بە هەر حاڵ، ئێستا ئەوەی تەنها وەك خۆی بە ناوەکەی تێدا نییە، لێرە خۆی ئەصلەکە وایە بەناو دەوڵەتی ئیسلامی ئێستا لەم پێشنیازە یاسایەی ئێستا خوێنرایەوە لە پێشنیاری یەکەمیان تێیدایە، یەعنی ئەوە ئەوهایە کە دەقەکە خوێنرایەوە نوسراوەتەوە لە ناو ئەصلی مەسەلەکە، لە هەمووی بەس لە وەك خۆیەکە ناتوانین، وەك خۆیەکە لەبەر ئەوەی دەنگی لەسەر نەدراوە، کە گەیشتە وەك خۆی تێیدانییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لدیڤ وان دەسەلاتێن پەیرەوی دانیشتنا خوێندنا دوێدا هەردوو لیژنەی تایبەتمەند لیژنا یاسایی لیژنا شەهیدان و جینۆساید و زیندانیان سیاسی ئەم گەیشتینە وێ قەناعەتێ کو دارشتنەکا نوو بکەین ل دیڤ پێشنیارا چەند ئەندام پەرلەمانا یا دروست تروو یا قانوونی تر ئەوە، لدیڤ بڕگا دوو ژ مادا (٨٧) ژ پەیرەوی ناوخۆ پەرلەمانی کوردستان کو دبێژێت (ئەگەر ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند داریشتنەکی نوێ پێشنیاز کردبیت بۆ پرۆژە یان پێشنیازەکە بە دەنگدان بڕیار لەسەر وەرگرتنی ئەو دارشتنە بە بنەما بۆ گفتوگۆکردن دەدرێت) ئەز حەز دکەم هەر نووکە ژی باشە

ئەگەر ئەڤ جوملە بە ناوی دەولەتی ئیسلامی نووکە ژی ل دیڤ پەیرەوی بخرێتە دەنگدان باشترە یەکلا دەبێت ئەو کێشەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی تایبەتمەند، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر وەکو جەنابتان ئاماژەتان پێدا بەراستی (بەناو) لە عەصری بابەتەکەدا نەبوو چونکە دەنگیشی لەسەر نەدراوە، بۆیە پێم باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە، پێشتر لە پێشنیازی کۆن لە ناویدا نەبوو، بۆیە وەکو رەئی لیژنەی یاسایی و لیژنەی شەهیدان وەکو خۆی بمێنێتەوە و دەنگدانی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە راستیدا ئەو هەموو نوقتەی نیزامیە وەرناگیرێت، چوونکە هەر بۆ یەك مەبەستە، وەکو گوتم روونمکردەوە دەستی ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی و دەستی لیژنە تایبەتمەندەکانیش بە دەقی ئەم پەیڕەوە گیراوە کە مەجالی ئیجتیهادی تێدا نەهێشتۆتەوە، ئەگەر نا وشەی بە (ناو) لە زۆرتیرین شوێندا داواکراوە، بەڵام لە ناو دارشتەیەکدا داواکراوە، ئەو داڕشتەیە ئێستا لە ناو بژاردەکاندایە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەو بژاردەیە دایە کە خۆی پێشتر عەرزی کردووە و لە ناو داڕشتەکەدا وشەی تێدایە دەنگ بەوە دەدات، ئێمە نەمانتوانیوە کۆی ئەوەی کە بەڕێزان قسەیان کردووە شتێکی تێکەڵەیەك دروست بکەین، لەبەر ئەوەی پەیڕەو دەستی گرتووین کە من بۆ خۆم لەگەڵ ئەوەم بتوانین ئەوە بکەین، هیوادارم لە ئایندەدا ئێمە بتوانین موعالەجەی ئەمە بکەین، د.شێرکۆ فەرموو.

**بەڕێز د.شێرکۆجودت مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر سێ پەرلەمانتار بۆیان هەبێت پێشنیارێك تەسبیت بکەن لە موقتەرەحی دەنگدانـدا ئەوە لیژنەی یاسایی یان لیژنەی تایبەتمەندیش ئەولاترە بەوەی کە پێشنیارەکەی بخرێتە دەنگدان، ئێستا لیژنەی یاسایی ئەوەی پێشنیار کردووە بە بڕوای ئێمە ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدان شتێکی زۆر تەندروستە بە حوکمی ئەوەی ئەگەر سێ پەرلەمانتار بۆی هەبێت کە ئەو لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی ئەولاترە کە پێشنیارەکەی بخرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەراستی ئەوەی کە دەیبینین لەبەر دەستماندایە لە هەندێك لە پێشنیارەکان کە کراوە وشەی بە ناوی تێدایە و لە هەندێکی تێیدانیە، بۆیە ئێمە ناتوانین دەستکاری بکەین، من پێموایە وەکو خۆی بیخەرە دەنگدانەوە هەمووی چ برگەیەك دەنگی زۆری هێنا ئەوە دەبێتە ئەساس بۆ ماددەکە، ئەو بەڕێزانەش کە لەگەڵ ئەوەن کە بە ناوی تێدابێت

دەتوانن دەنگ بۆ ئەو برگەیە بدەن، پێموانیە وشەی بە (ناو) تەنها بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە پابەندی پەیڕەو دەبین ئەگەر بە دڵیشمان نەبێت، پێشنیازی یەکەم دەخەینە دەنگدان وەکو ئەوەی کە لەبەر دەستماندایە کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پێشنیازی یەکەم (٢٧) دەنگی هێنا، فەرموون پێشنیازی دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم: ئەو کوشتار و کۆمەڵ کوژیەی جینۆساید دەرحەق بە ئێزیدیەکان لە ناوچەی کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ئەنجامدرا خەسەڵەتی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لە خۆ دەگرن، کە تاوانی نێودەوڵەتین، دەسەڵاتە دەستووریەکان کۆماری عێراقی فیدراڵ بە پێی برگەی دووەم لە ماددەی (١٣٢)ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ بەرپرسیاریەتی قەرەبووکردنەوە و دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاک مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە دانیشتنی دووەمدا روونمانکردەوە ئەم یاسایە غەدرێکی گەورە لە ئێزیدیەکان دەکات، لەبەر ئەوەی لە ناو یاساکەدا من پێشتریش لەگەڵ هاورێیان لە لیژنەی یاسایی قسەم لەسەر ئەو پرسە کرد، تەنها ئێمە دەمانەوێت یاسایەك دەربکەین خزمەتی ئێزیدیەکان بکات و کەمێك لە ئازارەکانیان سارێژ بکات، بەڵام ئەم یاسایە ئێزیدیەکان تەنها لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تاوانیان بەرامبەر نەکراوە، بە کۆی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم تاوانیان بەرامبەرکراوە، وشەی کورستانیەکان لابردنی خزمەتی خوشك و برا ئێزیدییەکان دەکات بەراستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێشنیازەکە وەکو ئەوەی کە خوێندرایەوە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەس لەگەڵدایە، لیژنەی یاسایی پێشنیاری سێیەم بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری سێیەم: بە جینۆساید ناساندنی ئەو تاوانانەی کە دەرحەق بە ئێزیدیەکان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی بە ناو دەوڵەتی

ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ئەنجامدرا خەسەڵەتی تاوانەکانی کۆمەڵ کوژی و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لەخۆ دەگرن کە تاوانی نێودەوڵەتین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو پێشنیارەی کە خوێندرایەوە دەخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدانیە، پێشنیاری چوارەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری چوارەم: بکرێتە دوو بڕگە بەم شێوەیە:-

١-ئەو کوشتار و کۆمەڵ کوژیەی جینۆساید دەرحەق بە ئێزیدیەکان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ئەنجامدرا خەسەڵەتی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لەخۆ دەگرن کە تاوانی نێودەوڵەتین.

٢-دەسەڵاتە دەستووریەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ لە ماددەی (١٣٢)ی بڕگەی دووەم بەرپرسیاریەتی قەرەبووکردنەوە و دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدان بەو شێوەیەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسی لەگەڵدانییە، پێشنیاری پێنجەم بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری پێنجەم: بکرێتە دوو بڕگە بەم شێوەیە:-

١-ئەو کوشتار و کۆمەڵ کوژیەی جینۆساید دەرحەق بە ئێزیدیەکان لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ئەنجامدرا خەسەڵەتی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی جینۆساید دژ بە مرۆڤایەتی و جەنگ لە خۆ دەگرن، دەسەڵاتە دەستوورییەکانی کۆماری عێراقی فیدراڵ بەرپرسیارییەتی قەرەبووکردنەوە و دابینکردنی ماف و ئیمتیازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە بە پێی ماددەی (١٣٢)ی بڕگەی دووەم لە دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵساڵی (٢٠٠٥) لە ئەستۆ دەگرن.

٢-حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە دانووستاندن و هەماهەنگی بۆ بەدەست هێنانی مافی کەس و کاری جینۆسایدکراوان لەبەر ڕۆشنایی بڕگەی یەکی ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدان وەکو خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵدانیە، فەرموون پێشنیاری شەشەم بخوێننەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری شەشەم: ئەو کوشتار و کۆمەڵ کوژیەی جینۆسـاید دەرحەق بە ئێزیـدیەکان لە نـاوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتـی ئیسـلامی لە عێـراق و شـام (داعـش) ئەنجامـدرا خەسـڵەتی تاوانەکـانی جینۆسـاید و تاوانەکـانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ لەخۆ دەگرن کە تاوانی نێودەوڵەتین و دەسەڵاتە دەستووریەکان کۆمـاری عێراقـی فیـدراڵ بەرپرسـیاریەتی قەرەبـووکردنەوە و دابینکردنـی مـاف و ئیمتیـازاتی قوربانیان و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە لە ئەستۆ دەگرن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانە ناویان تۆمار کردووە (کاك سـۆران، کـاك مەم، کـاك کـاوە، لەیـلا خـان، کـاك وەیسـی، هەدیە خان، کاك هێڤیدار، کاك کازم، کاك سیپان، ئاشنا خان، کاك بەڵێن، ڕوپاك خان، کاك زیاد، کاك سەروان، کاك مەلا ناسر، دکتۆرا شایان، کاك موسلیم، مـوژدە خـان، دکتـۆرە گەلاوێـژ، کـاك محمـد سعدالدین، دکتۆر ڕێبوار، کاك جەلال، کاك پێشەوا، حەسبە خان، گولیزار خان، دکتۆر زێـدان، کـاك حیکمت، کاك عبدالستار، شنۆ خان، کاك هاورێ)، فەرموو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خولی پێشوو ئەو کەیسە وەکو کەیسی جینۆساید پەرلەمانی کوردستان بردیە دادگای تـاوانی نێـودەوڵەتین بـۆ ئەمـرۆ ئـێمە قسـە لەسـەر دیـاری کردنـی ڕۆژی جینۆسـایدی ئێزییـدیەکان ئەکەیـن لە کاتێکدا تەنیا پەرلەمانی کوردستان بەو بڕیاری ئەمڕۆی ئەڕۆژە بە جینۆساید ئەناسێنێ تا ئێستا لە هیـڤ دادگـایەکی تـاوخۆی و دەرەکـی ئەو تـاوانە نەچـۆتە ئەو پرۆسـەی دادگـایی کـردنە و بە جینۆسـاید ناساندنە.

بـۆیە ئەوە بریـارێکی سیاسـییە، بەڵام بیـری ئەوە دێـنمەوە کە ئەو کەیسـە لیـژنەی مافەکـانی مرۆڤ لە خولی پێشوو بردوومانەتە دادگای تاوانی نێـودەوڵەتی لە لاهـای، ئەو ڕۆژە پـاش مانگێـك لەو تاوانانەیە، ئەو کەیسە بڕواتە دادگای لاهای برای بەڕێز کاك ئایدن مەعروف کە ئەوکاتە وەکو پێکهاتەی تورکمان هاتبوو، بەڕێز شێخ شامۆ کە پەرلەمانتـاری پـارتی دیمـوکرات بـوو ئێزیـدی بـوو بەشـدار بـوو، بەڕێز ئیمریك ڕۆجێر کە دادوەری داواکاری گشتی نووسینگەی بەڵگە و زانیاری لە دادگای لاهای بوو بـۆ خۆی فۆرمی سکاڵاکەی بۆ پڕ کردینەوە. ڕاستە عێراق ئەندام نییە لە دادگای تاوانی نێـودەوڵەتی، بەڵام لە پاش دواین وەڵامیان ئەوەیان بە ئێمە وت کە ئەوان خۆشحاڵن لەو تاوانە بکـۆڵنەوە، ئەوە هەرچـوار ڕوکنی تاوانی نێودەوڵەتی لەو ناوچـانە ئەنجـام دراوە، بەڵام ڕێگـری هەیە لەوەی عێـراق ئەنـدام نیـیە، سەرەڕای ئەو هەوڵانە ئەوانە ڕێگایەکیان بۆ بینیـنەوە کە ئەو کەیسـە تـا ئێسـتا لێرە وەسـتاوە، ئومێـد ئەکەم دوای ئەو بڕیارە جارێکی تـر بە دەممەوە هـاتنی لایەنە پەیوەندیـدارەکان بە تـایبەت ئەنجـومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بۆ بەدەممەوە چوونی ئەو کەیسە و حکومەت کە لیژنەی هەبوو لە خـولی پێشوو جارێکی تـر ئەو کەیسـە چـالاك بکـرێتەوە، هەوڵەکانمـان لەسـەر ئەوە بـێ لە دادگـای لاهـای بەو ڕێگـایەی ئەوان لە نـامەی دواییـان ئاماژەیـان پێکـردووە بگەیـنە دادگـایی کردنـی ئەو تاوانبـارانە. مـن پێشنیار ئەکەم بڕگەی یەکەم لەو بڕیارە بەو جۆرە بێ، چـونکە ئەبـێ سـەرەتا پەرلەمـانی کوردسـتان بە جینۆسـایدی بناسـێنین پاشـان ڕۆژەکە بکەیـنە ڕۆژی جینۆسـاید، بـۆیە پێشـنیار ئەکەم بەو جـۆرە بـێ

بـــرگەی یەكەم (بە جینۆســـاید ناســـاندنی ئەو تاوانـــانەی دەرحەق بە ئێزیـــدییەكان لە نـــاوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن رێكخراوی تیرۆرستی داعـش ئەنجـام درا، چـونكە خەسڵەتی تاوانە كومەڵكۆژی بوو، تاوانەكانی دژ بە مرۆڤـایەتی و تاوانەكـانی جەنـگ لە خـۆ ئەگـرێ كە تـاوانی نێـودەوڵەتین. بـرگەی یەكەم تەسبیتی ناسـاندنی بەجینۆسـاید ئەكـات. بـرگەی دووەم رۆژەكە ئەكرێ بە رۆژەی جینۆساید، تەنـاقوز هەیە لەوەی لیـژنیە پەیوەندیـدار دایانـاوە، تـۆ ئەڵێـی رێكخـراوی تیرۆرستی دوایش ئەڵێی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شـام لە كەوانەیە ناسـراو بە داعـش، رێكخـراو دەوڵەت نییە، دەوڵەتیش رێكخراو نییە. ئەوانە مونەزەمەیەكی ئیرهابی بوون، بۆیە دەقیق رێكخـراوی تیرۆرستی، بەراستی ئەوانە حەیفە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی یانی دەوڵەت و ئیسلامیشیان بچێتە سەر، ئەوانە رێكخراوێكی ئیرهابی بوون، بـۆیە خۆیـان چ ناوێكیـان لە خۆیـان نـاوە ئـێمە بەوە نایاناسـێنین، بەوە ئەیاناسێنین كە مونەزەمەیەكی ئیرهابی بوون، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپااس، فەرموو كاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی لە مـاددەی یەكەم هـاتووە پشـتیوانی لە قسـەكانی كـاك ئەبـو بەكـر هەڵەدنـی ئەكەم كە تەناقەزێـك هەیە لە نێـوانی ناسـاندنی رۆژی (٣-٨) وەكـو رۆژی جینۆسـایدی ئێزیـدی لەگەڵ قەرەبوو كردنەوەیان، بۆیە لەسەر ئەو روونكـردنەوانەی كە كـاك (سـۆران عمـر) دای پێویسـتە لە مـاددەی یەكەم رۆژەكە وەك جینۆسـاید بناسـێنین و دیـاری كردنـی رۆژەكە كە چـۆتە مـاددەی دووەم، ئەو فەقەرەی تایبەتە بە قەرەبوو كردنەوە و دابین كردنی مـاف و ئیمتیـازاتی قوربانیـان كە خراوەتە ئەستۆی دەستەڵاتە دەسـتوورییەكانی عێـراق، بەراسـتی پێویسـتە لیـژنەی یاسـایی روون كردنەوە بدەن ئایا ئەتوانین حكومەتی فیدراڵ ئیجبار بكەین بە قەرەبـوو كـردنەوە، ئەگەر بتوانین ئەوە بكەین پێویستە ئەو تێكەڵیە لە نێوانی ماددەی یەكەم هەم پێشنیازەكە بەو شێوازە ئەكەم، یەكەم، ئەو كۆشـتار و كۆمەڵكـوژەییەی جینۆسـاید دەرهەق بە ئێزیـدیەكان لە نـاوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لەلایەن رێكخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسـلامی لە عێراق و شام ناسراو بە داعش ئەنجام درا خەسڵەتی تاوانەكـانی جینۆسـاید و تاوانەكـانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەكانی جەنگ لە خۆ ئەگرن كە تاوانی نێودەوڵەتی، فەقەد لێرە بوەستێ، وەكـو باسم كرد مەسەلەی قەرەبوو كردنەوە بكرێتە پرۆژە یاسایەكی تر، ئەگەر نەمانتوانی ئەوە بكەین پێویستە لە ماددەی سێیەم كە ئەڵێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیداركان حوكمەكـانی ئەو بریارە جێ بەجێ بكەن، لە ژێر رۆشنایی روون كردنەوەی لیژنەی یاسایی ئەبێ ماددەكە وای لـێ بكـرێ كە ئەنجـوومەنی وەزیـران و لایەنە پەیوەندیـدارەكان بە هەمـاهەنگی دەسـتەڵاتە دەستوورییەكانی عێراقی حوكمەكانی ئەو بریارە جێ بەجێ بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەرێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان زۆر سـوپاس دەقەكە بەم شـێوەیە پەسـەند كـرا، بە دەنگـی (٦٧) پەرلەمانتار، كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بریارێـك نـاكرێ كە لەگەڵ حوكمەكـانی ئەم بریـارە ناكۆك بن، فەرموو بەرێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی.

سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئایا لە ناو هۆیەكانی دەرچواندن وەك خۆی وشەی بە ناوی تێدابووە؟ یا خۆتان بۆتان ئیزافە كردوە؟

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ لە ئەسڵەكەدا نەبووە بە ناوی دەوڵەتی ئیسلامی. ......

**بەرێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ببوورن با بۆخۆی قسە بكا بەڵێ سەرۆكی لیژنەی یاسایی فەرموون وشەی بەناو هەبوو یا بۆخۆتان زیادتان كردووە ؟

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا ئێمە لیژنەی یاسایی و لیژنەی شەهیدان و جینۆ سایدو زیندانیانی سیاسی ئیزافەمان كرد وەكو پێشتر ئاماژەمان پێداوە، بەڵام لە ئەسڵەكەیدا نیـیە كە ئێمە ئیزافەمان كردووە دەبوایە بخرایە دەنگدان.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە مامەڵە لەگەڵ دەقەكە وەك خۆی دەكەین، بەڵێ بەرێز د.رێبوار.

**بەرێز د.رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو دارشتەی پەیوەست بە هۆیەكانی دەرچوواندن لە دارشتەی ئەسڵدا وشەی بەناوی تیا نییە، بەڵكو وشەی ناسراو بە داعشی تێدایە، بۆیە تكا ئەكەم كە وەك خۆی ناوەكە رەش بكرێتەوە بكرێ بە ناسراو.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وشەی ناسراو لە وەك خۆی هەبوو؟ یان نەبوو؟ كەواتە بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە بە یەك پێوەر مامەڵە لەگەڵ هەموو دەقەكان دەكەین، ئەگەر وەك خۆی لە هەر شوێنێكی ئەم پرۆژە پێشنیازە بڕیارە وشەی ناسراوی تێدابووبێ دەنگیشمان لە سەر دابێ وەك خۆی دەبێ تێی كرێتەوە و ئەوە هەڵەیەكە بەسەر لیژنەی یاسایدا تێپەریووە، كەواتە ناسراو بۆ هۆیەكانی دەرچواندنیش زیاد بكەن، بەڵێ بەرێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی ئێستا هۆیەكانی دەرچوواندنمان بۆ بخوێنەوەو وەك خۆی بە بێ هیج دەست كارییەك.

**بەرێز بژار خالد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچوواندن:

بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری و دابین كردنی ماف و ئیمتیازات و قەرەبوو كردنەوەو كەمكردنەوەی ئاسەوارەكانی تاوانەكانی كۆمەڵكوژی جینۆسایدی ئێزیدییەكان كە لەلایەن رێكخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق ناسراو بە داعش ئەنجامدراوە و بەمەبەستی زیندوو راگرتن و رێزلێنان لە قوربانییەكانی ئەم بڕیارە دەر چووێندرا.

**بەرێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر كەسێك لەگەڵ ناوەرۆكی، پەیوەندی بەو دەقەوە هەیە؟ بەڵێ فەرموو .

**بەرێز کاظم فاروق نامق:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
نە لە خوێندنەوەی دووەما ئەوەی کە لە بەر دەستماندایە نە لەوەی ئێستایە هیجیان نە نوسراوە دەوڵەتـی ئیسلامی هەردووکیـان نوسـراوە دوڵەتـی ئیسـلام ئەگەر بگەڕێینـەوە بـۆ دەسـتەواژە عەرەبیەکە ئەڵێ (الدوله اسلامیه العراق و الشام )
**بەرێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
دەولەتی ئیسلامی دەکرێت ئەوە هەڵەیەکی ئیملائییە دەکرێتە دەوڵەتی ئیسلامی و ناسراویشـی تێدا دەبێت. فەرموو کاك ئومێد.
**بەرێز ئومید عبدالرحمن حسن:**
**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**
زۆر داوای لێبـوردن دەکەم ئەگەر نـوقتەی نیزامـی نەبێـتن، بەڵام روونکـردنەوەیەك هەم بـۆ رای گشتی هەم بۆ بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان.
**بەرێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
دوای ئەوەی کە یاساکە پەسـەند دەکەیـن دەرفەتـت دەدەمـێ روونکـردنەوەیەك بـۆ رای گشـتی بڵێـی. بەرێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان هەر کەس لەگەل نـاوەرۆکی هۆیەکـانی دەرچووانـدنە بەوجۆرەی کە بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندییەوە فەرموو با دەست بەرز بکاتەوە؟.
بەرێزان ئەندامانی پەرلەمـان هۆیەکـانی دەرچوانـدن پێشـنیاری دووەم وەردەگیـرێ بە دەنگـی (٤٧) ئەندامی پەرلەمان.
بەرێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان خاڵی یەکەم وشـەی ناسـراو ئیـزافە دەکرێتەوە و ئەگەر لادراوە، چـونکە ئەوە دەسـکاری کـردنێکە نە دەبـوو دەسـکاری بکـرێ، ئێسـتا بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان کۆی پێشـنیازی بریـاری دیـاری کردنـی رۆژی (٣-٨-٢٠١٤) وەك رۆژی کۆمەڵکوژی ئێزیدییەکان دەخەینە دەنگدان هەر کەس لەگەڵە با دەستی خۆی بەرز بکاتەوە؟.
زۆر سـوپاس بەرێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان بە کـۆی دەنـگ پێشـنیازە بریـارەکە پەسـەند کـرا، هەرجەنـدە رۆژەکە رۆژێکـی خەمنـاکە، بەڵام پیرۆزبـایی لە خۆمـان و گەلـی ئێزیـدی دەکەیـن بەبـۆنەی پەسـەندکردنی ئەم پێشـنیازە بریـارە زۆر سـوپاس، بە کـۆی دەنـگ (٨٧) دەنـگ بەڵـێ کۆبونەوەکەمان هەڵدەگرین، زۆر سوپاس.

| | | |
|---|---|---|
| **منی نبی قهوچی** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| سکرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆکی پەرلەمانی | سەرۆکی پەرلەمانی |
| کوردستان – عێراق | کوردستان – عێراق | کوردستان - عێراق |